# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧٢ ▪ یەکشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ _ ١٩ی ئاوریلی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



کۆرۆنا و نابەرپرسیارەتیی کۆماری ئیسلامی — ئارەزوو نستانی (٢)

تاوانبارانی سیاسی و سزای «شاربەدەر» کردن — زانیار حوسێنی (٥)

مۆتەکەی بێکاری لە وەیشوومەی کۆرۆنادا — شەونم هەمزەیی (٧)

نەتەوە و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی — شاهۆ مەتین (٩)


## ئێرانی پاش کۆرۆنا

# کارەسات بەڕێوەیە، یەک و دووش نین

◆ سەروتار

## بەتاڵایی ئەرکوەخۆگری لە حکوومەتی سەرکوتدا

**عەلی بداغی**

دەوڵەت بەرزترین نوێنگەی هێز و دەسەڵاتە لە هەر وڵاتێکدا. لە گشتیترین پێناسەدا «دەوڵەت پێکهاتەی هێزێکە کە لە چوارچێوەی جوغرافیایی دیاریکراودا بەسەر خاک و خەڵک و دانیشتووانەکەیدا دەسەڵاتی جێگیری هەیە و ئەرکەکەی پاراستنی ئەمنیەت و نەزمی کۆمەڵگە و بەرژەوەندیی خەڵک و هاووڵاتییانە لە مەترسییە دەرەکییەکان».

هاوتەریب لەگەڵ هێز و دەسەڵاتی دەوڵەت، لایەنێکی سەرەکیی بەرژەوەندیی خەڵکیش کە لەو پێناسە گشتییەدا هاتوە، بریتییە لە ئەرک و خزمەتەکانی دەوڵەت بە تایبەت لە بواری ئابووری، ژیان و بژیو و سلامەتیی خەڵکدا. ئەوە ئەرکی هەر دەوڵەتێکە بە مەبەستی داهاتی زیاتری نیشتمانی و وەبەرهێنانی نێوخۆیی بیر لە گەشەی ئابووریی وڵات بکاتەوە و خەمی لێ بخوا. هەروەها پلان بۆ سەقامگیریی ئابووری بە مەبەستی ڕاگرتنی نرخەکان و پێشگرتن بە هەڵاوسان دارێژێ و لە تەنیشت ئەوانەشدا بەرنامەی بەڕێوەجێی بۆ کارخولقێنی و نەهێشتنی بێکاری و بردنەسەرێی توانای کڕینی خەڵک هەبێ. لە کاتی قەیرانە سروشتی و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکانیشدا بەهۆی ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئیمکاناتی مادی و لۆجستیکیی کۆمەڵگە لە پاوانی دەوڵەتدایە، چاوەکان هەموو لەسەر ئەرکوەخۆگریی دەوڵەت کۆ دەبێتەوە.

ئێستا پرسیار ئەمەیە لە ئێران، دەوڵەت هەر لە چوارچێوەی هێز و دەسەڵاتێکدا پێناسە دەکرێ یان ئەرک و بەرپرسایەتییەکیش بۆ خۆی دادەنێ؟ ئەدی خەڵک (وەک هاووڵاتی لە بەرامبەر دەوڵەت) بەو مافانەی خۆیان دەزانن کە نەک هەر چاوەڕوانیی جێبەجێبوونیان لە دەوڵەت هەبێ، بەڵکوو دەسەڵات ناچار بە جێبەجێکردنیان بکەن؟ لێرەدا تایبەت، مەبەست مافەکانی خەڵک و ئەرکی دەوڵەت لە هەلومەرجێکی نەخوازراوی وەک بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنادایە.

لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامییدا سیاسەتەکانی حکوومەت نەک لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک، بەڵکوو تەنیا لەسەر تەوەری هێزمەندی و درێژکردنەوەی تەمەنی خۆیان بووە، ئەو ئامانجەش کە ناتەبا لەگەڵ نەزمی...


درێژە لە لاپەڕەی ٢




کارناسانی ئابووری دەڵێن کارەساتەکان لە ئێرانی پاش کۆرونا یەک و دوو نین، بە تایبەت کە هەناردەی نەوتی ئێران یەکجار زۆر لە کەمی داوە و نرخی نەوتیش بە شێوەی چاوەڕواننەکراو دابەزیوە. ئەم باسە لە مەجلیسی کۆماری ئیسلامییشدا جێی باس و مشتومڕ بووە.

چەند ئەندامێکی مەجلیس، کە نوێنەری شاری ڕەشت یەک لەوانە، دەڵێن ئێران لە قۆناغی پاش کۆرۆنادا بەرەوڕووی بێکاریی لەڕادەبەدەر دەبێتەوە و هەڵاوسانی ئابووری دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. "سندووقی نێودەوڵەتیی دراو"یش دەڵێ ئەو نیگەرانییە لەجێی خۆیدایە و ئابووریی ئێران سەتا ٦ چووکتر دەبێتەوە.

ئیمەن‌ئابادی، ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامە و بودجەی مەجلیس پێی لەوە ناوە کە ئێران وڵاتێکە ئابوورییەکەی لەوپەڕی لاوازیدایە و بێتوو دەوڵەت لە نێوان سلامەتیی گشتیی کۆمەڵگە و ئەم ئابوورییەدا هاوسەنگییەک دروست نەکا، کارەساتی گەورە ڕوو دەدەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی وەلایی لە مەجلیس بێئەوەی قامک لەسەر سیاسەتە چەوتەکانی حکوومەت کە سەرچاوەی قەیرانەکانن دابنێ، هاتوە ڕەخنەی لەو کەمە زیادکردنەی مز و حەقدەستی کرێکاران گرتوە و ئەمەی بە بڕیارێکی ئیحساسی و هەڵە داناوە کە ڕاوەستان و لەکارکەوتنی کارگە و یەکە بەرهەمهێنەرەکانی لێ دەکەوێتەوە!

## ئاشکرابوونی دزیی نیزیک ٥ میلیارد دۆلاری دیکە



سەرۆکی "دیوان محاسبات کشور" لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیسدا ڕایگەیاند لەو ٣١ میلیارد دۆلارەی لە ساڵی ١٣٩٧دا بە نرخی دەوڵەتیی ٤٢٠٠ تمەن درابوو بە هاوردەکاران، بڕی ٤ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن دۆلار لەو ئێعتبارە هیچ کاڵایەکی پێ هاوردە نەکراوە. عادڵ ئازەر بەئاشکرا ڕایگەیاند کە هەر بە ڕۆژی ڕوون ئەو (٧٥٠٠٠٠٠٠٠٠ تمەنە) بە ٧٢٠ کەس لە کەسانی نیزیک لە دەسەڵات دراوە و، دزراوە.

لەقاودرانی دزیی ٤ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن دۆلاریی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم ئەویش لە کاتی قەیرانی کۆرۆنا لە حاڵێکدایە کە لە ئێستادا بنەڕەتیترین کاڵای سلامەتی وەک ماسک، دەستەوانە، ئەلکول و کەرەستەی پاکوخاوێنی لە وڵاتدا قاتە. هەروەها ئەو بڕە پارەیە بە پێی حەشیمەتی ئێران (٨١ میلیون کەس) بە سەری خێزان هەر کەسە ٩٢٥ هەزار تمەنیان پێدەبڕێ، واتە نیزیک بەو بڕە پارەیەی کە دەوڵەت بە هەموو تەمای خۆیەوە دەیەوێ بە چەند میلیۆن بنەماڵەی دەسکورتی بدا، تازە ئەویش بە وەرگرتنەوەی قازانجی سەتا ١٢؛ وەک کاسبییەک کە ڕێژیم بە کۆرۆناوە دەیکا.

## ڕاست برۆن و وڵامدەری خەڵک بن



کۆمەڵێک لە پزشکە بەناوبانگەکانی ئێران لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا ڕایانگەیاندوە کە بەزاندنی کۆرۆنا پێویستیی بە ڕێکاری ئەقڵانی و کارناسانەیە، نەک دوگماتیزمی ئایینی.

لەو نامەیەدا کە ٧٠ پزشک ئیمزایان کردوە باس لە پێویستیی بەربەرەکانی لەگەڵ خوڕافە و پەرەپێدانی قسە و بۆچوونی ناڕاست و هەروەها، شەفافییەت و وڵامدەربوونی هەموو وەزارەتخانەکان و ستادی نیشتمانیی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کۆرۆنا کراوە.

ئەوان دەڵێن پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەری کۆمەڵایەتیی پشتئەستوور بە بنەمای زانستییان هەیە، بەڵام بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو بۆچوونی پسپۆڕانە و کارناسانە بۆ بۆچوونە دوگم و ئیدئۆلۆژیکییەکان کە هەمووی لە پێناو بەرژەوەندیی گرووپێک و کەمایەتییەکی دەسەڵاتدارە، وەلا نراوە.

پێش بڵاوبوونەوەی ئەم نامەیە، خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە پەیامی ڤیدیۆیی خۆی لەپێوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا گوتبووی کە نەیارانی ئێران لە ئینسان و جندۆکەوە دەستیان داوەتە دەستی یەک هەتا بەگژ کۆماری ئیسلامییدا بچن!

درێژەی سەروتار

# بەتاڵایی ئەرکوەخۆگری له حکوومەتی سەرکوتدا

... جیهانی و نەحاوانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە، وایکردوە کە لە کاتی سەرهەڵدانی بەڵایەکی وەک کۆرۆنادا حکوومەت کە پێشتریش چەندین ئەزموونی ناسەرکەوتووی لە مودیریەتی قەیرانە سروشتییەکانی وەک بوومەلەرزە و لافاوەکاندا هەبوو؛ نەیتوانیبێ لانیکەمی ئیمکاناتی پزشکی و دەرمانی بۆ پاراستنی گیانی خەڵک دەستەبەر کردبێ. هەروەها ئەم سیاسەتە چەوتە وایکردوە کە وڵاتی دەوڵەمەندی ئێران بە پاشخانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکان هێندە هەژار و ئاتاج ببێ کە ئێستا چاولەدەستی وڵاتانی دی و قەزرکردن لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو بێ.

وەک باس کرا مافی سڵامەتی، یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتی و دابینکردنی ئەو مافە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسییشە. بەڵام چونکی لە ئێران بەرژەوەندیی خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لە یەک خانەدا جێ ناگرن، بینیمان کە حکوومەت بە بەسیاسی کردنی کۆرۆنا و شێوەی بیرکردنەوەیان، یارمەتیی ڕێکخراوی پزشکانی بێسنوور و، هەروەها داوای یارمەتیی ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دیکەی ڕەت کردەوە؛ لە حاڵێکدا ئەو یارمەتییانە دەیانتوانی گیانی سەدان کەس لەوانەی بە هۆی ئەم نەخۆشییە گیانیان لەدەست داوە لە مردن ڕزگار بکا. یان لە کاتی وادا وڵاتانی دژبەر هەوڵ دەدەن ئاستی گرژی و ئاڵۆزیی پێوەندییەکانیان دابەزێنن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بەجێی قۆستنەوەی ئەم هەلە بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی، بە جموجۆڵی گوماناویی هێزەکانی سپای پاسداران لە نیزیک ناوگانی ئەمریکا لە ئاوەکانی کەنداو هەوڵی وروژاندنیان دەدەن!

ئێستا کە چەند مانگێک بەسەر بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا تێدەپەڕێ، پرسیارە کە دەوڵەتان چییان بۆ خەڵکی وڵاتەکانیان کردوە و ئێران چۆن لەو تاقیکارییە هاتۆتە دەری؟

وڵاتانی دەوڵەمەند کۆمەڵێک ڕێکاریان بۆ بەزاندنی کۆرۆنا گرتە بەر، وەک تەرخانکردنی دراو بۆ ڕێگری لە هەرەسهێنانی کەرتی وەبەرهێنان، کەمکردنەوەی بەهرە و قازانجی بانکەکان و یارمەتی دانی کاروکاسبییە بچووکەکان؛ هەروەها دەسگرتنی ئەو کەسانەی بە هۆی ئەو قەیرانەوە سەرچاوەی داهاتیان لەدەست داوە.

بۆ نموونە ئەمریکا وەک زلهێزترین وڵاتی دنیا دوو تریلیۆن دۆلاری بەبەر ئابووریی وڵاتدا کردوە و دووسەد میلیارد دۆلاریش پارەی نەغد بە پێی سەری خێزان دەخاتە حسێبی بانکیی خەڵکەوە. هەروەها بانکەکانیش بۆ ئەوەی کار و کاسبیی خەڵک ڕانەگیرێ، هەموو قازانجەکانیان لە پێدانی قەرز گەیاندۆتە ڕادەی سفر. دەوڵەتی ژاپۆن پرۆژەی پێدانی قەرزی بەبێ قازانجی بۆ ماوەی ساڵێک خستوەتە بەردەم خەڵک. بریتانیا ٤٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ پشتیوانی لە کار و پرۆژە بچووکە ئابوورییەکان تەرخان کردوە، لە تەنیشت ئەوەش بۆ سێ مانگ دانەوەی قەرزی بانکەکانی دوا خستوە و باج و پیتاکی لەسەر زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکان هەڵگرتوە. یەکیەتیی ئورووپاش ٢٠٠ میلیارد یۆرۆی وەک یارمەتیی بێبەرامبەر بۆ خەڵکی وڵاتانی ئەم کۆنسێپتە لە بەرچاو گرتوە. ئیتالیا کە زۆرترین خەساری ئینسانیی کۆرۆنای بەرکەوتوە و لە بارودۆخی قەرەنتینەی تەواودایە، ٤٥ میلیارد دۆلاری بۆ پشتیوانی لە فەرمانبەرانی حکوومەت و کۆمپانیا و کەرتی وەبەرهێنان تەرخان کردوە. هەروەها بڕە پارەیەکی زۆری بۆ بەشی بێهداشت و دەرمانی وڵاتەکەی تەرخان کردوە و وێڕای زیادکردنی یارمەتییەکانی قۆناغی بێکاری، هەموو باج وماڵیات و دانەوەی قەرزە بانکییەکانی ڕاگرتوە.

بەگشتی هەموو دەوڵەتان بە پێی توانا و زەرفییەتی خۆیان هەوڵیان داوە ئەو بارگرانییە لەسەر شانی خەڵک سووک بکەن و لەم قەیرانە خۆ قوتار بکەن، چ بە یارمەتیی کەرتی وەبەرهێنان، چ بە یارمەتیی نەغدیی ڕاستەوخۆی خەڵک، بەخشینی ماڵیات؛ یان هەڵگرتنی قەرز و قازانجی بانکی و ڕێگەی جۆراوجۆری دی. بەڵام لە ئێران هەتا ئێستا خەسار و زیانەکان نەک بەرەوڕووی دەوڵەت، بەڵکوو تەنیا لەسەر شانی خەڵک بووە. لە ئێران دەوڵەت نە تاقە تمەنێکی یارمەتیی کەرتی وەبەرهێنان کردوە، نە قازانجی بانکەکان کەمی کردوە، نە یارمەتیی نەغدیی خەڵک کراوە، نە باج و ماڵیات و دانەوەی قەرزەکان ڕاگیراوە، نە تەنانەت دانەوەی قەبزی برق و گاز و ئاوی هاووڵاتی دواخراوە. لە حاڵێکدا هەر بۆ نموونە جەک دۆرسی، خاوەنی کۆمپانیای تویتێر یەک میلیارد دۆلار (یەک لە چواری هەموو سەرمایەی خۆی)ی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا تەرخان دەکا و دەیداتە وڵاتان، خامنەیی نەک ئامادە نەبووە دەست بۆ تاقە تمەنێک لەو پتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلارەی لە خەڵکی ئێرانی بەتاڵان بردوە ببا، یان کەمێک سەری کیسەی بنیاتە ماڵییەکانی سەربە خۆی شل بکا کە بارن بەسەر شانی خەڵکەوە؛ تازە دوای ١١ ڕۆژ درەنگ خستن ئامادە بوو یەک میلیارد یۆرۆ لە "سندووقی پەرەپێدانی نیشتمانی" بدرێتە دەوڵەت کە ئەویش ڕوون نییە بەبیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ کۆرۆنا خەرجی چی دەکرێ؟

لە ئێران حکوومەت نەک هیچ هاوکارییەکی خەڵکی نەکردوە، بگرە کۆسپی لە بەردەم هەوڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کەمپەینەکانی بەهاناوە چوونی خەڵکی هەژاریش دروست کردوە. هاوکات گەندەڵییەکان درێژەیان بووە و چەند ڕۆژ پێش لە ئێستا بوو کە لەقاودرا بڕی ٤ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن دۆلار دراوی دەوڵەتی کە بۆ هاوردەی کاڵا و شمەک بە کەسانی حەقیقی و لایەنە حقووقییەکان درابوو، هیچ شتێکی پێ نەکڕدراوە و لەو بارودۆخەدا کە دەکرا دەردێک لە خەڵکی سووک بکا حەپەلووش کراوە! سەر باری ئەوەش کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش هەوڵ دەدا بیزنس بەو بارودۆخەوە بکا و بە بیانووی کۆرۆنا و کردنە قەڵغانی خەڵک گوشاری گەمارۆکان لەسەر خۆی لابدا و داوای ٥ میلیارد دۆلار قەرزیش لە سندووقی نێودەوڵەتیی دراو دەکا کە تا ئێستا بە هۆی بێمتمانەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێگرییەکانی ئەمریکاوە هەوڵەکانی بێئاکام بوون.

کۆرۆنا و لێکەوتەکانی ئەو ڕاستییەی دەرخستەوە کە پێکهاتەی دەسەڵات و بەڕێوەبەری لە ئێران پێویستیی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتییە، گۆڕانکارییەک لە لە قۆناغی دواکۆرۆنادا تەنیا بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتی سەرکوت دێتە دی.

# کۆرۆنا و نابەرپرسیارەتیی کۆماری ئیسلامی



ئارەزوو نستانی



بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە هۆی سەرهەڵدانی قەیران لە زۆربەی وڵاتاندا، بە جۆرێک کە لە ماوەی دوو مانگدا بەشی هەرەزۆری جوغرافیای زەویی گرتەوە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە دەوڵەتان ڕێوشوێنی جۆراوجۆریان گرتە بەر. لە دەوڵەتانی سۆسیالیست و سۆسیال-دێموکراتدا کە دەوڵەت بە سروشتی خۆی دەستێوەردان لە بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە مرۆییەکانی کۆمەڵگە وەک چالاکییە ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا دەکا، سیاسەتی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی نێوەرۆکی خودی سیستمەکەیە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لە دۆخە ئاسایی و نائاساییەکاندا نییە. لە لایەکی دیکەوە لە وڵاتانی لیبراڵدا کە دەوڵەت بە سروشتی خۆی تەنیا ڕۆڵی چاودێر بەسەر چالاکییە مرۆییەکاندا دەگێڕێ و هاووڵاتییان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک یاسا و پرەنسیپی گشتیی دەوڵەتدا خاوەن ئازادییەکی فراوانن، دەوڵەت ناچار بوو بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیستسنایی و دەستوەردان لە کاروباری هاووڵاتییان، ڕووبەڕووی قەیران ببێتەوە. هەڵسەنگاندنی ئاستی کارامەیی ئەو دوو مۆدێلە باو و کلاسیکە لە حوکمڕانی ئاسان نییە و بەراوردی داتاکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا ئولگوویەکی ڕوونمان بۆ دەرناخا. پرسیاری ئێمە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی چۆن بەرەنگاری کۆرۆنا بۆتەوە؟ ئایا دەوڵەت بەرپرسیارەتیی دابینکردن و پاراستنی تەندروستی و ئاسایش و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانی گرتۆتە ئەستۆ؟

سیستمی سیاسی لە ئێراندا لە دەرەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەو دوو جۆر سیستمە باوە سیاسییەیە کە ئاماژەمان پێدان. کۆماری ئیسلامی هەم دەوڵەتێکی دەستێوەردەرە و بەشێکی سەرەکیی چالاکییەکانی کۆمەڵگە ئاراستە دەکا و هەمیش بەستێنەکانی بازاڕێکی ئازادی ڕقابەتیی ڕەخساندوە، کە هەڵبەت تەنیا گرووپێکی دیاریکراو لە دەسەڵاتداران و دەوروبەریان ڕێساکانی ئەو بازاڕە دیاری دەکەن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانە دەوڵەتان بەرامبەر هاووڵاتییان ئەرک و بەرپرسیارەتییان دەکەوێتە سەرشان. هەرکات پرسێک حەوزەی گشتیی کۆمەڵگەی گرتەوە و بوو بە پرسی هەموو یان زۆربەی هاووڵاتییان، ئەوا دەوڵەت بەدەر لە جۆری سیستمی سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکەی ئەرکدار و بەرپرسیار دەبێ. ئەو بەرپرسیارەتییەش هەم لە ڕێگەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانەوە و هەم لە ڕێگەی یاسا نێوخۆییەکانەوە دەخرێتە سەرشانی دەوڵەت. چونکە لە بنەڕەتدا دەوڵەت بۆ ئەوە دروست بووە تا هاووڵاتییان بتوانن پرسە هاوبەشەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دامەزراوەیی ئیدارە بکەن تا بتوانێ وڵامی داخوازییە گشتییەکان بداتەوە و گرفتە کۆمەڵێییەکان چارەسەر بکەن.

قەیرانی کۆرۆنا لە زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهان، بۆتە قەیرانێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی. ئەوەی لەم نێوەدا گرینگە بۆ پەڕینەوە لەو قەیرانە، متمانەی هاووڵاتییە بە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتەوە. ئەگەر متمانە لە نێوان هاووڵاتییان و دەوڵەتدا بەهێز بێ، ئەوا دوورەدیمەنی تێپەڕین لە قەیران و ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە دەبێتە بڕوا بە داهاتوو و هەنگاو بۆ چارەسەری. بە پێچەوانەوە لە نەبوونی متمانەدا، ئاڵۆزبوونی قەیران و سەرلێشێواویی لێدەکەوێتەوە. بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانین کە مافی بەهرەمەندبوون لە بێهداشت و تەندروستیی گشتی یەکێکە لە مافە سەرەتایی و زۆر گرینگەکانی مرۆڤ. لە بەر ئەوەی حاشاهەڵنەگرە کە گەشە و بەرەوپێشچوون لە تەواوی لایەنەکانی ژیان وەک پرسە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی مرۆڤایەتی بەستراوەییەکی بەهێزی بە دابینبوونی بێهداشت و تەندروستیی مرۆڤەوە هەیە، واتە تا مرۆڤ تەندروست نەبێ ناتوانێ گەشە بکا. بە جۆرێک کە لە پرەنسیپ و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە ڕادەیەک گرینگی بەو بابەتانە دراوە کە زۆر جار ستانداردە جیهانییەکان بەسەر سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەتان بۆ ڕێکخستنی دەرمان و خواردەمەنییدا حوکم دەکەن و مافی سەروەریی دەوڵەتان لەو بارەیەوە سنووردار کراوە.

ژمارەیەکی زۆر کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی بە ڕوونی ئاماژەیان بە مافی تەندروستیی مرۆڤەکان و ئەرکی دەوڵەت لە هەمبەر پاراستنی تەندروستی داوە. لە مادەی ٢٥ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، مافی تەندروستی و پێڕاگەیشتنی پزشکی بۆ هەموو مرۆڤەکان بە پێویست دانراوە. هەروەها لە بەشێک لە مادەی ١٢ی ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، پێشگیری و چارەسەری نەخۆشییە گوازراوەکان و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەخۆشییانە بە ئەرکی سەرەکیی هەموو دەوڵەتان دانراوە.

گرینگترین هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا بریتین لە شەفافیەت لە ئاستی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی و هەروەها دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتییان لەو ماوەیەدا کە چالاکییە ئابوورییەکان پەکیان دەکەوێ.

کاتێک لە هەنگاوەکانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ قەیرانی کۆرۆنا دەڕوانین، دەبینین دامودەزگاکانی دەوڵەت لە سەرەتاوە بوونی نەخۆشیی کۆرۆنایان لە ئێراندا ڕەت کردەوە و لە جیاتی گرتنەبەری سیاسەتی وشیارکردنەوەی تەندروستی و دابڕانی کۆمەڵایەتی لەو شوێنانەی نەخۆشییەکەی تێدا بڵاو بووەوە، بیریان لە ڕاکێشانی زیاتری خەڵک بۆ ڕێپێوانەکانی ٢٢ی ڕێبەندان و هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دەکردەوە. لە ڕاستییدا ئاراستەی سیاسەتەکانی دەوڵەت لە جیاتی پاراستنی تەندروستی و ئەمنیەتی گیانیی هاووڵاتییان، پاراستنی حوکمڕانیی تاقمی دەسەڵاتدار بوو. ئەوەش ڕێک پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییانە بوو کە لە بەڵگەنامە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆنڤانسیۆنی جۆراوجۆری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون کە بەشێکیان هێزی پێبەندکەریان هەیە و ئەگەر دەوڵەتان لێی لا بدەن، تووشی بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتی دەبنەوە. لە لایەکی دیکەوە یاسا نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییش بە دەقی ڕوون مافی دەسڕاگەیشتنی هاووڵاتییان بە زانیاریی دروست بە ئەرکی دەوڵەت دادەنێن. بەشێوەیەک کە دەوڵەت ئەرکە لەسەری هاووڵاتییان لە هەموو زانیارییەکی ڕاست و دروست ئاگادار بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر زانیارییەکان پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی سیاسیی وڵات بێ.

لە پرسی کۆرۆنادا بە پێی سیاسەتی تەندروستی و زانستیی باو لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، قەرەنتینەی ئەو ناوەندانەی پەتاکەیان تێدا بڵاو دەبێتەوە لە ئەولەوییەتەکانی دەوڵەت بە ئەژمار دێن کە بە پێی بنەما زانستییە پزشکییەکان پێویستە وەک هەنگاوێک بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە بگیرێنە بەر. لە کاتێکدا بەرژەوەندییە ئیدئۆلۆژی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران ڕێگر بوو لە قەرەنتینەی شارەکان. ڕەچاو کردنی جۆرێک لە سیاسەتی جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە لایەن دەوڵەتەوە کە بە کردەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێرانی لەگەڵ گرفتی بێکاری و نەبوونی بەرەوڕوو کردەوە، قەیرانێکی دیکەی لێکەوتۆتەوە کە ئەویش پەرەگرتنی نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا خۆیان لە بەرپرسیارەتیی دابینکردنی گوزەرانی هاووڵاتییان دزیوەتەوە.

خامنەیی لە قسەکانی ڕۆژی ٩ی ئاوریل بە بۆنەی لەدایکبوونی ئیمامی زەمان لە چەندین بڕگەدا داوای لە خەڵک کرد تا یارمەتیی هەژاران بدەن، لە کاتێکدا هیچ ئاماژەیەکی بە ئەرک و بەرپرسیارەتیی دەوڵەت لەو دۆخەدا نەکرد. لە قسەکانی ناوبراو وا دەردەکەوت کە دەوڵەتێک لە ئێران بوونی نییە و دەبێ خەڵک خۆی بەرپرسیارەتیی تێپەڕبوون لەو قەیرانە بگرێتە ئەستۆ. ئەو سیاسەتە بە کردەوە خەریکە پەیڕەو دەکرێ و تەنانەت قەیرانی کۆرۆنا وەک کەرەسەیەک لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە کەلکی لێوەردەگیرێ بۆ کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تایبەتی وەک فشارهێنان بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ئابلۆقە ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران بشکێنن و بە وتەی خۆیان ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا بشکێنن.

> **قەیرانی کۆرۆنا زیاتر لە پێشوو پرسی مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامیی بۆ هاووڵاتییانی ئێران خستەوە ڕۆژەڤ. کاتێک هاووڵاتییان هیوایان بە دەوڵەت نامێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری لە کۆمەڵگەدا جێگەی سیاسەتگوزاریی دەوڵەت دەگرێتەوە، کاتێک دەوڵەت ئەرکەکانی خۆی بە پێی پرەنسیپە دانپیانراوەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا جێبەجێ ناکا، هەموو پایەکانی مەشرووعیەتی دەوڵەت دەڕووخێن.**

بە شێوەیەکی گشتی قەیرانی کۆرۆنا زیاتر لە پێشوو پرسی مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هاووڵاتییانی ئێران خستەوە ڕۆژەڤ. کاتێک هاووڵاتییان هیوایان بە دەوڵەت نامێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان و جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری لە کۆمەڵگەدا جێگەی سیاسەتگوزاریی دەوڵەت دەگرێتەوە، کاتێک دەوڵەت ئەرکەکانی خۆی بە پێی پرەنسیپە دانپیانراوەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا جێبەجێ ناکا، هەموو پایەکانی مەشرووعیەتی دەوڵەت دەڕووخێن.

کوردستان
ژمارە: ٧٧٢
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ _ ١٩ی ئاوریلی ٢٠٢٠



عومەر باڵەکی

# زیندانی و مافەکانی لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا




ماوەی نزیک بە چوار مانگە ڤیرووسی کۆرۆنا سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان بێجگە لە مردنەکان لەو سۆنگەیەوە، کاریگەریی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی سەر گۆی زەوی داناوە و دەوڵەتەکان هەر کامیان بە پێی توانای زانستی پزشکی و ئابووری و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە خەریکی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڤیرووسەن. کاریگەریی ئەو ڤیرووسە بە چەشنێکی خێرا خۆی دەرخستوە و بڵاو بۆتەوە کە وڵاتانی زلهێزی ئابووری و نیزامیی جیهانیش لە چارەسەری خێرایدا هەتا ئێستا دەستەوەستانن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەوڵەتانی دێموکراتیک خۆیان لە ئاستی بەرپرسیارەتییدا بدزنەوە و لە فکری کۆمەڵگەی خۆیاندا نەبن و لە هەوڵی ئەوەدا نەبن کە ڕێگاکانی پێشگیری و بەربەرەکانی دەستنیشان نەکەن. لەو بێنەوبەرەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا هێندێک شوێن لە هێندێک شوێنی دیکە مەترسیی زیاتریان لەسەرە ئەگەر ئەو ڤیرووسەیان لێ بڵاو بێتەوە، جا ئەو شوێنە لە ئەمریکا بێ یا لە ئێران هیچ جیاوازیی نییە. ئەوەی جیاوازی دروست دەکا شێوەی تێڕوانینی بەرپرسانی حاکمییەت و دەوڵەتەکانە کە لەو شوێنانە چۆن دەڕواننە مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ؛ زیندانەکان یەک لەو شوێنانەن.

لە ڕوانگەی زانایانی قانوونەوە زیندانی کردنی تاوانبار یەکێک لە قورسترین و دژوارترین سزاکانە کە بەسەر کەسی تاوانباردا دەسەپێ. چونکە ئەو سزایە لە ڕاستییدا ئەسڵی ئازادی لە کەسەکە دەستێنێتەوە و لە هەمان کاتدا کاریگەریی ڕاستەوخۆشی دەبێ لەسەر بنەماڵەکەی چ لە بواری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان لەڕووی ئابوورییەوە. بۆیە هەموو دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە لە بواری داڕشتنی قانوونەوە گرینگی بەو بابەتە بدەن و تەنانەت لە بواری نێودەوڵەتییشەوە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای پەسەندکراو هەن. نیزامی کۆماری ئیسلامیش بەدەر نییە لەو یاسایە و بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک قانوون و ئاییننامەی لەبارەی زیندان، زیندانی و بەندیخانەکاندا پەسند کردوە، بەڵام لە هەمووی ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا نەک کار بەو قانوونانە نەکراوە کە پەسەندکراوی خۆیانە، بەڵکوو بە قانوونی نەنوسراوەش هەموو مافەکانی زیندانی پێشێل دەکەن.

مافی زیندانی لە دوو لایەنی مادی و مەعنەوییەوە دەبێ سەرنجی بدرێتێ. لایەنی مادی پێوەندیی بە ژیانی کەسی زیندانییەوە هەیە وەک دەستڕاگەیشتن بە خواردن و خواردنەوەی سلامەت، هەبوونی جێوڕێی گونجاو بە ڕەچاوکردنی پاکوخاوێنی، دەستڕاگەیشتنی بە خزمەتە پزشکی و دەرمانییەکان؛ بەم جۆرەی کە زیندانی لە ماوەی کێشانی سزاکەیدا سلامەتی و لەشساغیی لە زیندان پارێزراو بێ. لایەنی مەعنەویی زیندانییش کە پێویستە لەگەڵ پێوانە نێودەوڵەتییەکان بگونجێ، بریتییە لە دەستڕاگەیشتنی زیندانی بە بنەماڵەکەی و ڕاگرتنی پێوەندییەکانی لە ڕێگەی تەلەفوون، چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، ناردنی نامە و نووسراوە و هتد.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا بە هۆی سیاسەتی هەڵەی ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیی حکوومەت و توندوتیژیی دەزگا و ئیدارەکانی ئەو نیزامە ڕادەی زیندانی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر زیادی کردوە و لە هەمان کاتدا کە زیندانی زیادی کردوە بەو ڕادەیەش مافەکانی زیندانی لە لایەن کاربەدەستانی زیندانەوە پێشێل کراوە و لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی بێبەشیان کردوون. بە کورتی دەتوانین بڵێین لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا زیندانی بە چاوی مرۆڤ سەیر ناکرێ، هەربۆیە شتێک بە ناوی دادپەروەری لە نێوەرۆکی ئەو نیزامەدا نییە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو نیزامە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ نییە و لە ڕوانگەی ئەو نیزامەوە مرۆڤی باش ئەو کەسەیە کە ملکەچی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بێ.

"تۆلستۆی" نووسەری ڕووس دەڵێ: "ئەگەر دەتانهەوێ بزانن لە وڵاتێکدا دادپەروەری هەیە یان نا، سەردانی زیندانەکانی بکەن." ئەگەر ئەو قسەیە وەک پێوانەیەک دابنێین بۆ دادپەروەریی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ ئەو نیزامە نەک دادپەروەر نییە بەڵکوو دوژمنی هەموو ئەو کەس و لایەنانەشە کە باس لە دادپەروەری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن. با چەند مادە لە قانوونەکانی نێونەتەوەیی و هەروەها قانوونی سازمانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی وەک نموونە بە فاکت بێنینەوە.

مادەی ١٠ی بەندی یەک لە میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان بەم جۆرە باس لە پاراستنی حورمەتی ئینسانی زیندانی دەکا: "هەموو ئەو کەسانەی بە هۆی زیندانیبوون لە ئازادی بێبەش کراون، دەبێ بە ئینسانیەت و ڕاگرتنی حورمەتی ئینسانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ".

مادەی ١٠ و١١ی کۆنڤانسیۆنی حقووقی زیندانی لەسەر شوێنی زیندانی و ئیمکاناتی ئەو شوێنە بەم جۆرە باس دەکا: "تەواوی ژوورەکان و شوێنی زیندانی بە تایبەتی شوێنی نووستن دەبێ ڕووناکیی پێویست و هەموو کەرەسەکانی تەندروستی و دەرمانی بە لە بەرچاو گرتنی کەشوهەوای ناوچەکە و، ئیمکاناتی ئاڵوگۆڕکردنی هەوا و؛ ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی بە پێی وەرزەکانی ساڵ هەبێ." هەروەها "شوێنی مانەوەی زیندانی پێویستە نووری سروشتیی هەبێ و هەوای تازەی پێ‌بگا. بەندیخانەکان دەبێ بەشی لەشساغی و دەرمانی و خۆشوشتنی بەندییەکان بە ئاوی گەرم و ساردی هەبێ هەروەها شوێنی مانەوەی بەندییەکان بە شێوەی بەردەوام پاکوخاوێن ڕابگیرێ و بە دژە ڤیرووس بپرژێندرێ".

ئەوانە چەند نموونەیەک بوون لە قانوونە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی پاراستنی مافی زیندانی لە بواری سلامەتی و پاراستنیاندا. ئێستا باس لە چەند نموونەیەک لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەین کە باس لە مافی زیندانی دەکا و لە دواییدا بە کورتی ڕوونی دەکەینەوە کە بەداخەوە ئەو قانوونانە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەسەر کاغەزن و کردەوەکان جۆرێکی تر و پێچەوانەن.

مادەکانی ٧٠ هەتا ١٢١ـی ئاییننامەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تایبەت کراوە بە کاروباری نێوخۆی زیندانەکان وەک بەرنامەڕێژیی ڕۆژانە، دەرمان، خواردن و لەشساغیی زیندانییان. مادەکانی ١٠٢، ١٠٣، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٥ ئاییننامەی ئیجرایی سازمانی زیندانەکان بەرپرسانی زیندان ئەرکدار دەکا کە بۆ سلامەتی و لەشساغیی زیندانییان کەرەسە و فەزای پێویست دابین بکەن و لە کاتی پێویستدا زیندانیی نەخۆش چ لە نێو زیندان یان لە دەرەوەی زیندان دەستی بە دوکتور و دەرمان ڕابگا و چارەسەری پێویست وەربگرێ. کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران وەک نیزامێکی سیاسی کە ئەندامە لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ پێبەند بێ بە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نەزمی جیهانی بۆ ئاشتی، کەچی زیاتر لە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە بەرچاوی هەموو کۆمەڵگەی جیهانی یاساشکێنی دەکا و لە هەمان کاتدا کە ڕێز لە قانوونە نێونەتەوەییەکان ناگرێ، ڕێز لەو قانوونانەش ناگرێ کە قانووندارێژەرانی خۆی دایانڕشتوە و بە پەسەندی ناوەندەکانی دەسەڵات گەیشتوە. دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو ڕووداوانەی لە زیندانەکانی ئێران ڕوو دەدەن سەرچاوە گرتوو لەو ڕەفتارە نابەرپرسانەیە کە بەرپرسان و کاربەدەستانی زیندان دەرحەق بە زیندانی دەیکەن کە لەگەڵ نێوەرۆکی هیچ کام لەو یاسا و ڕێسایانە یەک ناگرێتەوە کە ئاماژەیان پێ‌کرا.

کاتێک هەواڵی بڵاو بوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا لە ئێران گەیشتە نێو زیندانەکانی ئەو وڵاتە، ترسێکی گەورە لە نێو زیندانییەکاندا بڵاو بووە و بوو بە هۆی ناڕەزایەتی و نیمچە ڕاپەڕینێک و لە هێندێک لە زیندانەکاندا کۆمەڵێک زیندانی توانیان ڕابکەن و چەند کەسێکی تریش بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی نێو زیندان گیانیان لەدەست دا. لەو بارودۆخەدا ئەو ترسە گەیشتە نێو بنەماڵەی ئەو زیندانییانە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هاتە سەر خەت و داواکار بوو لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە بە بڕیارێک زیندانییەکان لە زیندان ئازاد بکەن بۆ ئەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا زەفەریان پێ نەبا و تووشی نەخۆشیی ناعیلاج نەبن. ئەو ترس و نیگەرانییە زۆرە سەرچاوە گرتوو لە دوو بابەت بوو، یەکەم نەبوونی ئیمکاناتی پێویستی دەرمانی لە زیندانەکان و، دووهەم ڕێژەی زۆری زیندانییان، کە هەر دوو ئەو بابەتانە زەمینە خۆشکەرن بۆ بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرونا و هەر نەخۆشییەکی دیکە. زۆربەی دوکتورەکان و زانایانی بواری تەندروستی لەسەر ئەو بابەتە پێکەوە هاوڕان کە ڤیرووسی کۆرۆنا لە شوێنی داخراو و پڕ حەشیمەت زووتر و خێراتر لە شوێنەکانی دیکە بڵاو دەبێتەوە و ئەوە مەترسیی تووشبوونی زیندانییەکان بەو نەخۆشییە زیاتر دەکا. نیگەرانیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەموو ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە بەرپرسانی زیندان گرینگی بە پاکوخاوێنی و بابەتە تەندروستییەکان لە زیندانەکاندا نادەن و لەو بارودۆخەشدا بەندیخانەکان پێداویستیی وەک دەمامک و دەستەوانە و سابوون و کەرەسەی خاوێنکردنەوەیان هەر نییە. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەروەکی پێشتر گوترا نەک بایەخ بە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی و خۆیان نادەن بەڵکوو هەموو هەوڵیان ئەوەیە بە خولقاندنی ترس و پڕ کردنی زیندانەکان تەمەنی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان درێژ بکەنەوە و ئەوەی لایان گرینگ نییە گیانی ئینسانەکان و فەلسەفەی زیندانە.

سروشتییە نیزامێک کە هەڵقوڵاو لە ناخی کۆمەڵگە بێ خۆی لە بەرابەر تاک تاکی ئەو کۆمەڵگەیەدا بە بەرپرسیار دەزانێ و پێش ئەوەی بیر لە پڕ کردنەوەی زیندانەکان بکا، لە هەوڵی ئەوەدا دەبێ سەرچاوەی تاوانەکان بدۆزێتەوە و زیندان تەنیا بە چاوی شوێنی دووبارە بونیادنانەوەی ئەو مرۆڤەی کە تاوانی کردوە چاو لێ دەکا. بەداخەوە بە هۆی داخراویی نیزامی کۆماری ئیسلامی ناکرێ زانیاریی تەواو و دروست لە هەلومەرجی زیندانەکان وەدەست بێ، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی تاڵە ئەگەر نەخۆشیی کۆرۆنا ڕووی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کردبێ، لەبەر نەبوونی ئیمکانات و پێڕانەگەیشتن بە سلامەتیی زیندانی، زیندانەکان لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر تەلەفاتی ئینسانییان بووە.

## ڕوونکردنەوە لەسەر بابەتی ڕادەستکردنەوە و ئێعدامکردنی مستەفا سەلیمیدا




وەک هەموو ئاگادارن مستەفا سەلیمی، کە پێشتر بە تۆمەتی چالاکی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو، بەرەبەیانیی ڕۆژی شەممە، ٢٣یی خاکەلێوە و دوای ١٧ ساڵ مانەوە و بەندکران لە زیندان ئێعدام کرا.

مستەفا سەلیمی ڕۆژی ٨ـی خاکەلێوە دوای بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنا و پاش ئەوەی داوای چوونە مەرەخەسی‌یان لە لایەن بەرپرسانی زیندانی سەقزەوە بێ‌وەڵام مابۆوە، وێڕای دەیان بەندکراوی دیکە لە دەرفەتێکدا لە زیندان ڕایان کردبوو.

دوای ئەم ڕووداوە بەشێک لەم بەندکراوانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە گیرانەوە، یان ڕادەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کرانەوە کە مستەفا سەلیمی یەک لەوان بووە و دوای ئەوەی خۆی گەیاندۆتە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، وەک دەگوترێ و باس دەکرێ ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کراوەتەوە.

**لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا:**

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەستکردن و ئێعدامکردنی ئەم زیندانییە سیاسییە مەحکووم دەکا و بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی لێژنەی بەدواداچوون و دەرخستنی ڕاستییەکانی ئەم ڕووداوە بە بڕیارێکی قانوونی و بەرپرسانە دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هیواداره بەدواداچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاری ئەم لێژنە تایبەتییە بە زووترین کات بە ئاکام بگا و دەرەنجامەکەی ڕابگەیەندرێ و؛ هەمووان لە ڕاستییەکانی ئەم ڕووداوە ئاگادار بکرێنەوە.

بێ‌گومان ئەم ڕووداوە و لێکەوتەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو نابێ لەبیرمان بباتەوە کە هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕووداوە و، تاوانباری پلەی یەکەم کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە هەموو دەرفەتێک بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد کەلک وەردەگرێ. ڕێژیمێک کە هیچ شەرعییەتێکی لای خەڵکی کوردستان نییە و ئەمە هەموو بڕیارەکانی دەزگای قەزایی ئەم ڕێژیمەش دەگرێتەوە؛ بۆیە داوا لە هەموو لایەک دەکەین پەرۆشی تەبایی نێوماڵی کورد و یەکیەتیی ڕیزەکانی نەتەوەییمان بن. هاوکات جارێکی دیکەش وێڕای دەستخۆشی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێکهێنانی لێژنەی دەرخستنی ڕاستییەکان، چاوەڕوانین پرسیار و نیگەرانییەکانی بەجێی خەڵک لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا بێ‌وەڵام نەهێڵێتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٩**

## کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

بەیانیی ڕۆژی ٢٧ی خاکەلێوە حەڤدەیەمین کۆبوونەوەی ئاسایی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی هەیئەتەکان لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە پێک هات.

لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەند، بەڕێز "محمد نظیف قادری"، ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی ناوەندی پێشکەش بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کرد و دوای تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکە وێڕای ماندوونەبوونی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دەستخۆشی لە ڕاپەڕاندنی کارەکان و پێکهێنانی هەماهەنگی لە نێوان لایەنەکاندا، ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەدا باس لە بەرنامەکانی داهاتووی ناوەند کرا و بڕیار درا لایەنی بەرپرسی دەورەیی نوێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بە پێی سروشتی هەرکام لەو بابەتانەی کە لە بەرنامەی نێوخۆیی ناوەندا جەختیان لەسەر کراوە ڕاوێژ لەگەڵ هەیئەتەکانی ناوەند و لە چوارچێوەی پرەنسیپە گشتییەکانی ناوەنددا ڕاپەڕێنن.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا پرسی لە سێدارەدانی مستەفا سەلیمی خرایە بەر باس.

دوای تاوتوێکردنی زانیارییەکان وێڕای مەحکووم کردنی ئێعدامی مستەفا سەلیمی و ڕسواکردنی ئەو تاوانەی ڕێژیمی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەموو تاوانەکانی دیکەی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی مستەفا سەلیمی، ناوەند پێداگریی کرد لە سەر ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتە لە لایەن لێژنەی لێکۆڵینەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی ئەو ڕووداوە و ڕاگەیاندنی ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە بۆ ڕای گشتی و گەلی کورد.

# سپاس و پێزانینی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

**خەڵکی تێکۆشەر و چەوساوەی کوردستان!**
**چالاکانی سیاسی، ڕێکخراوە مەدەنی و سێنفیەکان، خێرخوازان و پێرسۆنێلی دەرمانی و پزشکیی نەخۆشخانەکانی کوردستان!**

هەروا کە هەموو لایەک ئاگادارن لەبەر نەبوونی سیستمێکی باشی دەرمانی و پزشکی و، هەروەها ناکارامەیی بەرپرسانی حکوومەت لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا، ڤیرووسی کۆرۆنا هەموو سنوورەکانی وڵاتی تەنیوە و لەبەر شاردنەوەی بەئانقەستی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بەشێک لە خەڵک تووشی کۆرۆنا بوونە و مەترسیی جیدییان لە سەرە.

جیاوازی و مەودای مانداری نێوان ئاماری ٢.٨%ی نێونجیی جیهانی لە گەڵ ٦.١%ی خەسارەکان لە ئێران، نیشانەی خراپیی دۆخی خزمەتگوزارییە دەرمانی و پزشکییەکانە. لە حکوومەتی تۆتالیتێر و نامەشرووعی کۆماری ئیسلامی کە لەوەها دۆخێکدا توانای پاراستنی خەڵکی لە بەرامبەر ئەم پەتایەدا نییە، کەچی لە هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بەردەوامە.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی تێکۆشەر و لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان زۆر بە باشی هەستیان بە مەترسییەکە کردوە و بەجۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری دەستیان داوەتە قەرەنتینەی شار و گوندەکانی نیشتمان و بە دابینکردنی کەرەسەی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان لە لایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو و خێرخوازەوە، کۆمەڵێک کاری باش و ئەرکی بەجێیان بۆ ڕزگارکردنی گیانی خەڵک بەڕێوە بردوە.

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا متمانەی خەڵک بە ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پشتکردنیان لە ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێژیم بە باشی هەست پێدەکرێ و ئەوە بە ئاشکرا لە کەمپەینەکانی یارمەتیدانی لێقەوماوانی ڕووداوەکانی بۆمەلەرزەی کرماشان و لافاوەکەی لوڕستان و بۆمەلەرزەکەی قوتوور و چەندین نموونەی دیکەدا ڕەنگی دایەوە و بە متمانەکردن بە ڕۆڵەکانی خۆیان حەماسەیەکیان لە کوردایەتی و مرۆڤایەتی لە کوردستاندا خولقاند کە بۆ هەمیشە لە مێژووی ئەم نیشتمانەدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

ئێستا و لەم ڕۆژە هەستیارانەشدا خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە پێکهێنانی کەمپەینە جۆربەجۆرەکان، بۆ پاراستنی خەڵک لە مەترسیی کۆرۆنا دەستیان کردوە بە گەنبڕکردنی شار و گوندەکانی کوردستان و بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە مەترسی زیاتریان لە سەرە. پێداویستیی نەخۆشخانەکان لە لایەن خەڵکی خێرخوازەوە دابین دەکرێ، پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکان بە ڕێز و پێزانینی زیاترەوە چاویان لێدەکرێ و چینی هەژار و بێداهاتیش بە پێی توانا یارمەتی دەکرێن. بێگومان ئەگەر ئەم هەوڵ و هیممەتە نەتەوەیی و مرۆڤانەیە نەبایە، کۆمەڵگەی کوردەواری تووشی خەسار و کارەساتی گەورە و قەرەبوونەکراوە دەبوویەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەربڕینی ڕێز و پێزانین لە خەڵکی کوردستان، زۆر بە گەرمی و بە تایبەتی سپاسی زەحمەت و شەونخوونییەکانی دوکتور و پەرستار و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکان دەکا و هەروەها بە ئەمەگەوە لە هەوڵی چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە پێکهێنانی کەمپەینی جۆراوجۆر بۆ یارمەتیگەیاندن بە خەڵک دەڕوانێ و، هاوکاتیش داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات کە وێڕای پێبەندبوونیان بە ڕێنوێنییە پزشکییەکان یارمەتیدەر بن کە پێکەوە ئەم ڕۆژە ناخۆشانە تێپەڕێنن و کۆمەڵگەکەمان بە کەمترین خەسار بەسەر کۆرۆنادا سەرکەوێ.

جێی خۆیەتی داوا لە خەڵکی خۆشەویستمان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بکەین کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ یارمەتیی هاونیشتمانانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و ڕێگە نەدەن ناکارامەیی و بێلیاقەتیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی بێدەرەتانی کوردستان تووشی کارەساتی گەورەتر بکا.

بەو هیوایە بە خەباتی بێوچان دژی هەر دوو ڤیرووسی کۆرۆنا و کۆماری ئیسلامی شەوانی ترس و دڵەڕاوکێ بکەینە ڕۆژانی ئازادی و سەربەستی و سلامەتی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢١ی خاکەلێوەی ١٣٩٩**



# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (تایبەتمەندییەکانی کۆماری لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا)



دیلان هەردی

**(٢_٢٢)**




"هیچ شتێک لەو کۆمارە بەهێزتر نییە کە لەودا، یاسا ڕێزی لێ دەگیرێ، نەک بەهۆی ترسەوە، نەک بەهۆی مەنتقەوە، بەڵکوو بە شێوەی ئارەزوومەندانە."
**مۆنتێسکیۆ**

کۆمار وەکوو جۆرێک لە ڕێژیم پێناسە دەکرێ کە لەودا، دەسەڵاتی سیاسی یان دامەزراوە حکوومەتییەکان وەکوو "شتی گشتی" ئەژمار دەکرێن کە خەڵک خاوەنیانە. لە چوارچێوەی کۆماردا، "دەسەڵات بە ناوی هەموو کۆمەڵگەی سیاسییەوە جێبەجێ دەکرێ". بە پێی ئەو پێناسەیە، کۆمار خۆی لە جۆرەکانی دیکەی ڕێژیمە سیاسییەکان وەکوو پاشایەتی، ئەریستۆکراسی، ئۆتۆکراسی و هتد. جیا دەکاتەوە. یەکێک لە توخمە گرنگەکانی کۆمار، بەشداریی ئازادانەی هاووڵاتییانە لە دەسەڵاتی سیاسییدا، ڕاستەوخۆ لە لایەن خۆیانەوە، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیانەوە. هەرچەندە، کۆمار و دێموکراسی لە زمانی ئاساییدا وەکوو دوو چەمکی لێک نیزیک و زۆر جار لە جێگەی یەکتر کەلکیان لێ وەردەگیرێ، بەڵام بەشداریی خەڵک لە دەسەڵات هەمیشە بە واتای سەروەریی خەڵک نییە، چونکە هەندێک کۆمار هەن کە دێموکراتیک نین و هەندێک سیستمی ناکۆماری هەن کە دێموکراتیکن. چونکە ئەگەر دێموکراسی بە پێوەر بگیرێ، ڕێژیمەکان دابەش دەبن بەسەر دێموکراتیک و نادێموکراتیکدا. چەمکی کۆمار کەلکی جۆراوجۆری لێ وەردەگیرێ، وەکوو "کۆماری دێموکراتیک"، "کۆماری گەلی"، "کۆماری مەسیحی"و "کۆماری ئیسلامی".

بابەتێکی گرینگی دیکە کە شیاوی باسە، پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. بە پێی ئەو پرەنسیپە، حکوومەت بەسەر چەندین دەسەڵاتدا دابەش دەبێ کە لەودا "هەرکام لە دەسەڵاتەکان لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دیکەدا سەربەخۆن"، ئەوەش بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە زۆرداری، چونکە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوانیاندا دروست دەکا و هەرکامیان لەبەرامبەر دەستێوەردانی ئەوانیتردا دەپارێزێ و ناهێڵێ هەموو هێز و دەسەڵاتەکان لە دستی یەکێکیاندا کۆ ببێتەوە. جان لاک (١٦٣٢–١٧٠٤) و مۆنتێسکیۆ (١٦٨٩–١٧٥٥) دوو لەو بیرمەندە سیاسییانەن کە پەرەیان بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان داوە. بۆ مۆنتێسکیۆ کۆمار دوو شێوەی هەیە: کۆماری ئەریستۆکراتیک کە لەودا هێزی سەروەری هیی بەشێک لە خەڵکە و کۆماری دێمۆکراتیک کە لەودا سەروەری هیی تەواوی خەڵکە. مۆنتێسکیۆ پێیوایە کە باشترین ڕێژیمی سیاسی، ئەو ڕێژیمە سیاسییەیە کە لەودا دەسەڵاتەکان جیا کرابنەوە و جیاکردنەوەکەش لەسەر بنەمای یاسا بێ کە ڕێگر بێ لەوەی حکوومەت بە مەیلی خۆی هەڵسوکەوت بکا. هەر بۆیە ئەو لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڕێژیمی پاشایەتییش دەتوانێ باشترین سیستم بێ، ئەگەر دەسەڵاتەکانی پاشا چوارچێوەدار بن و لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە بەش بکرێن. مۆنتێسکیۆ دەسەڵاتەکان بەو شێوەیە لێک جیا دەکاتەوە: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی دادوەری. ئەرکی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن و دادوەری دەبێ کورت بکرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی یاسا. تێکەڵ نەکردنی هیچکام لە دەسەڵاتەکان لەگەڵ یەکتر و دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بە سەر دوو دامەزراوەدا (وەکوو مەجلیس و سێنا)، دوو لەو پرەنسیپانەن کە بۆ مۆنتێسکیۆ گرنگن.

لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـەوە، ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێو دەستووری بنەڕەتیی وڵاتدا وەکوو "کۆماری ئیسلامیی ئێران" پێناسە کراوە، کۆمارێک کە ئیلهامی لە کۆماری پێنجەمی فەڕانسە وەرگرتوە، بەڵام بە ڕێسا مەزهەبییەکان چوارچێوەدار کراوە. شۆڕشی ١٣٥٧ کۆتایی مێژوویەکی دوور و درێژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران بوو. ئەو شۆڕشە بە مەبەستی ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خەڵکیی هاتە کایەوە، چونکە شای ئێران ڕەوایی لە نێو کۆمەڵگەدا لەدەست دابوو، ئەوەش بە هۆی ئەو ڕیفۆرم و گۆڕانکارییانەی شا بوو کە وەکوو "بە ڕۆژئاوا کراو" و سەرمایەداری ناسرابوون، ئەوەش لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی و لەژێر کاریگەریی ئایدییاکانی "چەپی ئیسلامی" و دژە ئیمپێریالیستیی سەردەمی شەڕی سارد بوو. لە نێو تەواوی بزووتنەوە و گرووپە سیاسییە جیاوازەکانی بەشدار لە شۆڕش، تەنیا مەزهەبییەکان بوون کە بەرهەمی شۆڕشیان هەڵگرتەوە. دوای بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش، هەوڵدانێکی زۆر لە لایەن هەندێک حیزب و لایەنی چەپ و ڕاستەوە هەبوو بۆ ئەوەی کۆمارێکی نائیسلامی دابمەزرێ، بەڵام مەزهەبییەکان کێشە و دووبەرەکیی نێوان ئەو لایەنانەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران لە دەوری خۆیان تەیار بکەن و مۆدێلی خۆیان واتە کۆماری ئیسلامییان بە سەردا بسەپێنن. بە پێی دەستووری بنەڕەتیی ئێران، کۆماری ئیسلامی لە دوو دەسەڵاتی بنەڕەتی پێک هاتوە، دەسەڵاتێکی خەڵکی و دەسەڵاتێکی ئایینی. هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری بەڕواڵەت لێک جیا کراونەتەوە، بەڵام بە کردەوە، لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ئایینیدان. وەلی فەقیه کە نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئایینی دەکا، دەسەڵاتێکی بێسنووری پێدراوە و دەستێوەردان لە هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و نادەوڵەتییدا دەکا.

### کۆماری ئیسلامی

کۆماری ئیسلامی چەند مانگێک دوای شۆڕشی 1357 و دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی دامەزرا. نووسینەوە و جێگیر کردنی دەستووری کۆماری ئیسلامی، بە هەندێک قۆناغی پڕ لە شەڕ و کێشە لە نێوان گرووپە مەزهەبییەکان و گرووپە نامەزهەبییەکاندا تێپەڕیوە. لایەنێکیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی و لایەنەکەی دیکەیان بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی نائیسلامی. بەڵام لە کۆتاییدا، مەزهەبییەکان سەرکەوتن. لە ساڵی 1368ـدا، بە هۆی کێشەی نێوان دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی، دەستووری بنەڕەتی گۆڕانکاریی تێدا کرا. گۆڕانکارییەک کە دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیهی هێندەی دیکە زیاد کرد و دەسەڵاتی تەواوی پێبەخشی.

### لە پاشایەتییەوە بۆ کۆمار

"تیێری کۆڤیل" پێی وایە، بەر لە شۆڕشی 1357، دوو جاری دیکە لە ئێران شۆڕش ڕووی داوە: یەکەمیان، لە ساڵی ١٩٠٦ (1285ی هەتاوی) لە سەردەمی موزەفەرەددین شای قاجاردا، کاتێک ئێران (وڵاتی فارس) بۆ یەکەم جار بوو بە خاوەن دەستوورێکی بنەڕەتی. دووهەمیان، لە ساڵی ١٩٥١ (ڕەشەمەی 1329ی هەتاوی)ـدا، کاتێک بۆ یەکەم جار پیشەسازیی نەوتی ئێران لەلایەن محەممەد موسەدیق، سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی ئێرانەوە بەنەتەوەیی کرا. موسەدیق بۆ یەکەم جار کۆمپانییەکی نەوتی بە ئەسڵ داگیرکەری (کۆمپانی نەوتی بریتانیا) لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمدا بە نەتەوەیی کرد. هەموو جار کە شۆڕشێک لە ئێران ڕووی داوە، بەرەو دەسەڵاتێکی نادێموکرات و ڕێژیمێکی سەرکوتکەر گەڕاوەتەوە. شۆڕشی ١٩٠٦، کێشەی نێوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی بەدوای خۆیدا هێنا کە بووە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی بنەماڵەی پەهلەوی لە ساڵی 1304ی هەتاوییدا. لە ماوەی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤١ـدا، هەر وەکوو لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانییدا، ئێران بێلایەنیی خۆی بە نیسبەت هەردوو بەرەی شەڕ ڕاگەیاند، بەڵام هێرشی ڕووسەکان و بریتانییەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی پیشەسازیی نەوت لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئاڵمان، بوو بە هۆی ئەوەی ئێران لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا دابەش بێ. ڕەزا پەهلەوی، شای ئێران لەژێر گوشاری بریتانییەکان، دەسەڵاتی ڕادەستی کوڕەکەی، محەممەدڕەزا پەهلەوی کرد.

لە ساڵی 1329ـدا، سەرۆکوەزیران محەممەد موسەدیق توانی بە دەنگی زۆرینەی پارلمان، نەوتی ئێران بە نەتەوەیی بکا. بەڵام وەکوو ساڵی 1304، کێشەی نێوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی وای کرد کە دەسەڵاتێکی ئۆتۆریتەر دووبارە دابمەزرێتەوە. ساڵی 1332، محەممەدڕەزا شا هەوڵ دەدا حکوومەتی موسەدیق هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام هەوڵەکەی شکست دێنێ و ناچار دەبێ خۆی وڵات جێ بهێڵێ. لە هەمان ساڵدا بەهۆی کودەتایەک کە لەلایەن بریتانیا لەدژی موسەدیق ڕێک خرابوو، شا دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵات و دەست بە هەندێک ڕیفۆرم و گۆڕانکاریی دەکا. دابەشکردنی زەوی و زاری خاوەن زەوییە گەورەکان و مافی دەنگدانی ژنان، دوو لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەن کە لە لایەن شاوە بەڕێوە چوون. گۆڕانکارییەکی گرنگی دیکە، "سووڕانەوە بەرەوە لائیکبوون" بوو بە مەبەستی گۆڕینی کولتووری ئیسلامی و جێگیرکردنی کولتووری پێش ئیسلام لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەو ڕێوشوێنە لائیکییانە بوونە هۆی تووڕەبوونی مەرجەع و کەسایەتییە ئایینییەکان، کە لایەن ڕوحوڵڵا خومەینییەوە ڕێبەرایەتی دەکران. ساڵی 1342، خومەینی ئێرانی جێهێشت و ڕووی کردە عێراق و دواتر فەڕانسە. ساڵی 1354، محەممەدڕەزا شا حیزبێکی بەناوی "رستاخیز" (هەستانەوە) بە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی دامەزراند، بەڵام شا ئیتر پشتیوانیی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێرانی نەمابوو. لە کۆتایی ساڵەکانی 1349دا، خومەینی لە تاراوگەوە بوو بە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی دژە پاشایەتی. خۆپیشاندان و گرژییەکان لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بە ڕۆیشتنی محەممەدڕەزا شا لە 26ی بەفرانباری 1357 کۆتایی پێهات. خومەینی لە 12ی ڕێبەندانی 1357 گەڕایەوە ئێران و لە 22ی ڕێبەندان کۆتایی ڕێژیمی پاشایەتیی ڕاگەیاند.

دوو فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتین: فاکتەری یەکەم، ئۆتۆریتاریزمی شایە، چونکە لە لایەک، شا هەوڵی دەدا بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە ئێران مۆدێرنیزە بکا و بە گوشار و سەرکوت کۆمەڵگە ناچار بکا گوێڕایەڵی بڕیارەکانی ئەو بن. ئەو شێوە لە مۆدێرنیزە کە لە لایەن کۆمەڵگەی نەریتی و مەزهەبیی ئێرانەوە ڕەت کرایەوە، شای ناچار کرد زیاتر لە جاران پەنا بۆ سەرکوتی ناڕازییان بەرێ. لە لایەکی دیکە، نزیکایەتیی شا لە ڕۆژئاوا، دژایەتیی ناسیۆنالیستەکان، ئیسلامییەکان و چەپەکانی لێکەوتەوە. ئەوەش وای کرد شا پلە بە پلە ڕەوایی خۆی لەدەست بدا.

فاکتەری دووهەم، دەرکەوتنی خێرای پڕۆلیتاریای دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئێران بوو، چونکە ئێران ئەو کاتە بەشاریبوونێکی خێرای بە خۆیەوە دەبینی (گەورە بوونی شارەکان بە هۆی هاتنی خەڵکی دێهاتەکان بەرەو شار بۆ کارکردن لە کارگە و کارخانەکان). دەرکەوتنی پڕۆلیتاریای بەئەسڵ دێهاتی ناسازگار بوو لەگەڵ ئەو مۆدێرنیزە، شا دەیسەپاند بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەو پڕۆلیتاریایە زیاتر بە گوتاری مەلاکان هەستیار بوو تا بە گوتاری مارکسیستەکان، هەر بۆیەش پشتیوانیی لە خومەینی دەکرد.

شۆڕشی 1357، نە لە ئەنجامی جووڵانەوەیەکی بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگە هاتە کایەوە، نە کۆڕایی و هاوڕاییەک بوو لە دەوری پڕۆژەی خومەینی. لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی ئێران دژکردەوەی بەو شێوە لە سیکۆلاریزە و مۆدێرنیزەی ئێران لە لایەن شاوە نیشان دا (بۆ نموونە، قەدەغە کردنی سەرپۆشی ژنان و دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز، بوو بەهۆی بەرگریی کۆمەڵگە لە بەرامبەر شادا). لە ساڵەکانی 1349دا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

# تاوانبارانی سیاسی و سزای "شاربەدەر" کردن



زانیار حوسێنی

تاراندن و شاربەدەر کردنی تاوانبارانی سیاسی (لە ڕوانگەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوە) مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە زۆربەی وڵاتان و لە نێو گەلان بە پێی داب و نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، ڕۆنانی یاسای داڕێژراو لەلایەن دەوڵەتان، شێوازی جۆربەجۆری هەبووە و هەیە. تاراندنەکان زۆر جار بە شێوەی تاکەکەسی و لە هەندێک حاڵەتیشدا بە شێوەی بەکۆمەڵ بەسەر گەلان و ڕێڕەوانی قوتابخانە ئۆلی و ئایینییەکان یان ئەندامانی حیزبەیلی دیار داسەپاوە.

لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییدا، تاراندن یان شاربەدەر کردن، یەکێک لەو بڕیارگەلەیە کە حوکمی شەڕ دەگەڵ خوا (محاربە)ی پێ هەڵدەسەنگێنن و "مفسد فی‌الارض" لە بڕگەی ١٩٠ی یاسای سزای ئیسلامییدا هەیە، ئەم ئاستە وەرگێڕاوی "فیقهی" جێ پەسەندی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامیی دەسەڵاتداری زاڵە.

لەسەر ئەم پرسە، بە گەڕانەوە بۆ فیقهی ئیمامییە و خوێندنەوەی ئیسلامی سیاسی، بەو ئاکامە دەگەین کە شێوازی هەڵسوکەوت دەگەڵ شاربەدەر کراوەکان، ڕێک وەک چۆنیەتیی مامەڵە دەگەڵ بێدین و کافرەکانە. هەتا ئەو ڕادەیەی کە تاکی "تاراو" بۆ هەر شار و مەملەکەتێک بینێرن، بەرەوڕووی ئاستەنگی زۆر دەبێ و؛ هەستان، دانیشتن، تەنات کڕین و فرۆشتن، هاموشۆ و ژن هێنانیشی سنووردار دەکرێ. لە وێژەی ئیسلامی سیاسیی دەسەڵاتی ئێستای ئێراندا، زۆرتر لە شاربەدەر کردن (نفی بلد) بەجێگای تاراندن (تبعید) کەلک وەردەگیرێ. لەڕاستییدا شاربەدەر کردن، میناکێکی پڕ لە توندوتیژیی تاراندنە.

لە یاسای سزاکانی ئێران هەتا پێش ساڵی ١٣٩٥ بە کردەوە یاسایەکی داڕێژراو بۆ تاوانی سیاسی بە شێوەیەکی بنچینەیی کە شوناس و توخمی ئەو دەستە لە کردەوانە خۆیا بکا و بیانناسێنێ، نەبووە. کەوابوو سەرجەم ئەو کردەوانەی بەپێچەوانەی چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیی حکوومەتی بووە، کەوتۆتە خانەی تاوانە ئەمنیەتییەکان و ئاکامەکەیشی لە بەرچاو گیرانی ئەم جۆرە سزایانەیە. بە ڕوانینێکی دیکە (لەبواری توندی و تۆخیی ئەم کردەوەیە و کاریگەرییەکانی) بە هۆی بوونی هەندێ یاسا بۆ تاوانە سیاسییەکان، لە کلیشەی تاوانە ئەمنیەتییەکان خۆی مەڵاس داوە!

بۆ ئەوەیکە سەرەدەر لەم باسە بکەین دەبێ بۆ یاسای سزای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەڕێینەوە، کە هەر چەشنە دژایەتییەک لەگەڵ نۆرم و یاسا و فتوا شەرعییەکانی مەزەبی جێگای پەسەندی ئەوان و هەروەها شێوەی حکوومەتدارییان، بە چالاکیی ئەمنیەتی لەدژی خۆیان لێک دەدرێتەوە. ئەم سزایانە لە پێناسەگەلی وەک "محاربە" و "فساد فی الارض" خۆیا دەبن. لە ڕاستییدا لە وەها فەزایەکدا تاوانبارانی سیاسی (دژبەرانی حکوومەت بە هەر ئاست و ڕوانینێک) نەک هەر بە ئەمنیەتی دەکرێن، بەڵکوو بەهۆی ئەوەیکە سیستمی زاڵی حکوومەتی ئیدئۆلۆژییەکی مەزەبیی تایبەتە، وەک تاوانباری "ئەمنیەتی_بێدین" (هەرچەند لە دەقی دیاریکراوی یاسا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە، بەڵام لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوت و لێپرسینەوە و قۆناغەکانی گرتن و دادگە و سەلماندنی تاوان، ئەم پرسە لە لایەن کاربەدەستانی قەزایی بە ئاشکرا دەبینرێ)، دەژمێردرێن. چونکە دژایەتی دەگەڵ نەریتی جێ پەسەندی ئەم ئیدئۆلۆژییە، لە ڕوانگەی دادبەرەکانیان بەمانای شێواندنی تەناهی و ئاسایشی کۆمەڵگە و زەربەلێدان لە حکوومەتی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهە. ئەم کارە جیا لەوەیکە تاوانێکی ئەمنیەتییە بەڵکوو لە پێناسەی یاسای بنەڕەتیی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دژایەتی دەگەڵ ئەو حکوومەتەیە کە خوا بەڵێنی داوە! هەر ئەمەیش وایکردوە کە دژایەتییەکان ئەگەر لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک و بچووکیشدا بێ، تاکەکان دەکەونە داوی تاوانی گران و سزای قورس و ئەو دژایەتییەش دەگەڵ ئیدئۆلۆژی و بیروبۆچوونی ڕێژیمی حاکم بە واتای دژایەتی دەگەڵ خوا و جێگرەوەکانی لە قەڵەم دەدرێ. هەرچەندە لە فیقهی ئیسلامیی ئیمامییە، تاوانە سیاسییەکان وەک شەڕانشێو و گەندەڵ (بغی) باسی کراوە و لە ڕوانگەی زۆرێک لە تورەڤانان (فەقیهـ)، دەئەستۆ پەستانی "محاربە و افساد فی‌الارض" وەک تاوانباری سیاسی (نافەرمانی کردن "باغی") هەڵەیە، بەڵام خوێنخۆرانی زەمان بەم دهۆ شەرعییە خۆیان لە پێناسەی ڕاست و دروستیی تاوانبارانی سیاسی دەدزنەوە و پێکگرتنی تاوانبارانی سیاسی لە چوارچێوەی سووچبارانی ئەمنیەتی و دەرکردنی بڕیاراتی قورسی شەرعی بە جۆرێک دەیانهەوێ لەمپەر بخەنە بەر هەنگاوی قایمی ئەو کەسانەی بە دوای مافی ڕەوا و سەرەکیی سیاسی و شارۆمەندیی خۆیانن.

بە شرۆڤە و شیکاریی بڕیاراتی "محاربە"، بە هاسانی دەتوانین بڵێین کە بۆچی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی هەوڵێکی ئەوتۆ نادەن بۆ نووسینی یاسای سیاسی هەتا پێش ساڵی ١٣٩٥. بەپێی بڕگەی ١٩٠ی یاسای سزای ئیسلامی چوارچێوە و ڕادەی "محاربە" و "فساد فی الارض" یەکێ لەم چوار حوکمانەیە: 1) کوشتن، 2) سێدارە، 3) سەرەتا پەڕاندنی دەستی ڕاست و دواتر دەستی چەپە، 4) شاربەدەر کردن، کە بۆ بەشی هەرە زۆری تاوانبارانی سیاسی (تاوانبارانی ئەمنیەتی لە ڕوانگەی حکوومەتەوە) ئەگەر حوکمی سێدارە یان هەمان ئیعدام دەرنەچوو، لەخۆگری ژمارە چوار واتە شاربەدەر کردن دەبێ. شاربەدەر کردن بە هۆی ئەوەیکە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاکی تاوانبار، وەک بەکارهێنەرترین جۆری بڕیار و حوکم لە لایەن ناوەندە قەزاییەکان بۆ تاوانبارانی سیاسی دەژمێردرێ.

لە سەردەمی تاراندن، دەبێ ئەو کەسە بە بەردەوامی خۆی بە بەرپرسانی دیاریکراو بناسێنێ و نابێ لەو ماوەیەدا کە ئەو حوکمەی بەسەردا سەپاوە ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ. بە شێوەیەکی دیکە کەسی شاربەدەر لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی دیار، مەحکوومە بە مانەوە بۆ ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراو. لە لایەکی دیکەوە و دوورکەوتنەوەی تاک لە شار و خزم و کەس و کار و پیشە و کاسبیی خۆی، کاریگەریی نەرێنیی دەروونی بۆ خۆی و ئەندامانی بنەماڵەکەی ساز دەکا. هەمیسان بە سنووردار بوونی هاموشۆی تاراو و غەوارەبوونی بەو ژینگەیە، جۆرێک هەستی دەرکردن نەک هەر لەئالی حکومەتییەوە بەڵکوو لەلایەن کۆمەڵگە و هەنێک جار تەنانەت خزم و کەسیش، تاک بەسەر یەکدا دەڕووخێنێ. بە گوتەیەکی زۆر ساکار، قڕانگەیەک پڕ لە ڕەنج و جەزرەبە و ئازاری ڕەوانی و مادی بەسەریدا دەشکێتەوە و لەم کاتەدا کەسی تاوانبار (لە ڕوانگەی حکوومەت) بە جێگای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ڕاست بۆ ڕوونبوونەوەی مافەیلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بنەڕەتیی تاکی کۆمەڵگە، دەبێ دەگەڵ ئاریش و گرفتی بەرەنجامی تاراندن ململانێ بکا. لەو ڕەوشەدا، تاک بەتەواوەتی لە پێداویستییەکان و چالاکییەکانی گرینگی خۆی دوور دەکەوێتەوە و سزا دەدرێ. ئەمەش وا دەکا باقیی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوەیان بچێتە مێشکی کە ئەوانیش چارەنووسێکی لەوە باشتریان نابێ، هەڵبەت ئەگەر حوکمی ئیعدامیان بەسەردا نەسەپێ، لە شاربەدەرکردن کە لایەنی چڕی تاراندنە، دەتوانن تاوانبار ڕەوانەی زیندان بکەن.



«کەماڵ شەریفی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی سەقز کە بۆ زیندانی میناب لە باشووری ئێران دوور خراوەتەوە»

هەموو ئەو هەڵسوکەوتانەی توندی یاسا بۆ تاوانبارانی سیاسی کە دەکەونە خانەی تاوانبارانی سیاسی و بە پێی بنەماکانی ئیسلامی سیاسی کە لەونی "محارب" و "افساد فی الارض" بەخۆوە دەگرن، دەستی ئەو ڕێژیمە نگریسە ئاوەڵا دەکا بۆ ئەوەیکە هەرچی پێیخۆش بێ بەسەریان بێنێ و بانگەشەی ئەمەش بکا کە لە بەندیخانەکاندا هیچ کەس بە تاوانی سیاسی زیندانی نەکراوە و تاقە یەک زیندانی سیاسییشمان نییە! بەڵام دوای تێپەڕینی 38 ساڵ لە تەمەنی پڕ لە نەگبەتیی ئەم دەسەڵاتە بەهەر شێوەیەک بێ، ساڵی 1395ی هەتاوی لەبەر کەمکردنەوەی گوشارە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، تاوانە سیاسییەکانی بە فەرمی ناسیوە و یاسایەکی لە شەش بڕگە بۆ پەسەند کردوە. بە هەڵسەنگاندنی ئەم خاڵە یاساییانە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە پەسەندکردنی تەنیا لایەنی ڕواڵەتی هەیە، چونکە نەبوونی هیچ ڕەشنووسێک لە پێناسە و ناساندنی تاوانە سیاسییەکان و سپاردنی هەڵسەنگاندنی ئەو لە ئەستۆی دادسەرا یان دادگەیەک کە فایلەکەی تێدا وەگەڕ خراوە، دەستی دادوەر و کاربەدەستانی داد ئاوەڵا دەکاتەوە هەتا بە سانایی تاوانبارانی سیاسی بخەنە نێو بەندی سووچبارانی ئەمنیەتی و دادگاییان بکەن، کەسی سیاسی مافی بوونی پارێزەری نییە و دادگایی کردنەکەشی بە بەشداریی دەستەی یاریدەدەر بەڕێوە ناچێ. دەبێ ئەم خاڵەمان لەبەر چاو بێ کە ئەم پێناسە لێڵە لە یاسای پەسەندکراو لەو تاوانانە ئەم جۆرە باس کراوە کە، تاوانبار دەبێ بە مەبەستی چاکسازیی کاروباری سیاسی و بە ئاقاری یارمەتی دان بە بەرژەوەندییەکانی سیاسی وڵات وەها تاوانێکی کردبێ، جگە لەمە تشتێکی دی بەدەر لە تاوانی محاربە و افساد فی الارض (تاوانگەلی سیاسی) و سزاگەلی سێدارە و شاربەدەر کردن (لە سزا شەرعییەکانی سووچباری ئەمنیەتی) چاوەڕێیان ناکا.

***

# چۆن دەبینە هێز؟

هاوڕێی پاکدڵ



هەمووان دەڵێن دەبێ ببینە هێز! بەڵام هێز تەنیا لە ڕێگای تەبایی و ئاشتیی نەتەوەیی، دیسپلین و یەکگرتوویی دروست دەبێ، ئەگەر ئەم سێ ئەسڵە نەک بە دروشم، بەڵکوو بە کردەوە بێنە دی، بە کەمترین سەروەت و سامانیشەوە هێزین و ئەگەر ئەمە نەبێ، تەنیا چەند قامکی تەنیاین کە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا دانە دانە دەشکێین و هیچکات نابینە مست، نە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی خۆماندا دەبین و نە دۆست و دوژمن حیسابمان بۆ دەکەن.

وەک دەزانین شەڕێکی ماڵوێرانکەری نێونەتەوەیی لە ناوچەکەماندا (هەڵبەت ئێستا زیاتر بە شێوازی نەرم) لە ئارادایە، کە نە سەرەتای و نە کۆتایی قابیلی پێشبینی نییە. ئێمە دەبێ ڕاوەستین و بزانین کورد چۆن دەتوانێ لە هەلومەرجێکی وادا یاری بکا، داخوا مێژووی لێکدابڕان و دووبەرەکی درێژە پێ‌دەدا (کە لە ئاکامدا بێجگە لە دووپاتکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان و لەدەست دانی دەرفەتەکان دەستکەوتێکی نابێ) یان دەرس لە ڕابردوو وەردەگرێ و لە زووترین کاتدا ڕیزەکانی یەک‌دەخا.

ئێستا کاتی پێ‌لێنانی هەڵەکانە، وەک گارانتییەک بۆ دووپاتەنەبوونەوەی ئەزموونی تاڵی ڕابردوومان. دوو ڕێگا زیاترمان لەبەر نییە، یان بە خۆماندا دەچینەوە، یان ژیانی ژێردەستەیی و بێ‌وڵاتی و لە ئاکامدا غەریبی و برسییەتی و زیندان و ڕەنج و مەڕارەت درێژە پێ‌دەدەین.

ئەمڕۆ «کۆرۆنا» ئێمە و ناوچەکەمان و هەموو دنیای بەخۆیەوە خەریک کردوە. ئەم بەڵایە درەنگ یان زوو دەڕوا و لەکۆڵ دەبێتەوە. بەڵام دنیای دوای کۆرۆنا بە دڵنیاییەوە وەک دنیای ئێستا و پێش کۆرۆنا نابێ و، بزووتنەوەی جەماوەری بۆ دەستڕاگەیشتن بە داخوازە سەرەکییەکان دەبێ بگاتە لووتکە. هەر چەند لە دنیای ئەمڕۆدا نەخش و کاریگەریی دنیای دەرەوە و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان حاشای لێ‌ناکرێ، بەڵام هیچکات بۆ ئاڵوگۆڕە سەرەکییەکان نابێ پشت بە زلهێزەکان ببەستین. قابیلی پێشبینییە کە ئەمریکا لە ناوچە و بەتایبەتی لەسەر خاکی عێراق ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبێ. بەڵام ئاکامی بەرەوڕووبوونەوەیەکی وا هەرچی بێ، شوێنەوارێکی ڕاستەوخۆی لەسەر چارەنووسی خەڵکی ئێمە نابێ. ئەوەی دەبێ حیسابی لەسەر بکەین و پشتی پێ ببەستین یەکگرتوویی و یەکدەنگیی خۆمان و کەلکوەرگرتن لە هێزی لەبڕان‌نەهاتووی خەڵک و قۆزتنەوەی بەوەختی دەرفەتگەلێکە کە لەوانەیە بۆمان بڕەخسێ. دەبێ هەموو لایەنەکان قبووڵ بکەن کە ئەگەر بە یەکەوە نەبین دەرەقەتی ئەو ملۆزمە نایەین کە زیاتر لە چل ساڵە تووشی هاتووین و لە ئاکامدا بەرەوڕووی خەساری زۆر قورس دەبینەوە.

هێز لە یەکگرتوویی‌دایە! دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی لە سەرووی بەرژەوەندیی تاک و حیزبەوەیە. زۆر جاران دوژمنەکانمان لە کاتی پێویستدا بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا ناوە و بەیەکەوە لە بەرانبەرماندا ڕاوەستاون و زەبری کاریگەریان لێ‌داوین. دەی با ئێمەی کوردیش کە هیچ ناکۆکییەکی گرنگ و ناتەباییەکی قازانجەکانمان لە نێودا نییە پاڵ وێک دەین و پێکەوە بۆ وەدیهێنانی ئاواتە لەمێژینەکانمان بێینە مەیدان.

هیچ جۆرە ئیدئۆلۆژییەک نابێ ببێتە کۆسپی یەکگرتنی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد. مەسەلەی نەتەوایەتی خاڵی بەیەکگەیشتنی هەمووانە، با هێزەکانمان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکەمان تێکەڵ بکەین، دوایە وەختمان زۆرە بۆ ئەوەی هەر دەستە و گرووپێک بۆ بیروبۆچوونەکانی خۆی تێ‌بکۆشێ. لە حاڵێکدا کە هەموو ئاواتەکانمان لە ئاگری ڕق و قینی دوژمنانی ئازادییدا دەسووتێن، لێکدابڕان و یەکترکوتان و شەڕی ئیدئۆلۆژی نە ژیرانەیە و نە پێویست.

ڕێژیمی پاشایەتی وەکوو ئیسلامییەکان، ناسیۆنالیستەکان، چەپەکان و چەندین گرووپی دیکە بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون دەکرد و خۆیان لەدژی شا تەیار دەکرد. یەکەم بەشداریی بەهێزی مەزهەبییەکان لە خۆپیشاندانەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1356، کاتێک خوێندکارانی خوێندنگەی ئایینیی شاری قوم لەدژی وتارێکی یەکێک لە ڕۆژنامەکان کە پێیانوابوو سووکایەتیی بە خومەینی و مەزهەبییەکان کردوە، هاتنە سەر شەقام. دوای ئەوە، جووڵانەوەکانی دژی شا، لە ڕێکخستنەوە بوون بە جەماوەری، چونکە مەزهەبییەکان لەگەڵ نامەزهەبی و سێکۆلارەکان چوونە بەرەیەکەوە. هەندێک لە حیزب و گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی شا، بۆ تەیارکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگە دەستەوداوێنی مەزهەبییەکان بوون، بەڵام لە کۆتاییدا، مەزهەبییەکان بەرهەمی شۆڕشیان هەڵگرتەوە. خومەینی لە ماوەی مانەوەی لە پاریس، هەوڵی دەدا لە لایەک، ئۆپۆزیسیۆنی دژی شا ڕازی بکا و لەگەڵیان ڕێک بکەوێ و لە لایەکی دیکە، هەوڵی دەدا لە ڕێگای کاریگەری خستنە سەر میدیاکانەوە، وێنەیەکی باش لە خۆی و مەزهەبییەکان پیشانی وڵاتانی جیهان بدا و خۆی وەکوو کەسێکی پێشکەوتنخواز لەدژی ڕێژیمێکی ئۆتۆریتێر بناسێنێ. خومەینی لە بەرامبەر میدیاکاندا بەڵێنی بە هەموو لایەک دەدا کە کەسێکی ئازادیخوازە و هەوڵ دەدا دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکی ئێران بهێنێتە دی. ئەو بڕوای بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێنابوو کە وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی، جگە لە تەیارکردنی خەڵک بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نییە و لە داهاتووشدا بە تەمای گەیشتن بە دەسەڵات نییە.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە، مەزهەبییەکان خۆیان بەسەر مەیدانی سیاسەتدا دەسەپێنن. خومەینی بە کەلکوەرگرتن لەو ڕەواییەی کە حیزب و گرووپەکانی دیکە لە ماوەی شۆڕشدا پێیان بەخشیبوو، بوو بە ڕێبەری سیاسی و ئایینی. دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی حیزبێک بە ناوی "حیزبی کۆماری ئیسلامی" دادەمەزرێنێ و بەر لە نووسینەوەی دەستوور، ڕێفراندۆمێک لە ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨یدا ڕێک دەخا و دوو بژاردەی "بەڵێ و نەخێر بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران" دەخرێتە بەر دەم خەڵکی ئێران، بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک لەسەر دەستووری نوێی ئێران بە خەڵک بدرێ. مەزهەبییەکان وایان بڕوا بە خەڵک هێنابوو کە بژاردەی "نەخێر" لە ڕێفراندۆمدا، واتە گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی پاشایەتی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە چەندین حیزب و لایەن داوایان کرد کە ڕێفراندۆم بایکۆت بکرێ، بەڵام ترساندنی خەڵک لە گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی پاشایەتی وای کرد کە بەبێ ئەوەی بزانن نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا چلۆن دەبێ، دەنگی پێ بدەن و لە ئەنجامدا ڕاگەیەندرا کە سەتا ٩٨ی بەشداران لە ڕێفراندۆمەکە دەنگی "بەڵێ"یان بە کۆماری ئیسلامی داوە.

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# ڕووسوور لە سەنگەری باوەڕدا

(٢_١)



سەلاح خزرپوور

ئەمن سەلاح خزرپوور ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە گوندی قەڵاتەڕەش لە ناوچەی پیرانانی پیرانشار لەدایک بووم. تێکەڵ بوونی باوکم بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی و جموجۆڵی بەردەوامی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەمان بوونە هۆکار بۆ ئەوەی زۆر زوو هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی لە دەروونمدا چەکەرە بکا. ماوەیەک بە شێوەی خۆڕسک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانم کاری تەبلیغییمان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد، هەتا ئەوەی بەهاری ساڵی ١٣٧٢ بە یەکجاری هاتمە دەرێ و بوومە پێشمەرگە.

دوای تەواوبوونی دەورەی سەرەتایی ماوەیەک لە فێرگە و دواتر لە مەڵبەندی سپی‌سەنگ ئەرکی مامۆستایەتیی گەورەساڵانم بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر شان بوو و دواتریش وەک بێسیمچیی ڕاکاڵ و سەرپەل، جێگری دەستەی کۆماندۆ و بەشداری لە تیمی تەشکیلاتییدا بەرپرسایەتییم وەرگرتوە.

خەرمانانی ساڵی ١٣٧٨ لەگەڵ سێ هاوڕێی پێشمەرگە وەک تیمی سیاسی و تەشکیلاتی بەرەو ناوچەی پیرانشار کەوتینە ڕێ. لەو مەئمووریەتەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک خەریکی ڕاپەڕاندنی کاروباری پێ‌سپێردراو بووین، هەتا ئەوەی دەستی خەیانەت جارێکی دیکە زەبری لە بزووتنەوەی کورد وەشاند. بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەر لە گوندی «قەڵات»ـی مەنگوڕان مابووینەوە. بە پێی ئەرک دەبوا کەسێکی خەڵکی ئەو گوندەمان دیتبا، بەڵام هەر بە هۆی خەیانەتی ئەو کەسە ئاشکرا بووین و دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە هێزێکی زۆری سپای پاسداران دەوری گوندەکە و شوێنی مانەوەی ئێمەیان دا. جگە لە بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگری ڕێگەی دیکەمان نەبوو.

شەڕ دەستی پێکرد. ئەو ماڵەی کە ئێمە تێیدا مابووینەوە لە ماوەیەکی کەمدا بەسەرماندا خاپوور کرا و ئاگری تێبەردرا. لە گەرمەی شەڕەکەدا چووینە ماڵێکی دی، بەڵام جاشەکان دڕتر لە هێزەکانی دیکەی سپا و بۆ دەسخۆشیی زیاتر دەستیان لە گیان و ماڵی خەڵکیش نەدەپاراست. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سێ_چوار ماڵی دەوروبەری ئێمەیان ئاگر تێ‌بەردا و بەردەوام داوای تەسلیم بوونیان لێمان دەکرد؛ بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدەدا.

لەو شەڕە نابەرامبەرەدا دوای چوار سەعات خۆڕاگری بەداخەوە دوو لە هاوڕێکانم بە ناوەکانی «عەبدوڵڵا تەبەرزە» و «مراد ڕەحیم‌زادە» شەهید بوون.

لە گەرمەی شەڕەکەدا ئەو کاتەی هەر چوار کەسمان سەلامەت بوون، بڕیار درا بە بەربەرەکانێی سەخت گەمارۆکە بشکێنین، بەڵام گەمارۆکە زۆر تەنگ بوو. کە شەهید مراد بە گوللەی جاشەکان پێکرا. خۆم لێ نیزیک کردەوە. هەوڵی دەدا کە نارنجۆکەکانی بە جاشەکاندا بدا، کۆتا قسەی ئەوە بوو کە بمکوژە با بەو حاڵە نەکەومە دەستی دوژمن. زۆری نەبرد کە بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەر یەک دانا. شەڕ تا دەهات گەرمتر دەبوو، ئەمن و «کاک ئیدریس هۆرموزی»ـیش بریندار ببووین، بەڵام برینەکانی شەهید عەبدوڵڵا زۆر قورس بوون. برینەکانیم بەست، پاش ماوەیەک نارنجۆکێکیان پێدا داین، شەهید عەبدوڵڵا ویستی نارنجۆکەکەیان پێدا دادەتەوە، بەڵام بەداخەوە نارنجۆکەکە لە دەستیدا تەقیەوە و شپرزی کرد، بەڵام بەو حاڵەش هەتا کۆتایی شەڕەکە زیندوو بوو.

دوای چوار سەعات بە برینداری کەوتینە دەستی دوژمن. هەر لەوێ شەهید عەبدوڵڵا بە دەستی جاشی خۆفرۆش حوسێن شوانکارە، بەبەرچاوی ئێمە و بەبرینداری ئێعدام کرا. هەر لەو جێگەیەڕا ئازار و ئەشکەنجەی ڕۆحیی ئێمەش دەستی پێکرد.

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە بریندار بووین و پێویستمان بە چاودێریی پزشکی هەبوو، بەڵام تەنیا چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە ڕایان گرتین، ئەگەرچی بەوحاڵەش بە بەردەوامی لەژێر بازجوویيدا بووین. دوای سێ ڕۆژ بە برینداری بردیانین بۆ زیندانی ئیتلاعات و ئازار و ئەشکەنجەدانی لەگێڕانەوە نەهاتوو بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ماوەی سێ مانگ درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا لە ئیتلاعاتی شارەکانی ورمێ و پیرانشار لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا بووین. دوای سێ مانگ خۆڕاگری لە بەرامبەر هەموو ئەو ئەشکەنجە و ئازارانە گواسترایینەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ.

دوایە پرۆسەی دادگایی‌کردنمان دەستی پێکرد. سروشتی بوو ئێمە کە لە مەیدانی شەڕیشدا گیرابووین، مافی بەرگری لە خۆمان یان گرتنی پارێزەرمان نەبوو. دادگا خۆی پارێزەرێکی تەسخیریی بۆ دەستنیشان کردبووین کە هەموو کاری ئەوە بوو داوای لێبوردنمان بۆ بکا. ئەوە بوو کە لە چەند کۆبوونەوەی کورتدا کە ئەگەر هەمووی خڕ کەیەوە نیو سەعاتی نەکێشا، بڕیارمان لەسەر درا و سزای بیست ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج‌ـمان بەسەردا سەپا.

دەمبەدەمەی من و قازیی پەروەندەکەم بۆ گێڕانەوە دەبێ.

قازی یەکەم جار گوتی: «حوکمی ئێعدامم پێداوی». لە وڵامدا گوتم چاوەڕوانییەکی لەوە زیاترم لە ئێوە نەبوو. قازی گوتی: «نا ئێعدام بۆ تۆ کەمە، پێی گەورە دەبی. بەڵام حوکمێکم پێداوی کە بتشکێنێ. تۆ دەبێ بە موعتادی لە زینداندا بمری».

ئەو قسەیەی قازی کاریگەریی زۆری لەسەر من دانا. هەر لەو کاتەشدا بڕیارم دا کە دەبێ لە بەرامبەر هەموو ئەو پیلانانەی دوژمندا خۆڕاگر بم.

پێش ئەوەی بدرێمە زیندانی ناوەندیی ورمێ (دەریا) کە بۆ ماوەی سێ ساڵ و نیو لەوێ مامەوە، پێم‌وابوو کە زیندان تەنیا ژوورێکی تەنگ و تاریکە. بەڵام زیندانی دەریا لە بەر چاوم وەک شارێک وابوو، زیندانێک پڕ لە زیندانی. تۆ لەو شوێنە پشت‌ئەستوور بە بیروباوەڕی سیاسیی خۆت کەسێتییەکی دیکەی. ڕەوایی ئەم بیروباوەڕە، بیرکردنەوە لە پرێستیژی حیزبەکەت، قورسایی کەسێتیی خۆت و ئەو چاوەڕوانییە بەرحەقەی لێت دەکرێ، وادەکا زیندان بۆ تۆ سەنگەرێکی دیکەی خەبات بێ و تۆ بتەوێ لەو مەیدانەشدا ڕووسوور بێیە دەرێ.

هەشبوون کەسانێکی نەفس‌نزم کە پشتیان کردبووە باوەڕەکانیان و کەوتبوونە داوی ڕێژیم و لە پێناو چەند ئیمتیازێکی زۆر سووک و چرووکدا سیخوڕییان بەسەر بەندییەکاندا دەکرد و تووشی زەبوونی و کاری قیزەون هاتبوون.

**درێژەی هەیە...**

# کۆرۆنا، تێرۆریزم و شەڕی ناڕاستەوخۆی ئێرانی نەوەستاندوە



و: کەماڵ حەسەن‌پوور

ڤیرووسی کۆرۆنا لەو مانگانەی دواییدا ئێرانی هەژاندوە و بۆتە هۆی داوای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بۆ یارمەتی دانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو پەتایە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئابلۆقە قورسە ئابوورییەکانی هەڵگرێ. بەڵام بە گوێرەی لێکۆڵەرەوان، تەنانەت ئەو پەتا ئیفلیجکەرەش نەیتوانیوە پێش بە پشتیوانییە بێشەرمانەکەی ئێران لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان و شەڕە ناڕاستەوخۆکانی بگرێ.

جەیسۆن برادسکی، بەرپرسی سیاسیی یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی بە فاکس نیووزی گوت: "لابردنی ئابلۆقە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئێران بە هۆی ڤیرووسی کۆرۆنا شتێکی نابەرپرسیارانەیە و نابێتە هۆی جێبەجێ کردنی گیروگرفتە بنچینەییەکە؛ مێژووی بەباشی تۆمارکراوی ڕێژیم لەمەڕ ناکارامەیی و گەندەڵی."

لە کاتێکدا کە مرۆڤ لەوانەیە گریمانەی ئەوە بکا کە قەیرانە بەربڵاوە تەندروستییەکە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێران جەخت لەسەر ئەو شتە بکاتەوە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا دەقەومێ، ڕەخنەگران پێیان وایە کە لە کاتێکدا کە زۆربەی دنیا سەرقاڵە، ئەوان ئاکارە ترسناکەکانیان زیاتر کردوە، هێرشەکانی عێراق، شەڕی یەمەن و گوشار خستنە سەر دوایین پێگەی نەیاران لە ئیدلیب وەک پشتیوانی لە بەشار ئەسەد لە سووریە.

جگە لەوە، ڕێکخراوی لێبوردەیی نێونەتەوەیی ڕۆژی پێنجشەممە ڕای‌گەیاند کە لانی‌کەم ٣٦ زیندانی کە لە ترسی گیرۆدەبوون بە ڤیرووسی کۆرۆنا، کە لە بەندیخانە کاولبووەکاندا بڵاو بۆتەوە نارەزایەتییان نیشان دابوو بە دەست هێزە ئەمنیەتییەکان کوژراون.

هەروەها ڕێکخراوی چاودێریی ئەتۆمیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕای‌گەیاندوە کە تاران پێش بە هەوڵەکانی ڕوونکردنەوەی چالاکییە پێوەندیدارەکان بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە دەگرێ. ڕۆژی چوارشەممە، وتەبێژێکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران ڕای‌گەیاند کە ئێران هەر ئێستا ڕۆژانە ٦٠ سانتریفیووژی پێشەکەوتوو دروست دەکا.

بە گوتەی برادسکی: "ئێران بەردەوامە لە پێشتریێتی دان بە مانەوەی خۆی و دابینکردنی دارایی بۆ بەکرێگیراو و هاوبەشەکانی، لە جیات خەڵکی خۆی، تەنانەت لە کاتی ئەو قەیرانە ئابوورییەدا. بە گوێرەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێبەری گەورەی ئێران تەنیا لە مانگی ڕابردوودا بودجەی سپای پاسدارانی ٪٣٣ زیاتر لەوەی کە سەرۆک کۆمار ڕۆحانی داوای کردبوو بردۆتە سەر و هیی بەسیجیشی زیاتر لە دوو هێندە زیاد کردوە. کەوابوو، مەترسیی بەلاڕێدا بردنی داهات گەلێک زۆرە."

تا ڕۆژی پێنجشەممە، ئامارە فەرمییەکان لە بارەی ڕێژەی گیرۆدەبووان ٦٦٢٢٠ کەس بوو و ڕێژەی کوژراوان ٤١١٠، لە وڵاتێکی خاوەن ٨١ میلیۆن حەشیمەت. بەڵام ڕێکخراوە نەیارەکان دەڵێن ئاماری ڕاستەقینە حەشار دراوە و زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس مردوون. ئا ئێستا ئێران یەکێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤینە کە بە توندترین شێوە تووش بووە.

لە سەرەتاکانی هێرشی ڤیرووسی کۆرۆنا لە مانگی فێوریيە، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕۆحانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە "تێرۆریزمی ئابووری و پزشکی و پێشێلکردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان" تاوانبار کرد و، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئابلۆقە سەختەکان توانایی ئەوانی لە ڕزگارکردنی گیانی ئێرانییان بە شێوەیەکی شیاو گرتوە.

جان ئالتێرمەن، سەرۆکی بەشی خۆرهەڵاتی ناڤینی ناوەندی توێژینەوەی ستراتێژیک و نێونەتەوەیی گوتی: "ئێران چەند گیروگرفتی گەورەی هەن، لەوانە بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە و بەڕێوەبەریی خراپی ئابووری، بەڵام من شکم لەوەدا نییە کە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تاوانێکیان لە بەشمەینەتیی ئێرانییان و قەیرانی بەربڵاوی تەندروستییدا نییە."

نزیکەی دوو ساڵ پێش لە ئێستا، ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما واژۆی کردبوو هاتە دەر و ئابلۆقەکانی چەسپاندەوە. لە سەرەتای ئەو حەوتوویەدا، نزیکەی دەرزەنێک لە دیپلۆمات و کاربەدەستە ئەمنیەتییە پێشووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا، لە نێویاندا وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو مادەلەین ئۆڵبرایت، داوایان لە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کە لانی‌کەم بە شێوەی کاتی ئابلۆقەکان سووک کەن تا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە گیرۆدەبووان پێک بێ.

بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، وڵامی داوەتەوە کە ئابلۆقەکان کاریگەرییان لەسەر کەرتی پزشکی نییە و دووپاتی کردۆتەوە کە واشینگتۆن، لە سەرەتاوە، چڵی زەیتوونی ڕاداشتوە تا یارمەتیی ئەو وڵاتە گەمارۆدراو و گیردەبووانەی ئەم ڤیرووسە بکا. سەرەڕای بانگەشەی بێدەرەتانیی ئابووری، کاربەدەستانی تاران مانگی ڕابردوو خۆیان لە یارمەتیی ڕێکخراوی فەڕانسەویی پزشکانی بێ‌سنوور بوارد و گوتیان بۆخۆیان دۆخەکەیان لەژێر کۆنترۆڵدایە.

برادسکی ئاماژەی بەوە کرد کە، "هاوینی ڕابردوو، ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆک کۆماری ئێران ئاشکرای کرد کە ١ میلیارد دۆلار کە بۆ هاوردە کردنی شتومەکی بنەڕەتی و دەرمان تەرخان کرابوو ون بووە. با باسی ئەوەش نەکەین کە وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠١٨ ئاشکرای کرد کە ڕێژیم کەڵکی لە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی دەرمان لە ئێران وەرگرتوە تا یارمەتیی سووریە بکەن کە بتوانێ پارەی نەوت بدا."

جگە لەوە، واشینگتۆن جەختی کردۆتەوە کە تاران دەتوانێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قەیرانی ڤیرووسی کۆرۆنا کەلک لە پاشەکەوتی سامانی نەتەوەیی وەرگرێ، کە ڕۆحانی حەوتووی ڕابردوو ١ میلیارد دۆلاری لێ‌هەڵگرت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تاران داوای لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دراو کردوە کە پێنج میلیارد دۆلاریان بە قەرز بداتێ تا بتوانێ بەرنامەی دابینکردنی بواری نائاسایی بەڕێوە بەرێ و، واشینگتۆن ڕای‌گەیاندوە کە پێش بەو کارە دەگرێ. لە پەیامێکی تێکەڵی دیکەدا، ڕۆحانی ڕای‌گەیاندوە کە ئەم حەوتووە کەرتە ئابوورییەکان لە حەوتووی دیکەدا دەکرێنەوە، چونکە دژوارترین دۆخی بڵاو بوونەوەی ڤیرووس تێپەڕ بووە.

بنیامی فریدمەن، بەرپرسی سیاسیی ڕێکخراوی دیفێنس پرایۆریتیز گوتی: "ئەوە مومکین نییە کە شێوەی خەرجکردنی پارە لەلایەن ئێران کۆنترۆڵ بکرێ، ئەگەرچی ئەو پێنج میلیارد دۆلارەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دراو کە بەڕێوەبەرایەتی هەوڵ دەدا پێشی پێ بگرێ، دەکرێ ئاراستەکراو و چاودێریکراو بێ، بەڵام ئێمە دەتوانین پشتیوانیی ئێران بۆ بەکرێگیراوەکانی لە عێراق سنووردار بکەین و عەرەبستانی سعوودی ناچار بکەین کە ئاگربڕی یەمەن بکاتە هەمیشەیی، کە دەتوانێ بیانووی ئێران بۆ یارمەتیی حوسییەکانی یەمەن بنکۆڵ بکا. واشینگتۆن دەتوانێ کارێکی باش بکا و بە هەنگاوێکی خێرا، بە هەڵپەساردنی ئابلۆقەکان ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ ملکەچبوون بە بەرجام و بەرنامە ئەتۆمییەکەی سنووردار بکا."

ڕێژیمی ئایینی پێداگر بووە کە پووڵەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە سەرف دەکا، بەڵام ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازیان هەیە و پێداگرن کە ئەوە تەنیا کاری ئەوان بۆ دابینکردنی دارایی بۆ چالاکییە دەرەکییەکانیان، لە پشتیوانیی حیزبوڵڵای لوبنان ڕا بگرە تا دەوڵەتی سووریە و بەکرێگیراوەکانی لە عێراق و یەمەن و هەروەها ڕایەڵەکانی مادەی هۆشبەر لە ڤێنێزۆئێلا، ئاسانتر دەکا.

ئالێکس ڤاتانکا، سەرۆکی بەشی ئێران لە ئەنیستیتۆی خۆرهەڵاتی ناڤین ئەوەی زیاد کرد: "ڕێژیمی ئێران بۆ متمانە پێکردن نابێ. گشت دۆلارەکان دەبێ بخرێنە ژێر چاودێری تا بگاتە دەستی ئەو خەڵکەی کە مەبەستە واتە نەخۆشانی کۆڤید-١٩. ئەوە تەنیا شەڕە ناڕاستەوخۆکان نین کە پرتێچوون، بەڵکوو گەندەڵی و دووبەرەکیی نێوخۆییش مەترسیی جیدین بۆ سەر یارمەتیی دارایی نێونەتەوەیی کە بۆ ئێران دەنێردرێن. ڕێژیم بە پێی نەریت شەفاف نییە و مەترسیی کەڵکی خراپ وەرگرتن لە قەرز و یارمەتیی دارایی گەلێک بەهێزە."

***

**فاکس نیووز – هاڵی مەک کەی**

# کۆچی دوایی دوو شاعیری ناودار و نیشتمانپەروەری کورد





ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ١٦ و ١٧ی خاکەلێوەی ١٣٩٩ی هەتاوی، "باقی شەفیعی" شاعیری خەڵکی پاوە و "ناسر ئاغابرا" خەڵکی مەهاباد کۆچی دواییان کرد.

باقی شەفیعی، شاعیر، هونەرمەند و بەرپرسی یانەی کەلەپووری کوردیی پاوە و یەکێک لە ئەندامانی کۆڕی شاعیرانی پاوە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی بوو. ناوبراو ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە بە هۆی جەڵتەی مێشکەوە لە نەخۆشخانەی شاری پاوە کۆچی دوایی کرد.

ناسر ئاغابرا (ژاکاو)یش شاعیرێکی نەتەوەیی و ناسکخەیاڵی خەڵکی مەهاباد بوو. ئەو لە تەمەنی سێ ساڵییدا تووشی نەخۆشیی سووریژە دەبێ و بینایی چاوەکانی لەدەست دەدا.

ناسر ئاغابرا هەر لە منداڵییەوە دەستی بە هۆنینەوەی شێعر کردوە و، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شێعر و وتارنووسی لە شاری مەهاباد بەشداریی کردوە و لە زۆربەی کێبەرکێکاندا خەڵاتی وەرگرتوە.

ژاکاوی شاعیر دوو دەفتەرە شێعری بە ناوەکانی "کەژاوەی دڵ" و "تریفەی ئاوات" چاپ و بڵاو بووەتەوە. جگە لە شێعر لە بواری نووسینی تەنز، شانۆ و چیرۆکنووسییش دەستێکی باڵای هەبووە. ئەم هونەرمەندەش لە ڕۆژی ١٧ی خاکەلێوەی ٩٩ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

کوردستان
ژمارە: ۷۷۲
۳۱ی خاکەلێوەی ۱۳۹۹ _ ۱۹ی ئاوریلی ۲۰۲۰



شەونم هەمزەیی

# مۆتەکەی بێکاری لە وەیشوومەی کۆرۆنادا

بێکاری وەک دیاردەیەک لە زۆربەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە کۆنەوە تاوەکوو ئێستا هەبووە، لە سیستمی ئابووریی سەردەم وا دەردەکەوێ کە بەشی زۆری خولی ئابووریی چالاک بەبێ هاتنە ئارای دیاردەی بێکاری سەر ناگرێ. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئابووریی نێوخۆ و نێونەتەوەیی دەبێ و کار دەکاتە سەر بوارەکانی گەشەکردن، بووژانەوە و پەرەپێدان کە دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کاری جۆراوجۆر و دواتریش کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاران لە کۆمەڵگەدا.

بێکاری یەکێک لە دیارترین گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تاک و حکوومەتە کە کێشە و گرفتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. بۆیە زۆربەی وڵاتان لە جیهانی هاوچەرخ بە بەردەوامی هەوڵی لێکۆڵینەوە و دەرەنجامەکانی لەسەر کۆمەڵگە دەدەن و دەیانەوێ ژمارەی بێکاران و کێشەی بێکاری کە لە نەبوونی هەلی کاری گونجاو سەر هەڵدەدا، چارەسەر بکەن.

بێکاری لەو کێشانەیە کە سیاسەتمەدار و بڕیاربەدەستانی سەرقاڵ کردوە و هەوڵی دانانی پلان و پرۆگرامی داڕێژراو دەدەن، ئەم گرینگی دانەش لەوەوە دێ کە دیاردەی بێکاری شوێنەواری گەورە بەدوای خۆیدا دێنێ و بە تایبەتی کاریگەر دەبێ لەسەر ژێرخانی کۆمەڵایەتیی وڵاتان. بێکاری نیشانەیەکە بۆ بوونی جیاوازی لە نێوان بڕی خستنەڕووی کار و بڕی کاری بەگەڕخراو، تێکڕای بێکارییش جیاوازە لە نێوان پیشە و چالاکییە ئابوورییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها لە نێوان ناوچەی جوغرافیایی و توێژ و تەمەنە جیاوازەکانیشدا.

لێرەدا کاتێک دەبینین زۆربەی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو لە هەوڵی چارەسەری ئەم کێشەیەدان، ئاخۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا چەند لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە تایبەت بۆ چینی هەژار و کەمداهاتی کۆمەڵگە وەک کرێکاران، بازاڕیان و دەستفرۆشان‌دان؟

کرێکاران و کاسبکاران لە ئێران زیاتر لەهەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە مافیان پێشێل دەکرێ و دەچەوسێنرێنەوە، ئەوان لە بوونی کاری هەمیشەیی، حەقدەست و مووچەی پێویست، ئەمنیەتی کار و بیمەی کۆمەڵایەتیی گونجاو و ستاندارد بێبەشن و لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین. هەر بەم هۆکارانەش نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەردەوامە. ساڵانە زۆر یەک لە چالاکانی کرێکاری لە شار و بەشە جیاوازەکانی ئێران دەسبەسەر دەکرێن و زیندانیی درێژماوەیان بەسەردا دەسەپێ. لە بواری نائەمنبوونی دۆخی کاریشیان دەبێ بڵێین بە پێی ئامارە فەرمییەکان هەر لە سەرەتای ساڵی ۹۹وە تا ئێستا نزیک بە ۱۰۰ کرێکار بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار و هەروەها لە ساڵی ڕابردووشدا نزیکەی ۱۸۰ کرێکار و بە سەدان کرێکاریش لە مافی پێدانی مووچە بێبەشن و کارەکانیان لەدەست داوە و یان لەسەر کار وەلا نراون.

دیاردەی بێکاری چەندین هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی لە پشتە، بەرچاوترینی ئەوانە بریتین لە؛ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان، زیادبوونی ڕێژەی دەرچووانی زانستگەکان، بێتوانایی سیستمی ئابووریی نێوخۆ لە کەڵەکەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان و بارودۆخی ئابووریی جیهانی کە دوچاری بارگۆڕانی ئابووریی ناوبەناو دەبێتەوە و هەروەها کاریگەریی ڕووداو و کارەساتە سروشتییە نێوخۆیی و جیهانییەکان کە دەبێتە هۆی تەنگەژەی ئابووری.

لە ئێستادا دۆخی قەیراناویی ئێران چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان کە بە دۆخێکی خراپی ئابوورییدا تێدەپەڕێ، بە هۆی خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ئابوورییە نێوخۆییەکان و خەرجکردنی لە بوارە جیاوازەکانی وەک پەرەپێدان بە تێرۆریزم و دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچە، پشتگوێخستنی ماف و خۆشبژیویی خەڵک لە کۆمەڵگەی لێکەوتوەتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دۆخی دارایی خەڵک و بە تایبەت چینی کرێکار و کەمداهاتی کۆمەڵگە بەرەو خراپیی زیاتر دەچێ.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە لایەن ئەمریکاوە گەمارۆی خراوەتە سەر و لە چەندین ڕێککەوتنی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی جیهان هاتووەتە دەرەوە و لە لایەکی تریشەوە پەتای بەربڵاوی کۆرۆنا کە بەشی زۆری جومگە ئابوورییەکانی ئێرانی لە کار خستوە، ئایا بەرپرسانی ئەم وڵاتە تا چەند توانیویانە پشت و پەنای خەڵک بن و لەم دۆخە قەیراناوییەدا یارمەتیدەریان بن؟

دەیبینین دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڤیرووسە و تەشەنەسەندنی بە هەموو شارەکانی ئێراندا کە داوا لە خەڵک کرا بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری لە ماڵەکانیان بمێننەوە، چینی کرێکار و هەژاری کۆمەڵگە زیاتر لەهەر کەسێک گوشاریان لەسەرە و بێکار ماونەتەوە و دەسەڵاتدارانیش ئەوەی بە لایانەوە گرینگ نییە ژیان و کار و گوزەرانی ئەوانە.

لە کاتێکدا کە لە وڵاتێک بارگۆڕانی ئابووری ڕوو دەدا و کارەساتێکی سروشتی ڕوو لەم وڵاتە دەکا، هەر زۆر زوو دامودەزگاکانی وڵات دەکەونە خۆ کە کێشەی بێکاری و ژیانی خەڵک چارەسەر بکەن، بەڵام دەبینین لە ئێراندا بە هۆی کەمتەرخەمیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی کۆرۆنا خەڵک زیاتر لەگەڵ نەهامەتییەکان بەرەوڕوو دەبنەوە و کرێکاران و کاسبکاران نەک ئەوەی بژیوی ژیانیان بۆ دابین ناکرێ بەڵکوو بەشی زۆریان کارەکانیان لەدەست داوە.

هەر لەم پێوەندییەدا لە کاتی قەرەنتینەکردنی شارەکان چەندین جار کرێکاران و کاسبکاران کە ناچار بوون لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک لەگەڵ توندوتیژیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوونەوە.

لە لایەکی تریش ئەم چینە داماوەی کۆمەڵگە چەندین داواکاری و نارەزایەتییان ڕوو لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی خستوەتە ڕوو، وەک ئەوەی کە بەشێک لە کرێکان لە نامەیەکدا بۆ حەسەن ڕۆحانی، بە ئاماژەدان بە بەرزبوونەوەی شەش بەرامبەری نرخی کەلوپەلەکان نووسیویانە: ”توانای کڕینی ئەو کەلوپەلانەمان نییە، بە هۆی ئێوەوە و دەوڵەتەکانی پێش لە ئێوەش، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر بووین و توانای کڕینی پێویستییەکانمان دابەزیوە“. هەروەها بە ئاماژەدان بە بیمەی بێکاریی سەردەمی کۆرۆنا بۆ شۆفیران، کرێکارانی بیناسازی، دەستفرۆشان، زۆریەک لە بێکاران و کەسانێک کە داهاتی ڕۆژانەیان لەسەر شەقامەکان پەیدا دەکەن، ڕوو لە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێن: ”دەکرێ بە خەڵک بڵێی لە ماڵ بمێننەوە بەڵام چینی هەژار لەبەر چاو نەگیرێ؟“ هەر لەم پێوەندییەدا و لە کەمپەینێکیشدا کە لە لایەن کرێکاران و کاسبکارانەوە وەڕێخرابوو لەژێر دروشمی ”قەرەنتینەکردن بەبێ بژیوی ژیان واتە برسیەتی“؛ نارەزایەتیی خۆیان لەم دۆخە دەربڕیبوو.

هەروەها کێشەیەکی تری ئەم کرێکارانە ئەوەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی ئەم پەتایە بەشێک لەم کرێکارانە کارەکانیان لەدەست داوە کە هەر لەم پێوەندییەدا ” عەلیڕەزا مەحجووب“ بەرپرسی فراکسیۆنی کرێکاران لە مەجلیسی ئێران ئاماژەی بەوە داوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤیرووسی کۆرۆنا بەشی زۆری کرێکارەکان کارەکانیان لەدەست داوە و دۆخی دارایی ژیانیان خراپە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی بڕیاری دەرکراو لە لایەن شۆڕای باڵای کار، مووچەی کرێکاران بۆ ساڵی ۱۳۹۹ بە یەک میلیۆن و ۸۳۵ هەزار تمەن پەسەند کراوە کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو تەنیا ۳۱۸ هەزار تمەن بەرز بووەتەوە، لە کاتێکدا نرخەکان ٪۴۲ بەرز بوونەتەوە بەڵام حقووقی کرێکاران ٪۲۱ زیادی کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە نوێنەرانی کرێکاری لەم شۆڕایەدا، داواکاری بەرزبوونەوەی لانیکەم ٪۴۵ی مووچەکانیان بوون، بەڵام لایەنی بەرامبەر تەنیا ٪۲۱یان پەسەند کرد.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی دانیشتنی سێقۆڵیی نوێنەرانی دەوڵەت، کارفەرماکان و نوێنەرانی کرێکاراندا ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن کرێکارانەوە واژۆ نەکرا. هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەشەمەدا ئەم دانیشتنە بەڕێوە دەچێ –کە بە پێچەوانەوە ئەمساڵ لە مانگی خاکەلێوەدا بەڕێوە چوو–، نوێنەرانی هەر سێ چینەکە بە لەبەر چاو گرتنی دوو پێوەری؛ نرخی هەڵاوسانی ساڵانە و سەبەدی بژیوی کرێکاران، نرخی مووچەی کرێکاران لە ساڵی داهاتوو یا بەردەمدا دیاری دەکرێ. ئەوەی کە لە لایەن کارناسانی سەربەخۆوە ڕاگەیەندراوە تێچووی سەبەدی بژیوی کرێکاران بۆ خانەوارێکی ۲، ۳ یا ٤ کەسی لە نێوان ٥ میلیۆن بۆ ۸ میلیۆن تمەن مەزەندە دەکرێ؛ کە نیشان دەدا ئەم تێچووە لەگەڵ ڕادەی بناغەیی مووچەی کرێکاران چ جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەی کە باس کرا، زۆربەی کرێکاران لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان لە نەبوونی ماڵ، پاشەکەوت، بیمەی بێکاری دەناڵێنن و بە پێی هەندێک لە ئامارەکان ٪۷۰یان لەژێر هێڵی هەژارییدا دەژین. بێجگە لەوەش کرێکاران بە تایبەت لە کوردستان بە هۆی نەبوونی کارگەکانی بەرهەمهێنان و کەمیی دەرفەتی کار، بە کرێکارانێکی وەرزی دەژمێردرێن و لە گەشبینانەترین حاڵەتدا ۳-٦ مانگ لە ساڵدا هەلی کاری سەقامگیریان بۆ دەڕەخسێ.

دەرەنجامی ئەم بێکارییە چەندین کاریگەریی خراپی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونیی لێدەکەوێتەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە کرێکاری دەست بەتاڵ توانای بەدەستهێنانی داهاتێکی نییە، واتا توانای بۆ کڕین کەمە یان هەر نییەتی، ئەمەش کاریگەریی لەسەر قەبارەی خەرجی گشتی هەیە و، وا دەکا خواستی گشتی کەم بێتەوە خودی ئەمەش کار دەکاتە سەر داکشان و بێبزاوتیی ئابووری. هەروەها لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییشەوە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک هەست بە داڕمان و باوەڕبەخۆ نەبوون بکا و هەروەها، پێبەندی بە ژیان لاواز دەکا و چەندین دیاردەی تاوان و دزی و لادانە کۆمەڵایەتییەکان، دڵەڕاوکێ، نائارامی، خۆکوژی و جێگیرنەبوونی ڕامیاریی وڵاتی لێدەکەوێتەوە.




**بۆ یەکەم جار لە مێژووی دانیشتنی سێقۆڵیی نوێنەرانی دەوڵەت، کارفەرماکان و نوێنەرانی کرێکاراندا ئەم گەڵاڵەیە لە لایەن کرێکارانەوە واژۆ نەکرا. هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەشەمەدا ئەم دانیشتنە بەڕێوە دەچێ –کە بە پێچەوانەوە ئەمساڵ لە مانگی خاکەلێوەدا بەڕێوە چوو–، نوێنەرانی هەر سێ چینەکە بە لەبەر چاو گرتنی دوو پێوەری؛ نرخی هەڵاوسانی ساڵانە و سەبەدی بژیوی کرێکاران، نرخی مووچەی کرێکاران لە ساڵی داهاتوو یا بەردەمدا دیاری دەکرێ. ئەوەی کە لە لایەن کارناسانی سەربەخۆوە ڕاگەیەندراوە تێچووی سەبەدی بژیوی کرێکاران بۆ خانەوارێکی ۲، ۳ یا ٤ کەسی لە نێوان ٥ میلیۆن بۆ ۸ میلیۆن تمەن مەزەندە دەکرێ؛ کە نیشان دەدا ئەم تێچووە لەگەڵ ڕادەی بناغەیی مووچەی کرێکاران چ جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.**

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبان

هەندێک جار ڕووداوی لابەلا کاری پیاو بەقووندا دەخا. ئەم ڕستەیەی سەرەتا کە دوو وشەی ”پیاو“ و ”قوون“ی تێدایە، کێشەی بۆ دروست کردم. بەڵام شەرت بێ بە شەرتی ”پیاو“ان تازە قسەکەم قووت نادەمەوە. بەر لەوەی بچمە سەر ئەو بابەتەی دەمهەوێ باسی بکەم، دوو وشەی ”پیاو“ و ”قوون“تان لەم ڕستەیەدا بۆ شی دەکەمەوە.

دیسان مەڵێن تۆی چۆلەکەی وردیلەی کەللە بچووک لەکوێ ئەم هەمووە شتە دەزانی؟ چەند جاری دیکەش گوتوومە من لەو دارسمە خواپێداوانە نیم لە نێو لێڕەوار و دارستانی دووردەستی مرۆڤ خەریکی سماندن و کونکردنی نێوقەدی دارانن و بە کەیفی خۆیان ئەم دار و ئەو دار دەکەن و ترسی قەل و داڵ نەبێ هیچ مەترسییەکی دیکە بەدی ناکەن. خۆ ئەگەر لە دارستانە دووردەستەکان بوایەم، ژیانێکی دیکەم دەبوو. بەم جۆرە فێری زمانی مرۆڤ نەدەبووم.

هەر چۆنێک بێ، چارەنووسم وایە و کەوتوومەتە ناوچەیەک کە مرۆڤ و دارستان پێکەوەن. منیش هەندێک ڕۆژ چەند سەعاتێک لەسەر دارێک هەڵدەکورمێم و گوێ بۆ قسەوباس و شەڕ و ئاشتبوونەوەی خەڵک ڕادەگرم. ئەو کەللە بچووکەی من کاتێک لە هاڕوهووڕی دارسمین ڕادەوەستێ، مێشکم دەبێتە مەکۆی هەموو لێکدانەوە و ئەزموونەکانی ئێوە. ئەوەی ئێستاش دەیڵێم هەر ئەنجامی ئەزموون و قسەکردن و ڕاگۆڕینەوەی ئێوەیە.

با بەر لە هەموو شتێک ”پیاو“ی نێو ڕستەی یەکەمتان بۆ شی بکەمەوە. بڕوام پێبکەن نە ئەوەی باسم کرد پیاوە و نە منیش مەبەستم پیاو بوو. نازانم بۆچی زۆر جار خەڵک لەجیاتی مرۆڤ دەڵێن ”پیاو“، بەڵام دەزانم ئەوە پیاو نییە و زۆر جار ژنیشە. هەمووتان بیستووتانە هەندێک جار ژنان لە کاتی قسەکردندا لە بارەی شتێکەوە پرسیاریان لێدەکرێ و لە وڵامدا دەڵێن ”پیاو بڵێ چی؟“ یان ئەوەی من لە یەکەم ڕستەدا گوتوومە ”کاری پیاوی بەقووندا دەخا.“ لێرەدا مەبەست نە پیاوە و نە ژن و مەبەست خۆمم کە دارسمەم. توخوا دارسمەش بوو بە پیاو؟

”ف...ی...م...ی...ن...ی...س...ت“ەکانیش شایيان بە خۆیان نەبێ، چونکە لە ترسی ئەوان ”پیاو“م ئەوا شی نەکردەوە و داوای لێبووردنیش دەکەم وشەی پیرۆزی ”فیمینیست“م بە دەم دارکوتانەوە دەربڕی. ئەمە بوو لێکدانەوەی وشەی ”پیاو“ی نێو ڕستەی یەکەمی ئەم بابەتەم.

بەڵام بۆ وشەی ”قوون“ دەبێ بڵێم سەبارەت بەم وشەیە، زۆر لە خەڵکەوە فێر بووم. ئەم وشەیە مانای زۆری لێ کەوتۆتەوە و زیاتری خەڵکیش وا دەزانن تەنیا بە مانای یەکێک لە کونەکانی خوارەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ و گیانلەبەرەکانی دیکەیە. بەڵام لەم ڕستەیەی مندا زۆر لەم مانایە بەدوورە.

ئەم مانایە مەبەستی ئەم چوارینەیەی شاعیری گەورەی کوردە کە دەڵێ:

**ئەی خودای گەورە خالقی بێچوون**
**ئەی ئەوەی دات بە ئێمە زار و قوون**

**یان ئەوان بگرە یان بکە تێرم**
**تێر نەبم بۆچمن سەر و ژێرم**

بۆ ئەوەی زۆر سەرتان نەهێشینم و باسکردنی مەبەستی سەرەکی لەمە زیاتر بە قووندا نەخەم، وا باشە بەم جۆرە بە هێنانەوەی ئەم وشەیە لەگەڵ چەند وشەی دیکە شەرح دان و ڕاڤە و لێکدانەوەکە لەکۆڵ خۆم و ئێوەش بکەمەوە: ”قوونەکەو“، ”قوونەبان“، ”سەرەوقوون“، ”قوون بەگێچەڵ“، ”قوونەدێراو“، ”قووناو“، ”قوون لێکەوتوو“، ”قوونپاڵە“، ”قوون زەرد“، ”سەرمانەقوو“، ”قوون بەگۆنگەڵ“، ”قوونەشەڕ“ و... هیچکام لەمانەشم لەخۆمەوە دەرنەهاوردوە و هەمووی لە مرۆڤەوە فێر بووم.

کۆمەڵە وشەی ”بەقووندا کەوتن“یش لەم ڕستەیەی مندا ماناکەی ئەمەیە: ”کاتێک کەسێک ماندوو دەبێ، دادەنیشێتە سەر زەوی و لە ماندوویی، ”بەقووندا دەکەوێ“.“ ئەمڕۆ کارەکەی منیش بەقووندا کەوت. لەبەرە ئەوەی خۆمم تووشی کارێکی جودا لە کاری خۆم واتە دارسمین کردوە، کارەکەی خۆم کە دارسمینە لێم بەقووندا کەوتوە و ناجوولێ. لە ڕاستییدا دوای کارێک کەوتوومە کە کاری من نییە و کاری خۆمی ماتڵ کردوە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کاری خۆمم بەقووندا خستبوو، گوێم دابوو بە قڕە و دەمەقاڵەی چەند کەسێک. ئەوان کەمی مابوو لەسەر وشەی ”شەهیدپەروەر“ خۆیان بە چڕوچاوی یەکتردا بدەن. ئەو ڕۆژە چەند کەسێک لەبن دارێکدا دانیشتبون. بەوێدا ڕادەبردم. دەمهەویست دارێک بدۆزمەوە نێوقەدەکەی جێدەمی مێشوولەیەک یان کرمێکی پێوە دیار بێ و بیسمم و زیندەوەرەکەی نێوی دەربێنم و خۆمی پێ لەم برسییەتییە ڕزگار بکەم. بەڵام دەنگ و هەرا و هەنگامەی مرۆڤەکانی ژێر دارەکە سەرنجمیان ڕاکێشا و ناچار لەسەر لقێکی سەرسەریان خۆمم مەڵاس دا و گوێم بۆ شل کردن و مێشکم کردەوە. ”پیاو“ەکانی بن دارەکە دوو دەستە بوون. ئەگەر ڕاستییتان دەوێ نەمژماردن هەتا بزانم کام لایەن لە ئەوی دیکە زیاترن، بەڵام ئەوندە تێگەیشتم لایەنێک دەیانگوت ئێمە شەهیدپەروەرین و دەبێ لە پێناو شەهیدبووندا بجەنگین و لایەنەکەی دیکە دەیانگوت نەخێر ئێمە ژیانپەروەرین و لە پێناو ژیاندا شەهید دەبین. بێئەوەی ئاگام لە خۆم بێ، چاوم بە کونێکی نوێی لقەدارە ئەستوورەکەی بەردەمم کەوت و بێئەوەی لە بیرم بێ مرۆڤ لە ژێرەوەمن، دەستم بە سماندنی کرد. ئەوانەی لەژێر دارەکە بوون، سەریان هەڵهێنا. یەکێکیان بەردێکی تێگرتم، لە شەقەی باڵم دا و جێم هێشتن. لە ترسان لێم تێکچوو ئاخۆ مرۆڤ لە پێناو شەهیدبووندا دەژیی یان لە پێناو ژیاندا شەهید دەبێ.

# ئیسلامی سیاسی و سەرهەڵدانی ئەم ڕەوتە

## (سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان)

## (٢_١)



لوقمان مۆئمینی



**پێشەکی**

لە نزیک سێ دەیەی پێشووەوە دەستەواژەی "ئیسلامی سیاسی" لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکان دەبیسترێ. هێندیک جار ئەم دەستەواژەیە بۆ مەبەستی سیاسی یان خوێندنەوەی سیاسی بۆ ئیسلام بەکار دێ، وا نیشان دەدرێ کە ئیسلام لە بنەمادا سیاسی نییە و سیاسیبوونی بەسەردا سەپاوە، بەڵام تایبەتمەندیی سەرەکیی ئیسلامی سیاسی ئەوەیە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە ئیسلام نموونەی دەسەڵات و حکوومەتی هەیە و زۆربەی ئەرکە ئیسلامییەکان ئەگەر لەژێر سێبەری حکوومەت و دەوڵەتدا نەبێ پیادە ناکرێ.

ئیسلامی سیاسی، جۆرێک لە ڕوانینی ئیسلامییە بە دەرەجەی یەکەم خەریکی سیاسەت کردنە نەک ڕۆحانییەت، شێوازێکە خەریکی سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوە و لێکدانەوەی چەمکی ئایین بۆ موسوڵمانان و کۆمەڵگە نییە، ئامانجی سەرەکیی ئیسلامی سیاسی پەرەپێدانی ئەخلاقیات نییە، بەڵکوو ئیسلامی سیاسی دیاردەیەک یان بزووتنەوەییەکە بەبێ ئەملاوئەولا دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەت کردنی کردوەتە ئامانجی خۆی و دیهەوێ و لە پێناویشیدا هەوڵ دەدا وڵاتانی ئیسلامی بە شێوەی "سەدری ئیسلام" واتە سەردەمی پێغەمبەر و جێنشینەکانی بەڕێوە بەرێ.

بە گشتی ئیسلامی سیاسی دەرهاویشتەی مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و بە سیاسی کردنی بە پێی قۆناغە جیاجیاکانە.

**دامەزرانی ڕێکخراوی "ئیخوانولموسلمین"**

یەکەم، بەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) و دابەشبوونی و پێکهاتنی چەند دەوڵەتی نوێ بەتایبەتی دوای ڕووخانی خەلافەت بە دەستی مستەفاکەماڵ ئاتاتورک لە ساڵی ١٩٢٤ کە هەتا ئەوکات ئیستامبول "دارولخەلافەی" موسوڵمانان بوو، لە ناوەندی دارولخەلافەی موسوڵمانان دەوڵەتێکی لاییکی دامەزراند.

دووهەم، چەند ساڵێک دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، شەپۆلێکی فکری و مادیی مۆدێرن ڕوویان کردە وڵاتانی جیهانی سێهەم بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی. ئەم شەپۆلانە هەتا ڕادەیەکی زۆر توانیان ڕوخساری کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بگۆڕن و ئەوکۆمەڵگەیانەیان خستە قۆناغی گوزەر لە سوننەتەوە بەرەو مۆدێرنیزم.

ئیسلامی سیاسی کە هەتا ئەوکات لە نێو سوننەت و دابونەریتە کۆنەکاندا نوقم ببوو، کەوتە دژایەتیی بەرهەمە فکری و مادییەکانی مۆدێرنیزم، ئەو دژایەتییە گەیشتە ئاستێک کە ئیسلامی سیاسی تەواوی بەرهەمەکانی مۆدێرنیزمی وەک، سینەما، تەلەفزیۆن، هونەر، ئەدەبیاتی نوێ، پلۆرالیزمی سیاسی، سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم، دێموکراسی و هتد، بە پیلانی ڕۆژاوا بۆ کرمۆڵکردن و لەخشتە بردنی موسوڵمانانی جیهان دەزانی. لەم هەلومەرجە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەدا بوو کە ئیسلامی سیاسی بە شکڵ و شێوازی ئەمڕۆ سەری هەڵدا.

"شێخ حەسەن بەنا" و هاوبیرەکانی ساڵی ١٩٢٨ ڕێکخراوی "ئیخوانولموسلمین"یان دامەزراند، دروستبوونی ئیخوانولموسلمین گرینگترین خاڵی وەرچەرخانی سەدەی بیستەم لە ژیانی ئیسلامی سیاسییدا بوو. لە ڕاستیدا گەورەترین گرفتی هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوەیە کە نەزانێ لە چ سەردەمێکدا دەژی، چونکە ئەوکاتە ناتوانێ، پێناسە و هۆکارەکانی ئەو سەردەمە ئامادە بکا و نە گوفتمانی ئەو بارودۆخەی پێبێ کە تێیدا دەژیی، بە پێچەوانە دەکەوێتە دژایەتیی زۆر و باردودۆخی نالەباری سەردەمی خۆی. ئیسلامی سیاسییش بەردەوام بۆ چارەسەری قەیرانەکان دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئیسلام لە هەمان کاتدا ترسێکی زۆری لە گۆڕان و پێشکەوتنە نوێیەکان هەیە و دژایەتیی هەموو ئەوانەش دەکا کە باس لە پرۆژەی نوێ دەکەن.

لێرەدا بە کورتی بەراوردێک لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دینی لە ئوروووپا و وڵاتانی ئیسلامی دەکەین.

لە سەروبەندی شۆڕشی فەڕانسە (١٧٨٩) بگرە پێش ئەویش (ڕێنسانس)، خەڵکی ئورووپا بە تایبەتی هێندێک لە بیرمەندانی دیار و ناسراو، کەوتنە ئەو بیرە، کە پێویست ناکا ئایین سەرجەم دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە قۆرخ بکا، چییدیکە بڕیاری یەکلاکەرەوە بەدەست کلیسا و قەشەکان نەمێنێ. ئەوەش بە مەبەستی ڕزگارکردنی بیروبۆچوونی ئەو بیرمەندانە بوو کە بە ناوی ئایین و لە سایەی سوننەت و سوڵتەی کلیساوە بیروبۆچوونەکانیان وەک شتێکی سروشتی لێ قەبووڵ نەدەکرا، تەنانەت زۆر بیرمەند لەسەر بیروبۆچونەکانیان ئەشکەنجە، ئێعدام، یان شاربەدەر کران. ئیدی لەوکاتەوە یانی لە سەرەتاکانی بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی فەڕانسە و گەشەسەندنی پیشەسازی، ئایین وەک کردەوەیەکی تایبەت بە خودی مرۆڤ چاوی لێدەکرێ، هەروەک چۆن ئازادیی بیروڕا لە زۆر وڵاتاندا دەرکەو بە هەمان شێوە ئایین و ئاییندارییش و پێبەندبوون بە بنەما ئایینییەکان بووە بە مافی سەرجەم خەڵکی ئەو وڵاتانە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بیروباوەڕ و فکری نوێ هاتنە گۆڕێ و گەشەیان کرد.

کەچی لێرە، لە ناوەندی جیهانی ئیسلام لە سەرەتای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی دینی و خەلافەتدا دیاردەیەک بە ناوی ئیسلامی سیاسییان وەک هێندێک لە خاوەنفکران خۆیان بە ڕابوونی ئیسلامیی دەناسێنن، دروست دەبن و بەرەبەرە لەنێو کۆمەڵگەدا گەشەیان کرد و جێپێی خۆیان کردوەتەوە و تا ئێستاشی دەگەڵ بێ هەموو ئەو فکر و پێشکەوتنانەی کە ئاماژەمان پێکردن ڕەت دەکەنەوە و بۆ جیهانی ئیسلام بە ماڵوێرانکەریان دەزانن.

بە گشتی و بە کورتی ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ بزووتنەوەیەکی هەمەڕەنگە و چەندین بۆچوونی جیاواز، سیاسەت، کردار و هەڵسوکەوتی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی، بێگومان تا ئێستا لە هەناوی ڕێکخراوی ئیخوانولموسلمین چەندین گرووپ و ڕێکخراوی دیکە لەدایک بوون. بەشێک لەم ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ فتوای کافربوونی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە دەدەن و سەردەمی ئێستا بە جاهیلیەتی نوێ لە قەڵەم دەدەن.

**سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان**

پرۆسەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لە نێوەرۆکدا کۆپییەکی تەواو لە ئیسلامی سیاسیی عەرەبییە، درێژکراوەی ئەو بیروباوەڕ و ڕێبازەیە، لە ناخیدا هەمان ئیدئۆلۆژی و ئامانجی ئەوانی هەڵگرتوە، لە مێکانیزمیشدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیی عەرەبییدا نییە. بیروباوەڕی ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە تەنیا بەڕواڵەت هەڵگری ئاڵای ئیسلامییە، بەڵام لە نێوەرۆکدا خزمەت بە بیری شۆڤینیستیی عەرەبی دەکەن.

ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا شتێک نییە هەروا کتوپڕ سەری هەڵدابێ، بەڵکوو مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەگەر بە وردی باس لە سەرهەڵدان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبوونەکەی لە عێراقدا، چونکە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە عێراقەوە گوازراوەتەوە بۆ کوردستان.

لە سەرەتای دەیەی چلی سەدەی ڕابردوو، ئیخوانییەکان لە هەوڵدا بوون پەیامەکانیان بگەیەننە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٤٣ حەسەن بەنا دوو کەس (حوسێن کەماڵ و محەممەد عەبدولحەمید ئەحمەد)ی وەک نێردراوی خۆی ناردە عێراق هەتا لقێکی ئیخوانولموسلمین دروست بکەن، هەرچەند ئەو دوو نێردراوە بۆ ماوەی چوار ساڵ دەمێننەوە و زۆربەی شارەکانی عێراق دەگەڕێن و پێوەندی بە زۆر کەسایەتییشەوە دەکەن بەڵام هەوڵەکانیان بێئاکام دەبێ. دواتر لە ڕێگەی "محەممەد مەحموود سەواف" کە لە میسر خوێندکار بوو، لەوێ لەگەڵ بیری ئیخوانییەکان ئاشنا دەبێ و لە ساڵی ١٩٤٦ دەگەڕێتەوە عێراق و کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوانی دەکا، هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ "ئەمجەد زەهاوی" کۆمەڵەی برایانی ئیسلامی دادەمەزرێنێ. دواتر لە جەریانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ زانا و ڕووناکبیرانی کورد لەوانە (مەلا ساڵح عەبدولکەریم و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز) توانییان دۆخەکە لە کوردستان لەبار بکەن بۆ لەخۆگرتنی بیری ئیخوانولموسلمین.

بەم جۆرە لە ڕێگەی هەر یەک لە مەلا ساڵح و مەلا عوسمان و حاجی سلێمان و چەند کەسێکی دیکە بیری ئیخوانولموسلمین هاتە کوردستان، بەمەش لە ساڵی ١٩٥٤ ئیخوان بە تایبەتی شانە حیزبییەکانی بنکەیەکی لە کوردستانی عێراق بۆ دروست بوو و مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دەبێتە بەرپرسی ئیخوان لە شاری هەڵەبجە.

سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بە شێوەی ڕێکخراوەیی بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٠ لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران–عێراق، ئەوکات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لێدانی سپای عێراق و لاوازکردنی کاریگەرییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان، ڕێکخراوێکیان بە ناوی "لەشکری ئیسلامیی کوردستان" دامەزراند کە خەرجی ئەم ڕێکخراوەیە و کۆی پێداویستییەکانی لە لایەن ئێرانەوە دابین دەکرا، کەسێکیان بۆ ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبردنی ئەم ڕێکخراوەیە بە ناوی "عەباس عەبدوڵلا شاهین" ناسراو بە ئەبووئوسامە کە عەرەبێکی خەڵکی موسڵ بوو دیاری کرد.

پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوە تێکەڵەیەکی هەمەجۆر بوو لە عەرەب، تورکەمەن و کورد. شێوازی کارکردنی ئەم ڕێکخراوەیە هەر لە سەرەتاوە جێگەی گومان بوو، لە دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی ڕووی ڕاستەقینەی دەرکەوت، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کرانە ئامانج و لە ماوەیەکی کورتدا کۆتاییان پێهات و، ئەوەی ڕزگاری بوو بەرەو ئێران هەڵات و لە ئاکامدا لەبەریەک هەڵوەشانەوە.

ئەوەی مەبەستی ئەو باسەی ئێمەیە بیرۆکەی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخستنی ئیسلامییە کە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٧٥–١٩٧٦ بە ناوی بزوتنەوەی پێوەندیی ئیسلامیی کوردستان، کە دواتر بوو بە "بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردستان" لە ساڵی ١٩٨٤ بزوتنەوەی پێوەندیی ئیسلامیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی "شێخ محەممەد نەجیب بەرزەنجی" ڕاگەیەندرا. بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٨٧، بە سەرەتای دامەزرانی ئەو حیزبە ئیسلامییە دادەنێن. دواتر لە نەتیجەی هاوکاریی نێوان دوو گرووپی لایەنگری ئیخوانولموسلمین واتە گرووپی "سەدیق عەبدولعەزیز" و گرووپی "سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین" لە ساڵی ١٩٩٤ دامەزراندنی "یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان"ی بە سەرۆکایەتیی سەلاحەدین بەهائەدینی لێکەوتەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ گرووپێک وەک گرووپەکانی دیکە لە بزووتنەوەی ئیسلامی جیا بوونەوە و بە سەرۆکایەتیی عەلی باپیر "کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان"یان ڕاگەیاند.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین، لە لایەک دروستبوون و گەشەکردنی گرووپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە کوردستان، ئەنجامی تەشەنەکردنی بیر و بۆچوونەکانی ئیخوانولموسلمینی میسرە لە وڵاتی عێراق بە درێژایی دەیەی ١٩٤٠ کە دواتر ئەو بیر و بۆچوونانە بە هۆی نیزیکیی شاری موسڵ لە کوردستان و تێکەڵاوی و چاوپێکەوتنی هاوبیرانی ئیخوان لە موسڵ و زانایانی دینی و ڕووناکبیرە کوردەکان، ڕابردووی مەزهەبیی شارەکانی کوردستان وەک هەڵەبجە و هەولێر گەیشتە کوردستان. هەروەها بە هۆی نەبوونی مێکانیزمێکی ڕێکخراوەیی وەکوو حیزبی تۆکمە و کارا، ڕێگە بۆ دروستبوونی گرووپە ئیسلامییە کوردییەکان بە جیهادی، سەلەفی، تەکفیری و مییانەڕەو خۆش بوو وەکوو بزوتنەوەی ئیسلامی، حیزبوڵلا، حەماس، یەکبوونی ئیسلامی، جوندولئیسلام، ئەنسارولئیسلام، ئەنسارولسوننە، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی.

باوەڕ بە ئایینی ئیسلام و لاوازی و خۆشباوەڕیی تاکی کورد، هەورەها دڕندەیی، چەوسانەوە و ستەمی زۆر بە درێژایی مێژوو لەسەر دەستی ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق وای لە تاکی کورد کردوە بەردەوام بە دوای ئاسۆیەکدا بگەڕێ دەرگا داخراوەکانی بۆ بکاتەوە و لە هەژاری و بێدەرەتانی و چەوسانەوەی بەردەوام ڕزگاری بکا. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کرد ئیخوانولموسلمین توانیویەتی بە ئاسانی فکری خۆی لە کورستاندا بڵاو بکاتەوە، هەم لە کوردستانیشدا بە ئاسانی پێشوازیی لێکراوە و تا ڕادەیەک توانیویەتی سەرکەوتوو بێ.

**قوتابخانە فکرییەکانی ئیسلامی سیاسی سوننە–شیعە**

بێگومان بنەمای فکریی هەر دووک ئیسلامی سیاسیی شیعە–سوننە، دینی ئیسلامە و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە کە ئەو مێژووە مەبەستی ئەو باسەی ئێمە نییە، ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە ئەو فکرە ئیسلامی سیاسییە نوێیەیە کە زیاتر بە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی سەریهەڵدا، دواتر کۆمەڵێک قوتابخانەی جیاجیای لێکەوتەوە و توانیان هەتا سەرەتای دەیەی هەشتاکانی زایینی ڕیشە داکوتن.

زۆربەی لێکۆڵەران و شارەزایان ئەم ڕەوتە ئیسلامییە سیاسییانەی ژێرەوە، بە شیعە و سوننەوە بە قوتابخانەی فکریی نوێی ئیسلامی سیاسی دادەنێن:

قوتابخانەی سوننە: حەسەن بەنا (میسر) بە دوای کوژرانی، دواتر لە لایەن سەیدقوتب، عەبدولسەلام فەرەج، یووسف قەرزاوی، شێخ عومەرعەبدولڕەحمان هەتا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هات و تیئۆریی توندڕەوانەتریان بۆ داڕشت.

قوتابخانەی شیعە: خومەینی (ئێران)، باقرولسەدر (عێراق)، ڕەوتی محەممەد فەزلوڵلا و شێخ محەممەد شەمەسەدین (لوبنان).

**قوتابخانەی فکریی سوننە**

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە مێژوو بدەینەوە، دەبینین لە سەرەتادا تەنیا حیزبێکی ئیسلامی پێکدێ کە ئەویش "ئیخوانولموسلمین"ە، بەڵام دواتر دەیان ڕەوتی دیکە لە هەناوی ئەو حیزبە جیا بوونەتەوە، وەک قاعیدە و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە و هەموو ئەوانەی کە بە دڕندانەترین و بێبەزەیانەترین شێوە دەرکەوتوون کە نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕەوتە توندڕەوانەیە دەتوانین ئاماژە بە "دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام" بکەین.

حەسەن بەنا دامەزرێنەر و ڕێبەری ئیخوانییەکان، بە دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە دەیهەویست ئامانجەکانی "سەیدجەماڵەدینی ئەسەدابادی" بێنێتە دی، ئیخوان بە ڕوونی ڕایگەیاند کە یەکێک لە ئامانجەکانی، دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییە کە بەکردەوە ڕێسا و یاساکانی ئیسلام جێبەجێ بکا. بە دوای کوژرانی حەسەن بەنا لە ساڵی ١٩٤٩ جووڵانەوەیەکی توندڕەو بە ڕێبەرایەتیی سەیدقوتب لە نێو ئیخوان دروست بوو، ئەوەش بووە هۆی دابەشبوونی ئیخوان، سەیدقوتب تیئۆرییەکی توندڕەوانەی بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتداری داڕشت کە تا ئەمڕۆ وەک ستراتیژیی سەرەکیی بەشێک لە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەناسرێ.

**بنەما سەرەکییەکانی ئیخوان**

١- گەڕانەوە بۆ سەرەتای ئیسلام.

٢- یەکگرتنی جیهانی ئیسلام، چونکە موسوڵمانان یەک ئۆمەتن و نیشتمانی ئیسلامی یەک نیشتمانە.

٣- گشتگیر بوونی ئیسلام و ئاوێتەبوونی دین و دنیا و لێک جیا نەبوونەوەیان؛ ئیسلام، پەرستن و دەسەڵاتە، دین و دەوڵەتە، ڕۆژوو، نوێژ، جیهاد و قورئانە و شمشێرە.

٤- ئامانجی کۆتایی، حکوومەتی ئیسلامییە.

**درێژەی هەیە...**

# نەتەوە و ڕەهەندەکانی شوناسی نەتەوەیی

شاهۆ مەتین

نەتەوە چەمکێکە کە لەسەر هەبوون و نەبوونی، مێژووی دروستبوون و هەروەها تایبەتمەندییەکانی بۆچوونی جیاواز هەیە.

هێندێک لە خاوەنڕایان بۆچوونیان وایە کە نەتەوە جۆرێک کۆدەنگیی زەینییە، چون ئەندامەکانی یەکتر ناناسن، یەکتر نابینن، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەموویان لە چوارچێوەیەکدا ئەندامن، دیاردەی نەتەوە نە سروشتییە و نە هەتاهەتایییە، نەتەوە زۆرتر لە بڕوا زەینییەکان ڕیشەی هەیە تا ڕاستییە ئۆبژێکتیڤەکان. هەر بۆیە لە پێناسەی نەتەوە دوو بۆچوون و ڕوانگەی بنەڕەتی لە ئارادایە.

ڕوانگەی کۆمەڵناسی_مێژوویی و ڕوانگەی سیاسی.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی_مێژووییدا بۆ لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتیی نەتەوە سەرنج دەدرێ و گرینگترینی ئەم لایەنانە بریتین لە کولتوور، باوەڕمەندی، بایەخەکان، زمان، دابونەریت و ... کە ئەم نیشانانە بەرهەمی یەک پرۆسەی مێژوویی درێژ لەنێو یەک وڵاتی دیاریکراودایە.

ئەو نەتەوەیە دەبێ شوناسی هاوبەشی لە ئاست دامەزراوە نێوخۆییەکانی خۆی؛ بنەماڵە، مەزهەب، زمان و هەروەها بیر و پێکهاتەی هاوبەش لەم بەستێنەدا هەبێ و بە جۆرێک هەستی لێکگرێدراو، پێوەندی، دەمارگرژی و خۆشەویستی و سۆز لە نێوانیان هەبێ و بە پێناسەیەکی تر لە سۆسۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی هاوبەش بەهرەمەند بن.

ڕوانگەی سیاسی دەڵێ: نەتەوە یەک کۆمەڵی سیاسییە. بەم مانایە کە بە درێژایی پرۆسەیەکی خەباتی سیاسیی نێونەتەوەیی یا نێودەوڵەتییەکان دروست بووە و پێکهاتەی سیاسیی یەکانگیری لە وڵاتێکی دیاریکراودا هەیە و ئەم پێکهاتەی هێزە بە شێوازی جۆراوجۆر ئەگەری بەدیهێنانی هەیە.

یەک نەتەوەی کولتووری بە هۆکاری هاوشێوەیی و هاوئاهەنگیی سەرچاوەگرتوو لە هاوبەشیی زەینی لە پرۆسەیەکی مێژووییدا لە دامەزرانی ساختارێکی سیاسیی جێگیر سەرکەوتوو بووە. کە ئەم پێکهاتەیە مسۆگەری تەناهیی نێوخۆیی و سەربەخۆیی دەرەکی لە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا بووە.

ئەم نەتەوەیە دەتوانین بە یەک پێکهاتەی سیاسی لە مرۆڤەکان بزانین کە لەسەر ئەساسی هاوبەشیی زمانی، کولتووری، نەریتی و سیاسی لەنێو سنوورێکی جوغرافیایی دیاریکراو پێکەوە ژیان دەکەن .

بە قسەی "ئەلکساندێر نێویل": "نەتەوە لە ڕوانگەی مێژوویی، یەک جڤاکی سیاسیی تایبەتە و نەتەوە گەشەی قەومێکە لە ڕێگەی ڕووداوە مێژووییەکان لێکگرێدراوە و بە گوێرەی ئەم ڕووداوانە، کۆمەڵێک لە بەرژەوەندییە پەسەندەکان، سەرەڕای هێندێک دژوازی و ناتەبایی بەرهەم هێناوە."

جۆری دووهەم: پێکهاتەی سیاسیی خاوەن پێگەی کولتووری-مێژوویی نییە، بەڵام لەسەر بنەمای هاوپێوەندی و ئەساسی ئابووری یا دەستێوەردانی دەرەوەیە.

گەشەی ئابووری لەسەر ئەساسی تێکنۆلۆژیی نوێ لە شێواز و بەرهەمهێنان و هەروەها پێوەندی و زۆریی ڕوانگە ژیارمەندەکاندا لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی بەربڵاوی سیاسی و ئابووری و بەستێنێکی بەرفراوان کە جوغرافیای سروشتی و مرۆیی داگیر دەکا و دەبێتە هۆکاری پێوەندیی دوو لایەنە و، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە خەڵکێک پێک دێنێ .

ئەم پێوەندییە لەسەر ئەساسی پێویستیی کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی دۆخی کۆمەڵایەتییە.

ئەم جۆرە نەتەوەیە پێش دروستبوونی دەوڵەت بوونی نەبوو، بەڵام هاوکات یا دوای دامەزراندنی دەوڵەت، پێکهات.

لێکچوویی کولتووری و بڕواداریی دوای کۆمەڵگەی تازە لە پرۆسێسی بە کۆمەڵایەتی بوون بە نێوەرۆکی نوێی هاوتەریب لەگەڵ ساختاری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی زاڵ، سەقامگیر دەبێ.

پێوەندیی تاکەکانی ئەم جڤاکە لەگەڵ جوغرافیا و خەڵکانی تر لەسەر ئەساسی ئەقڵانییەت و پێویستیی ژیان و تەناهییە، نەک لەسەر ئەساسی خۆشەویستی و لێکگرێدراوی و هاوڕێیەتی.

لەنێو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، نەتەوە جۆرێک جڤاکی سیاسیی یەکگرتووە کە یەک دامەزراوەی سیاسیی زاڵ بە ناوی دەوڵەت دروست دەکەن.

ئەمڕۆ وڵاتانی جیهان لەسەر ئەساسی ئەم دوو جۆر نەتەوەیەن.

بەپێی قسەی "بۆئێر" دەتوانین بڵێین کە ئەمڕۆ دوو جۆر نەتەوەمان هەیە کە یەکێک لەوان هەڵگری پێوەندیی مێژوویی، کولتووری و خوێنییە و ئەوی تر لەسەر ئەساسی ساختاری سیاسیی یەکگرتوو پێکهاتوە .

نەتەوەکان لە ڕابردووی دوور هەموو ئەم تایبەتمەندییانەیان پێکەوە هەبوو و ئەمڕۆکە بەشێک لە ساختاری ڕابردوویان لێک هەڵوەشاوەتەوە و، ساختارگەلی تر بە بەرهەمی نوێتر لە نێویاندا دروست بووە .

بەڵام بەشێکی گەورەی مانەوەی زەینییان کە لە پرۆسەی دووردرێژ دروست بوون بەردەوام درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. بەڵام ئەوانەی هەڵگری بایەخ، بڕوا، دابونەریت، هێما و هەستی هاوبەشن لە زۆربەی بەستێنەکانی وەک بنەماڵە و خزمایەتی و کاروباری جڤاکی و مەزهەبیین.

ئەم گرووپانە هاوبەشیی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری مێژوویی، جوغرافیایی، فەرهەنگی و زەینی پێک دێنن. لەوانەیە ئێستا خوازیاری پێکەوەیی و یەکگرتوویی ڕابردووی خۆیان بن کە پێویستیی بە شکاندنی ساختاری سیاسیی ئەمڕۆکەیە کە لەگەڵ خۆڕاگری بەرەڕوو دەبێتەوە. ئەم جۆرە نەتەوانە دەتوانین بە نەتەوەی کولتووری-مێژوویی پێناسە بکەین و، بزانین کە کەمتر نەتەوەیەک هەڵگری ساختارێکی سیاسیی یەکگرتووی لەم چەشنەیە.

جۆری دووهەم لە نەتەوەکان دەتوانین بە کۆمەڵگەیەک بناسێنین کە هەڵگری ساختارێکی بەرچاو و کۆمەڵایەتیی یەکپارچە و پێکهاتوو لە بەستێنەکانی ئابووری و سیاسیین و لە جوغرافیایەکی دیاریکراو ژیان دەکەن.

هەموو تاکەکانی ئەم جۆرە نەتەوانە هەڵگری پێکهاتە و کۆمەڵە مەعریفەیەکی زەینیی دیاریکراون و لە مەیدانی وردە فۆرمەکان نین، بەڵکوو بە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی پێکهاتەی ڕابردوویان، گەشەی تێکنۆلۆژیی پێوەندی و ئابووری، گەشەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات یەک بیر و خەیاڵ و گرووپی تایبەتیی ئابووری-سیاسی هەڵگری ساختارێکی یەکانگیری سیاسی بوون .

ئەم جۆرە نەتەوانە هەڵگری مێژووی دێرینی هاوبەش نین کە یەک ئوستوورەیان هەبێ، هاوبەشیی کولتووری لەنێو ئەم کۆمەڵگەیانە لەنێو گرووپە بچووکە کۆمەڵایەتییەکانی قەومی، ناوچەیی یا مەزهەبی بوونی هەیە، بەڵام لە ئاستی نەتەوەیی ناتوانین لێکچوویی زۆر لەنێو توخمەکانی ببینینەوە.

نەتەوەکانی کولتووری کە هەڵگری توخمی جوغرافیای مێژوویین و بەستراوەییان بە نیسبەت یەکتر هەیە، بەڵام ئێستا خاوەنی یەک وڵاتی هاوبەش نین، بەڵکوو نیشتمانی ئەوان لەژێر داگیرکاریی نەتەوە یا دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانە (وەک کورد).

بەڵام نەتەوەی سیاسی بە دڵنیاییەوە خاوەن وڵاتێکی هاوبەشن، ئەو نەتەوانە مێژووی درێژی شەڕ و خەباتی سیاسیی هاوبەشن، بیرەوەریی مێژووی هاوبەشیان هەیە و هەر تاکێکی نەتەوەیەکی سیاسی هەڵگری زۆرترین پێوەندیی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیین لەگەڵ یەکتر، گەرچی نەتەوەگەلی کولتووری-مێژوویی لە کاتی ئێستادا پێوەندیی دوو لایەنەی ئابووری و سیاسییان نییە و دۆخی ئاڵوگۆڕی کولتووری و کۆمەڵایەتییان بە هۆکاری دەستێوەردانی سیاسی و جوغرافیایی نەتەوەی سەردەست لە ئاستێکی سنووردارادایە، چون سیستمێکی سیاسیی یەکگرتوو و یەکپارچەیان نییە و لە نێوخۆی ساختاری سیاسیی جۆراوجۆر جێیان گرتوە، کە لەوانەیە خوازیاری گەڕانەوە بۆ پێکهاتەی سیاسیی یەکگرتووی هاوبەشیان بن.

هەرچەند نەتەوەگەلی نوێ کە لەژێر هێژمۆنیی ساختاری سیاسیی هاوبەش و یەکگرتوودان کە لەنێو ئەم ساختارانەدا وەک شارۆمەند پێگە و و ڕۆڵیان هەیە.



## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە

ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی شوناسی نەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پێوەندیی تاک بە سیستمی گشتیی کۆمەڵایەتییەوە ڕاڤەی بۆ دەکرێ.

لە ئەگەری بەهێزیی پێوەندییەکان و پێوەندیی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە، شوناسی گشتیی تاک لە ئاستی نەتەوەیی دروست دەبێ و بەو جۆرەی باوە (ئێمەی نەتەوەیی) بەرهەم دێ. بڕوا بە بوون و پێویستیی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی؛ هەست و بڕوا ویستی بە بەشداری لەم کۆمەڵگەیە، هەستی لێکگرێدراوی هزریی هاوبەش و هەستی وەفاداریی تاک بە کۆمەڵگەی نەتەوەیی، وەرگرتنی یەکتر بە ناوی هاووڵاتی، ڕوانینی پۆزەتیڤ بە ئەوانی تر و ... بەستراوەتەوە.

لە شوناسی نەتەوەیی-کولتووری، ئەم کۆمەڵگەیە بە تایبەتمەندیی فەرهەنگی-مێژوویی پێناسە دەکرێ. بەڵام لە شوناسی سیاسی سەرنج بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی (نەتەوە) دەدرێ .

مەبەست لە شوناسی نەتەوەیی ئەوەیە کە تاکەکانی یەک نەتەوە ئایا بە خولقاندنی یەک کۆمەڵگەی سیاسی بە هێما و تایبەتمەندیی یەکگرتوو بڕوایان هەیە؟ ڕەهەندی مێژوویی و جوغرافیایی ئەم بیرۆکەیە چۆن نیشان دەدەن و چۆن تایبەتمەندییەکی کولتووری پێوە دەبەستنەوە؟ ئایا بەستراوەیی خۆیان لەنێو ئەم سیستمە سیاسییە بە پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ دەبینین؟

## شوناسی نەتەوە لە ڕەهەندی مێژوویی

لایەنی مێژوویی شوناسی نەتەوەیی بریتییە لە ئاگاداریی هاوبەشی تاکەکانی یەک کۆمەڵگە لە ڕابردوو و بەستراوەییان بەم مێژووە و هەستی شوناسی مێژوویی بیرکردنەوە و لێکگرێدراویی وەچە جۆربەجۆرەکان بە یەکتر لە ئەگەری بەربەستی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی یەک نەوە لە مێژوودا.

تاکەکانی یەک نەتەوە نیسبەت بە ڕابردووی خۆیان دەبێ لێکدانەوەی هاوبەش، بایەخ پێدان، هەستی هاوبەشیان هەبێ.

هەر بۆیە شوناسی نەتەوەیی دەتوانین بە شارەزایی و زانست نیسبەت بە ڕابردووی مێژوویی و بڕوا و هەستی هۆگریی هزری بزانین، بوونی هەست و سۆزی باش و خراپ بە نیسبەت پێشهاتەکان، ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان کە بەرهەمی بەریەککەوتن و جێی شانازی لە مێژووی وڵات و هەستی شایی بەخۆبوون یا ناڕەحەتی و سەرشۆڕی و هەست بە شکان بزانین.

## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی جوغرافیاییەوە

بۆ دروست بوونی شوناس یا یەکگرتوویی نەتەوەیی دەسنیشان کردنی چوارچێوە و سنووری یەک وڵاتی تایبەت، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

پێناسەی شوناس لەم ڕەهەندەوە بریتییە لە ڕوانینێکی باش بۆ ئاو و خاک؛ بەم نیەتە کە ئێمە دانیشتووی یەک وڵات و نیشتمانی دیاریکراوین و لە پێگەیەکی دیاریکراو لە سیستمی کەون بەهرەمەندین .

توخمی وڵات کە بە ئابووری و سیاسەت پێوەندییەکی نیزیکی هەیە، یەکەی مانەوە بۆ تاک دیاری دەکا.

هۆگریی هزری بە سنوورە دیاریکراوەکان، پێوەری جۆراوجۆری هەیە کە بریتین لە: بەرگری کردن لە نیشتمان لە کاتی بوونی هەر مەترسییەک، لە سەرتر دانانی ژیان لە وڵاتی خۆی بە نیسبەت هەموو جیهان، ئۆگری بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی وڵات، ڕوانین و بیرکردنەوی باش بۆ نیشتمانی خۆت، هەستی ئاسوودەیی و تەناهی لە ئەگەری ژیان لە وڵاتی خۆت .

لە شوناسی نەتەوەیی کولتوری-مێژوویی، (نیشتمانی مێژوویی) جێگەی سەرنجە، بەڵام لە شوناسی سیاسیی (وڵاتی هەنووکەیی) بابەتی هزرییە و ئەساسە."

## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی کولتوورییەوە:

مەبەست لە کولتوور، کۆمەڵە پێناسەیەکی زەینی و ڕەوانیی هاوبەشە کە لە ڕابردووی مێژوویی دروست بووە و لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بووندا بۆ وەچەکانی داهاتوو گوازراوەتەوە و نەسڵی نوێ وەک میرات و کەلەپووری ڕابردوو بۆیان بەجێ ماوە، کە پێک هاتوون لە بایەخەکان، نۆرمەکان، هێماکان، هەست و ڕوانینگەلێک کە لە بەستێنی بنەماڵە، ئابووری، سیاسی، مەزهەب و کۆمەڵایەتیبوون لەنێو خەڵکی یەک کۆمەڵگە بە شکڵی ویژدانی گشتییان لێهاتوە.

کولتوور سەرەڕای ئەوە کە لایەنی زەینیی هەیە، لایەنی بابەتییشە، کە کۆمەڵێک لەژێر ناوی شارستانیبووندا ناوی دەبەن و وەک میراتێکی کولتووری لەژێر دەستی یەک کۆمەڵگەدایە .

کەلەپووری کولتووریی هەموو ڕەهەندە فەرهەنگییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لەخۆ دەگرێ، کە بە جۆرێک لە ڕووی شارەزایی یا ناشارەزاییەوە، ئێمە دەخاتە ژێر کاریگەریی هێمای مێژوویی یەک کولتوور و یەک نەتەوە حیساب دەکرێ. هەر بۆیە بایەخ دانی کۆمەڵگە بە نیسبەت کەلەپوور و هەڵسەنگاندنی ئەوان بە نیسبەت پاراستن، ڕاگرتن و بەکارهێنانی لە کۆمەڵگەدا، بەشێک لە شوناسی نەتەوەییە.

## شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی سیاسییەوە:

شوناسی سیاسی گرینگترین نیشانەی شوناسی نەتەوەیی پێک دێنێ .

شوناسی نەتەوەیی لە ڕەهەندی سیاسی بەو مانایە دێ کە ئەو تاکانەی لە ڕوانگەی سروشتی و یاساییەوە ئەندامی یەک سیستم یا ساختاری سیاسیین و لەنێو سنووری نەتەوەیی یەک وڵات ژیان دەکەن و بەردەنگی یاسایی ئەو وڵاتەن و لە لایەنی زەینی، خۆیان بە ئەندامی ئەم سیستمە دەزانن .

خۆشەویستی و هۆگری بە یەک سیستمی سیاسی و بنەماکانی ڕەوایی هۆکاری بەهێز و گشتی لە بەهێز کردنی یەکگرتوویی و یەکانگیریی نەتەوەیی دەبێ.

بەڵام لە ئاستی سیستمی سیاسیی یەکانگیر مەبەست لە شوناسی سیاسی ئەوەیە کە شارۆمەندانی یەک کۆمەڵگە ئایا بڕوایان بە بوونی ساختاری سیاسیی یەکگرتوو لە ڕابردووی ئەم کۆمەڵگە سیاسییە، هەیە؟ ئایا بڕوایان بە ساختاری سیاسیی هەروەک ڕابردوو بە یەکپارچەیی ماوە؟ سەرچاوەی هێزی ساختاری سیاسی بە چی دەزانن؟ و زۆر پرسیاری تریش.

ئەوەی لە کۆتاییدا سەر لە نوێ پێویستی بە ئاماژەپێدانە چەندایەتی و چۆنیەتیی نیشانەکانی شوناسی نەتەوەیی ڕێژەییە .

شوناس هەرگیز مانا و نێوەرۆکێکی جێگیری نەبووە و ڕاوەستاوەیی بۆ خۆی قەبووڵ ناکات و هەموو کات چەند لایەنە بوونی قەبووڵ کردوە و ویستوویەتی کە بۆ ماناگەلی جۆراوجۆر بگەڕێ، هەر بۆیە لە چەقبەستوویی و یا داڕمان تەوەللایە .

خاڵێکی تر کە سەبارەت بە ڕێژەیی بوونی شوناس پێویستە ئاماژەی پێبدرێ، ئەوەیە کە شوناس لایەنی سەختی و لاوازی، بوون یا نەبوونی توخم و نیشانەکانی ڕێژەییە .

چون شوناس چۆنیەتییەکە لە پرۆسێسی کات (زەمان)دا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە و لێکدانەوە بۆ وەچەکان و نەسڵی داهاتوو دەگوازرێتەوە و لەم گوازتنەوەیەدا لە ڕێگەی وەرگرتن و ناردن (دریافت و ارسال).

"ئیسمیت" شوناسی نەتەوەیی بەم شێوەیە پێناسە دەکا: "دووبارە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی بەردەوامی هێما و بەهاکان، یادەوەرییەکان ونەریتەکان کە میراتی جۆراوجۆری نەتەوەکان بەرهەم دێنن، دیاریکردنی شوناسی تاکەکان بەو هێمایانە و میرات و توخمە کولتووریەکانە.

بە بۆچوونی "ئیسمیت" ئەم پروسەیە (بونیاتنانەوە) بە چەشنێ بریتی لە هەڵبژاردن، پێکهاتە و کۆددانانی توخمەکانی شوناسی نەتەوەییە.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە وێنەی حەماسەیی لە شوناسی نەتەوەیی بە کاکڵەی خەبات، ئازادی و فیداکاریی تایبەتی نەتەوەکان یا (دەوڵەت-نەتەوە) تازەکان بەستراوەتەوە.

## دەرەنجام

شوناسی نەتەوەیی یەکێک لە نیشانە بنەڕەتییەکانی دروست بوون و درێژەی کۆمەڵگەی نەتەوەییە کە بێهێزی، بەشبەش بوون و لاوازیی ئەوان هۆکاری ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتییە.

بەڵام ئەم دیاردەیە بە لایەنی چەندی و چۆنیەتیی توخمەکانی هەم لایەنی پێناسەی بۆ کراوە و هەم بە پێی کات و شوێنی کۆمەڵایەتی، ڕێژەییە.

ڕێژەیی بوونی بە هۆکاری نکۆڵی یا کەم بایەخ زانینی ئەو نییە، بەڵام پێویست لە هەر کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی بواری هەڵسەنگاندن و خەملاَن و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی برەخسێ.

***

## هەڵکەوتی شاخ و شۆڕش

# ئەحلە میسری، بەتەنیا هێزێک و لە هێزیشدا ورەبەخش



برایم چووکەڵی

شەهید ئەحمەد موزەفەری، ناسراو بە «ئەحلەمسری» ساڵی ١٣٤٠ـی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی هەژار و زەحمەتکێشی ئاوایی «پشتە»ی ڕەوانسەر چاوی دنیا هەڵێنا. قۆناغی منداڵیی ناوبراویش وێڕای زۆربەی منداڵە گوندنشینەکانی کوردەواریی ئەو سەردەمە لە بێبەشی و نەدارییدا تێپەڕ بوو، لەبەر نزمیی باری ژیانی نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و لە خوێندنگە بێبەش مایەوە و بۆ باشتر کردنی ژیانی بنەماڵە ڕووی لە کاری ڕەنجبەری کرد. ناوبراو ٤ خوشک و برایەک و دایکێکی پیری هەبوو بە ناوی «پوورە میسری» و هەر بە خۆشەویستیی دایکییەوە ناوی لێ نرا بوو «ئەحلەمسری».

لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵک بەدژی حکوومەتی گەندەڵی شاهەنشاهی، ئەویش شانبەشانی لاوانی وڵات لەو ڕاپەڕینەدا بەشداریی کرد، بەو ئامانجە کە حکوومەتی شا بڕووخێ و گەلەکەی بە مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بگا. بەڵام کە دیتی بە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەسکەوتەکانی شۆڕش خرانە ژێرپێ و دیکتاتۆرییەکی تازە باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە و کەوتۆتە سەرکوتکردنی ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران و لە بەرامبەریشدا خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، داکۆکی لە ماف و مەوجوودیەتی خۆی دەکا و بۆ ئەم مەبەستەش هەزاران لاوی ئازا و بەجەرگ چەکی پێشمەرگایەتییان کردووەتە شان و بەرەنگاری لەشکریانی جەهل و نەزانی بوونەتەوە، لە ساڵی ١٣٥٩ـی هەتاوی چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان و لە هێزی بێستووندا ڕێک خرا. بەم جۆرە قۆناغێکی تازە لە ژیانی ئەحمەد موزەفەریدا دەستی پێکرد.

ئەحلەمسری بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان چەکی بینیبێ یان دەورەیەکی سەربازیی دیتبێ و بەبێ ئەوەی خوێندەواریی هەبێ، بەهۆی ژیری و تایبەتمەندییە دیار و بەرچاوەکانی ببوو بە فەرماندەیەکی ئازا، بوێر و بەجەرگ کە خۆی بەتەنیا هێزێک و لە هێزدا ورەبەخش و لە شەڕدا یەک پارچە ئاگر بوو. ئەحمەد لاوێکی ژیر و ڕۆحسووک بوو. پڕ لە هەستی شۆڕشگێڕانە بوو، ئیمانێکی قووڵی بە سیاسەتەکانی حیزب و ڕێبازی بزووتنەوەی گەلەکەی هەبوو، بە دیسیپلین بوو، لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. بە هۆی ئازایەتی و لێوەشاوەیی بەرپرسایەتیی پێسپێردرا و چەندین عەمەلیاتی ئازایانەی بەڕێوە برد، دواتر وەک فەرماندەری لکی شەهید محەممەد شەریف دیاری کرا.

شەهید شاپووری فیروزی لە نووسراوەکانی خۆیدا بەم جۆرە باسی شەهید ئەحلەمسری دەکا:

«ئەگەر باسی ئەحمەدمسری بکەم و چەندین ساڵ دانیشم باس لە سەداقەت، داوێنپاکی، حەقیقەت، ئینسانیەت، قارەمانەتی، فیداکاری و لەخۆ بردوویی بکەم هێشتا هیچم باس نەکردوە. کوڕێکی قەدباریک و لاوێکی ژیکەڵە و لەسەرەخۆ بوو، زۆر کەمتەوەقوع، کەمدوێن و مەتین، شەرەف و کەرامەت لە هەموو وجوودی دەباری، لەگەڵ ئەوەی لاوێکی کەمتەمەن بوو بەڵام وەک باوک ڕەفتاری لەگەڵ پێشمەرگەکانی ژێردەستی دەکرد، تەنانەت زۆرجار بۆ شۆردنی لیباس یارمەتیی پێشمەرگەکانی دەکرد. بەدەیان جار بۆ پەیدا کردنی پارووە نانێک بۆ هاوسەنگەرانی خۆی لە مەترسی هاویشت، کەسێکی پاکوخاوێن، ڕەخت و تفەنگ خاوێن، لە کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمن دەتکوت خۆی بۆ شایی و بەزموڕەزم ئامادە دەکا هەمیشە لە شەڕدا وەک هەڵۆ وا بوو، دوژمن لە بەرامبەریدا هەمیشە زەبوون بوو. لەم سەنگەر بۆ ئەو سەنگەر، لەم شاخ بۆ ئەو شاخ، ماندوویی نەناسانە پێشمەرگەکانی سازمان دەدا. تەنانەت جارێک لە شەڕێکدا لە نێوان «لۆنەکۆن» و «لۆنسادات» و «بیڵەوار» بە تەنیا ٤ ماشین کە هەڵگری دۆشکە و نەفەرات بوون، دەردێکی بە هێزی دوژمن کرد کە هەموویان ڕایان کرد و بەتەنیا هەر ٤ ماشینەکەی ئاگردا.»

شەهید ئەحمەد موزەفەری ئەوەندە قارەمان بوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوکاتدا بۆ کوشتنی یەک میلیۆن تمەنی بە جاسووسێک دابوو مەسموومی بکا، بەڵام کاتێک جاسووسەکە چاوی پێی دەکەوێ و هەڵسوکەوتی شەهید ئەحلەمسری دەبینێ دەست بۆ ئەو جینایەتە نابا و پەشیمان دەبێتەوە.

شەهید ئەحلەمسری لەو کاتەوە ڕیزی خەباتکارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژاردبوو، وازی لە ژیانی ئاسایی خۆی هێنابوو. هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی، ئازایەتی و بوێری لە تایبەتمەندییەکانی هەرە بەرزی بوو، قارەمانەتیی ئەو لە شەڕەکانی «کەشکەمیر» کە گوردانی زەربەتی کامیاران بەتەواوی تەفروتوونا بوو، چیای «زەڕنە» کە چەندین جار ڕووی دا، جادەی سنە-هەمەدان لە نزیک پادگانی «مووژەژ» کە فەرماندەی بەدناوی سپای پاسداران «تالبی» کوژرا، شەڕی ١٤ سەعاتەی «چەمشار»، شەڕی ئاواییەکانی «تەجەرە»، «میراوا»، «نەڕان»، «سمان»، «قەسریان»، «چناران»، لە شەڕی گرتنی ٦ پایەگای ڕێژیم لە گوندەکانی «نییەر»، «تەنگیسەر» و «میراو»، هەروەها لە تێکشکاندنی گەمارۆی گەورەی سەر هێزی بێستوون لە بەرزاییەکانی «تا»، «گڵیان» و «پەشاوە»، بەشێک لەو تابلۆ جوامێرانەیە کە ئەحمەد موزەفەری بە ئازایەتیی نەخشاندوویەتی و شایەدی بۆ بوێری و ئازایەتیی ئەو شۆڕە سوارە دەدەن. خۆشەویستترین سەرمایە لای مرۆڤ گیانە و شەهید بەئاسانی بەخشیویە بە نیشتمان، ئەوە باوەڕی قووڵی ئەحلەمسری بوو بۆیەش لە هیچ گیانفیداییەک سڵی نەکردەوە.

شەو و ڕۆژ، گەرما و سەرما، شیو و دۆڵ، تەلان و بەندەن، هەوراز و نشێو، قەتپاڵ و لێڕەوار و خەڵکی قارەمانی کامیاران، ڕوانسەر، ژاوەرۆ و بیڵەوار هەموو شاهیدی بۆ ڕۆڵەی تێکۆشەری دێموکرات دەدەن کە چەندە لەخۆ بردوو، ئازا و فیداکار و بەبڕشت بوو.

بەداخەوە ڕۆژی ٢٢ـی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ کە بەرەو ناوچەی کامیاران دەگەڕانەوە، لە نزیک ئاوایی «وشکەڵان»ی مەریوان کەوتنە کەمینی کۆمەڵە و لەگەڵ ٧ هاوسەنگەری دیکەی بە ناوەکانی «هووشیار منبری»، «هاشم منبری»، «واسع منبری»، «غەفار ئازادوەند»، «عەلی جواهیری»، «بەشیر سوبحانی» و «سەعدی ڕەحمانی» گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی کرد و بە خوێنی خۆیان لاپەڕەیەکی زێڕینیان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کرد.

# پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین



ئامانج زیبایی



پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، ئەم پەرەسەندنە و تەنانەت ڕاگرتنی پێوەندییەکە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەک هەر گرینگە بەڵکوو بۆتە بەشێک لە ستراتێژیی درێژخایەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتی چین دەکرێ بە فرەڕەهەند و لە بوارەکانی جۆراوجۆردا سەیر بکرێ وەک ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کڕینی کەرستەی سەربازی و تێکنۆلۆژیی بەدەستهێنانی ئەم کەرستانە و هاوکاریی چین لەگەڵ ئێران لە بواری بەشی وزە و وزەی ناوکی و دەستپێڕاگەیشتنی تێکنۆلۆژیی کامپیۆتێری و مخابەراتی و سەنعەتی فیلتێری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێ. پێوەندیی نێوان چین و ئێران تەنیا بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران ستراتێژیک نییە و بەڵکوو بۆ چینیش گرینگە، زۆر جار چین لەسەر ئەم بابەتە ڕووبەڕووی گلەیی و گازەندەی ڕۆژئاوا بووەتەوە. هەر بۆیە چین بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەنای هێناوەتە بەر پێوەندیی بازرگانی و لەژێر سێبەری ئەم پێوەندییەدا درێژە بە هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی تریشدا دەدا. پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە مێژوویەکی کۆنی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠ ساڵ پێش زایین و هەتا ئێستا ئەم پێوەندییانە بەردەوام بوون.

یەکەم ڕێککەوتنامەی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ساڵی ١٢٩٩ (١٩٢٠) لە ئیتالیا واژۆ کرا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ڕێککەوتنی "مودت" ناوبانگی دەرکرد.

لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەڕی نێوان ئێران و عێراق، چین مووشەکی کڕووزی بە ئێران فرۆشت و بەم کارەش یاسای MTCR))ی پێشێل کرد. لە ساڵی ١٩٨٥دا ئەم دوو وڵاتە بە شێوەیەکی نهێنی لەسەر یارمەتیکردنی چین بە ئێران لە بواری پەرەپێدان و دانی زانیاریی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی دوو جۆر مووشەکی کڕووز لە جۆری (HY-1 /C-801) و هەروەها لە بواری وزەدا ڕێکەوتن. بە درێژایی شەڕ ئەم دوو وڵاتە پێوەندیی سەربازییان لە نێواندا بوو، لە دوای کۆتایی شەڕ، ئێرانی دوای شەڕێکی هەشت ساڵە بازاڕێکی گەورە و پڕ پیت و بەرەکەت بوو بۆ چین و؛ پێوەندیی نێوان ئەم وڵاتە بواری بازرگانی و ئابووری و سیاسیی بە خۆیەوە گرت. جگە لەم بابەتانە چین کە بە یەکێک لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری هەرە گەورە لە دنیادا هەژمار دەکرێ، هاتە نێو لیستی کڕیارانی نەوتی ئێران. کە ئەم داخوازییە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و چین لە ئێستادا تەنیا کڕیاری نەوتی ئێرانە و بە شێوەیەک لە شێوەکان شەریکە بازرگانیی ئێرانە. لەم دواییانەدا باس لە پلانێکی ستراتێژیی ٢٥ ساڵە دەکرێ، کە بناغەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ دوای سەردانەکەی "شی جین پینگ" بۆ تاران داڕێژرا.

لە کەس شاراوە نییە کە پێوەندیی نێوان ئێران و چین لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی لە بواری سەربازییدا بێبەربەست و کراوە نییە و زلهێزێکی وەک ئەمریکا بەوردی و بە هەستیارییەوە چاودێریی ئەم پێوەندییانە دەکا، سەرەڕای ئەم چاودێرییە بەڵام پێوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، بە شێوەیەک کە پێش ڕێککەوتننامەی بەرجام وڵاتی ئێران لە پلەی ٥٦ی ڕیزبەندی لیستی دیپلۆماسیی بەرگری (دیپلماسی دفاعی)ی وڵاتی چیندا بوو، بەڵام دوای بەرجام ئێران گەیشتە پلەی ٢٣ی ئەم ڕیزبەندییە. سەردانی یەک لە دوای یەکی بەرپرسانی پلە بەرزی سەربازیی هەر دووک وڵات گرینگیی ئاستی پێوەندییەکانی ئەم بوارە دەسەلمێنن.

بەڵام چین لەم پێوەندییەدا بێکێشە نییە. جگە لە بەربەستەکانی ئەمریکا، چین وەک فرۆشیارێکی چەک، تەنیا فوکووسی نەکردۆتە سەر بازاڕی ئێران و دەبێ هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی ڕابگرێ و متمانەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداویش لەدەست نەدا. بۆ وڵاتێکی وەک چین ڕیسک کردن لەم بوارەدا زۆر ئاسان نییە و وێدەچێ کە هاوکاریی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا تووشی کۆمەڵێک گرفت ببێتەوە، گرینگترین بابەت لەم بوارەدا ناکۆکیی نێوان تاران و واشینگتۆن و وڵاتانی ناوچە کە هەمیشە هەڵگری پەیامێکە بۆ وڵاتانی بەهێزی ڕۆژهەڵات وەک چین و ڕووسیە کە ئێران ئاڵتێرناتیڤی زۆری لە بەردەستدا نییە

> ”جگە لە بەربەستەکانی ئەمریکا، چین وەک فرۆشیارێکی چەک، تەنیا فوکووسی نەکردۆتە سەر بازاڕی ئێران و دەبێ هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی ڕابگرێ و متمانەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداویش لەدەست نەدا. بۆ وڵاتێکی وەک چین ڕیسک کردن لەم بوارەدا زۆر ئاسان نییە و وێدەچێ کە هاوکاریی نێوان ئەم دوو وڵاتە لە داهاتوودا تووشی کۆمەڵێک گرفت ببێتەوە“

و لە کاتی تەنگانەدا هێزی دانوستانی لاواز دەبێ و جگە لە چین و ڕووسیە بژاردەیەکی دیکەی بۆ نامێنێتەوە و بە ناچار دەبێ درێژە بەم پێوەندییانە بدا. جگە لەم بابەتە خاڵێکی تر کە ئاستی پێوەندییەکان دیاری دەکات ئەوەیە کە وڵاتێکی وەک چین ٩١%ی نەوتی پێویستی خۆی لە ڕێگەی گەرووی هورموزەوە دابین دەکا و ئەمنیەت و ئاسایشی خەلیج و گەرووی هورموزیش بۆ چین لە ئەمریکا کەمبایەختر نییە و ناکرێ وڵاتێکی وەک ئێران وا پڕچەک بکرێ کە بۆ دوارۆژی چین ببێتە مەترسی و هەڕەشە بێ بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. سەرەڕای ئەمانە چین بە باشی هەستی بە گرینگیی ئێران کردوە لە بواری بازرگانی و هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکیەوە. هەر لەبەر ئەم دوو هۆکارەش ئاستی پێوەندییەکانی خۆی سنووردار کردوە و ئەم دوو خاڵە بەهێزەی ئێرانی وەک مەترسییەکیش بۆ خۆی سەیر دەکات و ئاستی پێوەندییەکانی سنووردار کردوە.

دژایەتیی چین بۆ بە ئەندام بوونی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای نموونەی بەرچاوی ئەم بابەتەیە. هۆکاری سەرەکیی ڕەدکردنەوەی داوای کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە ئێران تەنیا بۆ خۆ پڕچەک کردن دەتوانێ پشت بە ڕووسیە و چین ببەستێ، لە کاتێکدا کە وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بە تایبەتی ئیمارات و عەرەبستان ئاپشێنی زیاتر لە ئێرانیان لە بەردەستدایە و ئەم هەنگاوانەش دەتوانێ ناوچەکە تووشی ئاڵۆزیی زیاتر بکا و هاوسەنگیی هێز نەک هەر تێکبچێ بەڵکوو هەر لە نێوی بەرێ و ئێران بەرەو سەرەڕۆیی زیاتر و وڵاتانی کەنداویش تووشی پەرچەکردار بکاتەوە.

چین وەک ئەندامێکی شۆڕای ئەمنیەت گرینگیەکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە. لە ئێستادا وەک بە تەنیا کڕیاری نەوتی ئێران دادەنرێ و بەو پێناسانەی کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باسی دەکەن شەریکی بازرگانیی ئێرانە، ئەم گرینگییە بە ڕوونی دیارە بە جۆرێک کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە لێدوانێکی خۆیدا لە ٩٦/١١/٢٩ پێوەندیی ڕۆژهەڵاتی بە پێویستتر لە ڕۆژئاوا زانی، ئەمە لە کاتێکدایە کە خومەینی هێڵی سیاسەتی لەسەر بناغەی دروشمی (نە شرقی نە غربی) بنیاد نابوو. ئەمەش بڵێین چین کە ئەندامی شۆڕای ئەمنیەتە و مافی ڤیتۆی هەیە هیچ کاتێک نەک بڕیارنامەکانی ئەم شۆڕایەی بەدژی ئێران ڤیتۆ نەکردوە بەڵکوو دەنگی مەنفیشی بە بڕیارنامەکان نەداوە.

حەسەن ڕۆحانی لە پووشپەڕی ١٣٩٧ لە وڵامی ئەوەدا کە دروشمی (نە شرقی نە غربی) پەراوێز خراوە! ڕایگەیاند کە ئێمە نە تەسلیمی ڕۆژاوا بووین نە ڕۆژهەڵاتیش، ئەم دروشمە بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە نابێ هیچ جۆرە پێوەندییەکمان هەبێ لەگەڵ ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات.

ئەوەی هەتا ئێستا لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ڕووی داوە وەلابردنێکی ئاگایانەی ڕۆژئاوا بووە و پەنابردنێک بۆ باوەشی ڕۆژهەڵات. سیاسەتی چەوت و پڕ لە هەڵەی ئێران و دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوخۆی دراوسێکانی و ئاژاوەگێڕی وای لە کۆماری ئیسلامی کردوە کە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدا. نموونەش بۆ نەمانی ئەم سەربەخۆییە، لێدوانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووی باڵوێزی چین بوو لە تاران بەرامبەر بە وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران و بەرپرسی هێڵی فڕۆکەوانیی ماهان کە بە شێوەیەکی هەڕەشەیی داوای لێکردن کە ڕێز لە وڵاتی چین بگرن و، هەر زۆر زوو بەرپرسانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی داوای لێبووردنیان لە چین کرد و تەنانەت باسی لێکۆڵینەوەشیان کرد لە کیانووش جەهانپوور بۆ ئەوەی دەستی پشتی پەردەی ئەم کارە ئاشکرا بکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەزگای دیپلۆماسیی ئێران پشتیوانیی لە وتەکانی "چانگ هووا" باڵوێزی چین لە تاران و سەرکۆنەی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی خۆیان کرد.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ئاستی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و چین بۆمان دەردەکەوێ کە پێوەندییەکی بەرژەوندیخوازانەیە لە هەموو بوارەکاندا بەو جیاوازییە کە ئێران لە ڕووی ناچارییەوە دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ ئاستی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ چین درێژە پێبدا، جا بە هەر نرخێک بێ تەنانەت ئەگەر ڕێژەی سلامەتی و تەندروستیی دانیشتووانی خۆیشی بخاتە مەترسییەوە و، بەکردەوە ئەمەی سەلماندوە کە ئەگەر لە سەرەتاوە بە پارێزەوە ڕووبەڕووی پەتای کرۆنا ببانەوە و هاتوچۆکانی خۆیان لەگەڵ چین کە سەرچاوەی ئەم پەتا کوشندەیە کەم کردباوە، لەوانە بوو ئێستا خەڵکی ئێران و تەنانەت چەندین وڵاتی دراوسێی ئێرانیش تووشی ئەم قەیرانە نەبووبانەوە، هەر ئەمەش یانی بە هەر نرخێک بێ ئێران خوازیاری ڕاگرتنی ئەم پێوەندییەیە و لە هەمان کاتدا چین پێوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ ئێران هەیە وەک پێوەندییەکانی تری، بە شێوەیەک کە ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئەم دوو وڵاتە کە نزیک بە ٣٧ میلیارد دۆلارە تەنیا ٨%ی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی چینە، بەڵام چین لە بواری وزەدا بەکارهێنەرە و ئێران بەرهەمهێنەرە (نەوت و گاز) و بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چین، ئێران تەنیا سەرچاوەیەک نییە کە چین پشتی پێبەستبێ. کێشەیەکی دیکە کە بەرۆکی ئێرانی گرتوە شێوەی پێدانی ئەم پووڵەیە کە چین دەبێ بیدا بە ئێران، بۆیە لەم بوارەشدا کە کێشە هەیە، چین بەرهەمەکانی خۆی بە کوالێتییەکی کە خۆی دیاریی دەکا دەدا بە ئێران و بژاردەکانی بەردەم ئێران زۆر نین.

لە کۆتاییدا بۆ هەموو کەس ڕوونە مەبەستی دەوڵەتێکی بێدەسەڵات کە پێش بە هاتنی پزشکانی بێسنوور دەگرێ و بە چاوی سیخوڕ و جاسووس سەیریان دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگەی داوە بە چینییەکان کە خەت و نیشان بۆ بەرپرسانی ئێرانی بکێشن و تەنانەت هاتوچۆی ئێرانییەکانیان بۆ چین قەدەغە کردوە.

***


ڕەسووڵ سوڵتانی

# ڕابوون ڕۆژهەڵات
# سەفەری بێسنوور بە پاسپۆرتی وشە



**پێکهاتەشکێنیی زمان، واتا، فۆرم**

لەگەڵ پەرەگرتنی بیری فۆرمالیستە ڕووسییەکان، ڕوانگە و تێڕامانی ئەدیبان و شاعیران بۆ شێعر گۆڕانی بەسەردا هات و، شان بە شانی ئەوان لێکۆڵەران و توێژەرانی ئەو بوارەش بە ڕێچکەیەکی جیاوازتر لە جاراندا کەوتنە ڕاڤە و لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان و ڕێک لەو کاتەوە زمان لە دەقی ئەدەبی بە تایبەتی لە شێعردا گرینگی و بایەخی تایبەتی پێدرا و بوو بە بابەت و مەبەستی یەکەم لە لێکۆڵینەوەکاندا، تا وای لێهات گوتیان لە دەرەوەی زمان هیچ شتێک بایەخی ئەوەی نییە لێی بکۆڵیتەوە.

زمان ماڵی هزرە، بەبێ زمان مرۆڤ ناتوانێ شەپۆل و لێشاوی هزرەکانی کۆ بکاتەوە و مانایان پێ ببەخشێ، بە تایبەتی کە دێینە نێو گۆڕەپانی شێعرەوە، ئیتر زمان دەبێتە جیهانێکی سەربەخۆ، جیهانێک کە شاعیر بنیاتی دەنێ و خوێنەر بە کۆڵانی مانادا دەگێڕێ. بەڵام ئەو زمانی شاعیرانەیە چ سحرێکە؟ زمانێکی ئاسمانییە؟ هەر ئەو زمانە نییە کە ئێمە پێی دەدوێین؟ بەڵێ و نەخێر.

بەڵێ، وشەکان بەڕواڵەت هەر ئەو وشانەن کە ئێمە بیستوومانن، بەڵام چنراوەی وشە و ڕستەکان بوونەتە هۆی بنیاتنانی جیهانێکی نوێ. جیهانێک، کە ڕامانده‌چڵەکێنێ و تووشی تێڕامان و وردبوونەوەمان دەکا. چونکە شاعیر پێ دەنێتە ئەوپەڕی ئەو کەوشەنەوە کە ئێمە لەگەڵی ڕاهاتووین. ئەو بە لە پەنا یەک دانانی وشەکان و بە شکاندنی ئەو ڕێسایانەی تا هەنووکە ئێمە لەگەڵیان ڕاهاتووین، سیستمێکی زمانیی نوێ بەرهەم دێنێ، سیستمێکی زیندوو، کە ئێمە تێیدا ژیانێکی نوێ ئەزموون دەکەین و هەناسەیەکی نوێ هەڵدەمژین، هەر ئەوە بوو کە فۆرمالیستەکان ناویان نا نامۆکردنەوە یان ئاشنایی سڕینەوە.

**ئاشنایی سڕینەوە چییە؟**

ئێمە لە ڕەوتی ڕۆژانەی بەکارهێنانی زماندا دەگەینە ئاستێک، کە ئیتر بیر لە گەوهەری وشە و زمان ناکەینەوە. تەنیا بیر لەوە دەکەینەوە پەیامێک بە ڕوونی بگەیەنینە بەرامبەرەکەمان. هەر بۆیە ئەوەی لە قسەی ڕۆژانەدا و تەنانەت لە بوارەکانی جیا لە ئەدەبیاتدا لەگەڵی ڕووبەڕووین، زمانێکی تاکڕەهەندیی داماڵراوە، کە تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیاندنی مانا. لە ئەدەبیاتدا ئەو شتە پێچەوانە دەبێتەوە. ئەوەی وا دەکا ئێمە چێژ لە شێعر وەرگرین، پێوەندییەکی چڕوپڕی بەو بابەتی نامۆکردنەوەی زمانەوە هەیە، کە فۆرمالیستەکان واتەنی: تۆزی عادەتی ڕۆژانە لەسەر زمان دەتەکێنن.

فۆرمالیستەکان بە پێداگرتنەوە لەسەر مەسەلەی زمان وەک بابەتی سەرەکی، ئاماژەیان بە لادانی لە ڕێسا باوەکانی زمان کردوە، کە شاعیر بە لادان لە ڕێساباوەکان و شکاندنی ئەو ڕێسا باوانە، فۆرم و واتای نوێ دەخولقێنێ، ئەگەرچی ئەوان فۆرم و واتا بە دوو شتی لێکجیاواز نابینن. شکلۆفسکی یەکێک لە بەناوبانگترین فۆرمالیستەکان دەڵێ: "ئامانجی زمانی ئەدەبی ئەوەیە بە فۆرمی نوێ و نائاسایی، تۆزی خووخدەی ڕۆژانەمان دەتەکێنێ."

ڕابوون بەو پێکهاتەشکێنییەی کە دەیکا و لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی نوێی زمانی دادێنێ، ئێمە لە زمانی ئیدئۆلۆژی واتە ئەو زمانەی پێشتر خوومان پێوە گرتبوو دادەبڕێ و سیستمێکی نوێی نیشانەییمان دەخاتە بەردەم. سیستمێک کە مێشکی خوێنەر ڕادەچڵەکێنێ و نقورچکێک لە ڕوانگەی ئیستاتیکیمان دەدات.

**نێوانده‌قیەتی، یان دەقاوێزان لە غەزەلەکانی ڕابووندا**

شکلۆفسکی دەستەواژەی پێوەندیی نێوانده‌قیەتی یان دەقاوێزانی داهێنا و لەوەشدا پشتی بە بۆچوونەکانی باختین بەست. بەو مانایە کە ئەو دەقانەی لە بابەت و باسێکی هاوبەش دەدوێن، لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا پێوەندییان پێکەوە هەیە و جۆرێک یەکتردواندن (مکالمە) لە نێوانیاندا هەیە.

بەو پێیە، هیچ دەقێک لە بۆشاییدا لەدایک نابێ. بە تایبەتی کە شاعیر لە کۆنەستی کۆمەڵگەی مرۆییەوە باسی ئازارەکان دەکات و لە کۆنەستی نەتەوەکەی خۆیەوە برین و ژانەکانی نیشتمان دەنووسێتەوە.

**وەرن بمخۆن برایانم، وە ڕادەستی مفیستۆم کەن**
**وەرن وێڕای خەنجەرتان، شەوێکی دەست لە ئەستۆم کەن**

**لەسەرمی کەن ئەوی مێژوەی دڕوویە، شای لە خوێن گەوزاو**
**شکۆی زیاتر دەبێ، تینوویە گەر قینتان، دە تۆ تۆم کەن**

**شەوی ئاخر لە بیرتان بێ، بە مەستی ڕاکەنە جەستەم**
**لەخوێنم پێکی سەرسوڕمان هەڵێنن و جا قەلاچۆم کەن**

**هەواڵی من بەرن بۆ چاوی کەنداوێکی ئاژاوە**
**یەهوودایانە بن ئێوە و مەسیحایانە جا، هۆم کەن**

**بە خاچێکم ببەخشن پڕ لە ئاوێنەی هەمووتان بێ**
**ئەمن مەرگم؛ عەیامێکە، لە گۆڕخانێکی تاپۆم کەن**

**سنوورتانم بەزاند و خۆم لە خۆم دا ون دەبووم پێم وا**
**ئیتر نەمزانی ئێوەی من، دەبێ پشتتان لە ئاسۆم کەن**

**وەرن ئەی کەڵبەکانی نیشتمان، تیژتر بە ناخم دا**
**سبەینێتان درەنگانە لە من دا، ڕوو لە ئەوشۆم کەن**

شاعیر لەم غەزەلەدا، بە گەڕانەوە بۆ بەسەرهاتی لەخاچ دانی عیسای مەسیح و خیانەتی یەهوودا و درکەتاجەکەی سەری عیسا و خوێنی عیسا، ئاماژە بە برافرۆشی و خیانەتی هاوزمانەکانی دەکا، لە زمانی کەسێکەوە، کە هاوزمانەکانی خۆی فرۆشتوویانەتەوە و ڕادەستی دوژمنیان کردوە. ئەم دەقە وەک هزر، پێیەکی لە چیرۆکی مەسیحدایە و چاوێکی لە مێژووی خوێناوییە و ئاوێنەیەکیشی لەبەردەم غەدری هاوزمانەکانیدا ڕاگرتوە.

**شکاندنی نۆرم و ڕێسا باوەکانی زمان**

لادان لە نۆرمەکانی زمان باسێکی بەربڵاوە، کە لادانی واتایی و ڕێزمانی و پێکهاتەیی لەخۆ دەگرێ.

یاکۆبسۆن پێی وابوو، پرۆسەی پێوەندی شەش پاژی هەیە کە بریتین لە: بێژەر، بەردەنگ، پردی پێوەندی، نیشانە، پەیام و بابەت. مرۆڤ لە ئاخافتنی ڕۆژانەی خۆیدا بە پێی ڕێزمانی باو قسەکانی دەکا و پەیامەکەی بە سەرڕاستی دەگەیەنێتە بەردەنگەکەی. بەڵام لە ئەدەبیاتدا زۆربەی کات بۆ کاریگەرتربوونی زمان و چڕکردنەوەی مانای زۆر لە وشەی کەمدا، ئەو ڕێزمان و نۆرمانە تێک دەشکێن و ئەوە بەشێکە لە سڕینەوەی ئاشنایی و نامۆکردنەوەی وێنە و زمان. سیرووسی شەمیسا دەڵێ: "خۆ هەموو لادانێکی زمانی نابێتە داهێنان، بەڵکوو ئەو لادانە دەبێ بنەمایەکی جوانیناسانە و ئیستاتیکیشی هەبێ."

ڕابوون دوو جار لە نۆرم و ڕێساکان لا دەدا. یەکێکیان ئەو کاتەیە کە ڕێسا ڕێزمانییەکانی زمان دەشکێنێ وەک:

**چاوەکانیشت، دەڵێی ئاور لە ناخیاندا ژیاوە**
**ڕەمزی چیین ڕێنووسی ئەو چاوانە وا پڕ نوورە دێڕی؟**

خەڵک لە قسەکردنی خۆکاو (ئۆتۆماتیک)-ی ڕۆژانەیاندا هەرگیز ناڵێن ئاگر ژیاوە، یان ئاگر دەژی، دەڵێن ئاگر داییسێ، کەچی شاعیر پێمان دەڵێ، ئاور لە ناخی چاوەکاندا ژیاوە.

هەر لە پرۆسەی ئاشنایی سڕینەوەدا داهێنانی دەستەواژەی ڕێنووسی چاو، ڕێنووسی ئەو چاوانە کە دێڕەکانی پڕن لە نوور، داهێنانێکی واتایی و ئاشنایی سڕینەوەیەکی نوێیە. لێرەدایە خوێنەر ڕادەچڵەکێ.

یان؛

**یا جەنگەڵی ئەو دارە وا ئاسمان لە پەنجەیدا ونە!**

**ئاشنایی سڕینەوە بە دروستکردنی پێکهاتەی نوێی زمانی وەکک**

**ئیلهامی پێ کردووم هەور، هەر چۆڵگەیەک بخوێنمەوە**
**هەر چۆمێ وشکی بێتە ڕێی، تا ڕێژنەیەک بڕوێنمەوە**
چۆڵگەیەک بخوێنمەوە
ڕێژنەیەک بڕوێنمەوە

**خواستنەوە (ئیقتباس)**

خواستنەوەی دێڕ یان نیوەدێڕێک لە شاعیرانی پێش خۆی و بەکارهێنانەوەی بە شێوازێکی نوێ و دارشتنەوەیەک، کە یان مانایەکی جیاوازی دروست کردبێ، یان ئەوەتا بۆچوونەکەی خۆی پێ پشتئەستوور کردبێ و وەفادارییەکیشی بۆ ڕابردوو نیشان دابێ وەک:

خەتتی خۆر و خەونی دەریا و سەوزیی ژینی لووتکەیەک
بوونە "تاوانی ئەوانەی وا لە سێدارە دران"

کە ئاوڕدانەوەیە لەو شێعرە بەرزەی قانع وا لە شینی کۆمار و لەسێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانیدا نووسیویەتی و دەڵێ:

**چی بوو تاوانی ئەوانەی وا لەسێدارە دران؟**

**گەڕانەوە بۆ مێژووی دوور یان نزیک**

گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆن یان نزیک، ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانیش، بەشێکە لە داهێنانی ڕابوون و بەو شێوەیە، هەم ئوستوورە و ڕەمزەکانی مێژوومان بۆ زیندوو ڕادەگرێ، هەم لەو سۆنگەیەوە غەدرەکانی مێژوومان وەبیر دێنێتەوە.

**بەیتی شانامەیی کوردانە قەڵای دەمدمی دێرین**
**شێعری دیوانی گەلە، باڵی کچێک ئایەتی خوایە**

**دەبێ جوغرافی بزەی چیی کورە پڕ پڕ بێ لە مێژووی**
**پەیکەرێک نەخشی دڵی شۆڕە مەلانی دەقەڵایە**

**گەیوەتێ بانەمەڕێک چەشنی چیای داسنی ئەمڕۆ**
**سەیدەوان شۆڕشی سەوزایی ئەوینی لەسەرایە**

بە گشتی، غەزەلەکانی ڕابوون، هەناسەیەکی نوێیان بە بەر غەزەلی کوردییدا کردەوە و زمانێکی نوێ و ڕێچکەیەکی نوێیان بۆ شاعیرانی ئێستا کردەوە و، سەلماندیان هێشتا زمانی کوردی لەو گۆڕەپانەدا توانای ئەوەی هەیە ئەسپی خۆی تاو بدا و ئەگەر کۆمەڵێک کەس پێیان وایە کێش و سەروا قەڵەمی دەست و پێی شاعیر دەبەستن، دەبێ بڵێین ئەو کەسانە لە دەرەوەی کێش و سەرواش هەر لە ئاست زمان و داهێنانی شاعیرانەدا دەستەوەستان و کۆڵەوارن.

***

## وانەکانی مافی مرۆڤ
(٥)

# مافی سروشتی


شاڕۆخ حەسەنزادە

زاراوەی سروشتی لەم پێکهاتەیە (مافی سروشتی) ئاماژە بە دوو مانا دەکا کە پێوەندییان پێکەوە هەیە: سەرەتا ئەوەیکە ڕێسا و ڕێنیشاندەرێکن کە تەنیا یاسا و نەریتی کۆمەڵگە ناوچەییەکان نییە، بەڵکوو ڕێساگەلێکن کە جێ باوەڕی ئاکاری جیهان داگرن.

دووهەم ئەوەیکە، پرێستیژی ئەم یاسایانە وەکوو ڕێساگەلی سروشت، گرێبەست و پاشکۆ ڕەوش و کولتووری مرۆڤایەتی نییە بەڵکوو یاساگەلێکن کە سروشتی ئەقڵانیی مرۆڤ باوەڕیان بەم ڕێسا و یاسایانە هەیە، بەر لە هەرجۆرە دۆخ و گرێبەستێکی بەشەری. بەڵام ئەوەیکە ئەو ڕێسایانە بە چ شێوەیەک لە نێو ئاوەزی مرۆڤایەتییدا چێندراون، بۆچوونێک هەیە دەڵێ کە ئەمە خواوەندە ئەوەی خستۆتە مێشکی بنیام و بە شێوەی کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانی یان بە ڕێگای هەوڵی ئاوەزمەندیی خۆی پێی گەیشتوە. ڕوانگەکەی دیکە دەڵێ، ئەم یاسا و ڕێسایانە بەدوور لە خواست و ئیرادەی خوا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و خۆزاو بوونیان هەیە و حاڵەتی ئاشکرا بوونی جیهانی ماتریاڵ (ماکە) گەوایی بە بوونی ئەمانە دەدا. باوەڕمەندان بە مافی سروشتی پێیان وایە، هەنێک ماف سەرتر لە خواست و ویستی یاسادانەرن و ناتوانرێ ئەمانەی لێ بستێنی و هاوێرنەکراو لە زاتی مرۆڤەکان بوونیان هەیە، ئەم مافانە پێوەندی بە تێپەڕینی زەمەنەوە نییە و سەرجەم تاکەکانی مرۆڤایەتی لە هەر ڕەگەز و لەونێک لەخۆ دەگرێ. کەوابوو ئەم مافانە بەسەر حقووق و پێویستییەکانی مافی ڕۆنراو، وەفادرای سیاسی و سەربەخۆ لەوانی دیکەیە و لە جێگایەک کە هێشتا حکوومەت و یاسا دانەنراوە، بەکار دێ؛ بەڵام ئەوەیکە مرۆڤ چونکوو ئینسانە بۆ دەبێ مافێکی ئەوهای هەبێ بە پێی بۆچوونی ئیلاهی، خواوەند ئەو مافەی بەخشیوەتە مرۆڤ.

بۆ میناک، خودا مرۆڤی ئازاد خولقاندوە بەڵام بە پێی شرۆڤەیەکی دیکە، ئاوەزی مرۆڤ بە هەندێک یاسا و ڕێسای ناچارەکی ئاکاری و حقووقی وا حوکم دەکا و ئەوانی پێ شیاو و ژیرانە و هاوڕێک لەتەک سرشتی مرۆڤ داناوە و وەها دروست و دادپەروەرانەی دەبینێ کە هیچ کەسێک ناتوانێ ڕەدی بکاتەوە. وەک نموونە، داسەپاندنی هەڵاواردن بە هۆکاری ڕەنگی پێست و ڕەگەز، ژینۆساید و میناکی دیکە بە پێچەوانەی فامی ئاوەزی و سرشتی ئینسانی دەژمێرێ. لەڕاستییدا بە پێی ئەم بۆچوونە، ئاوەز و هەستی ئاکاری مرۆڤ بە شێوازێکی ڕوون، لە ناحەزیی ئەو ڕەوشت و ئاکارانە دەگا و ئەمە ئاماژەیەکە کە زنجیرەیەک نۆرم و بەها دنیاداگرەکان بوونی هەیە کە بە یارمەتیی ئەوانە دەتوانین ئەم جۆرە ئاکارانە هەڵسەنگێنین و مەترسی و نزمییان لێک بدەنەوە.

بە سەرنجدان بەو باسانەی سەرەوە، دەتوانین کاتێک کە مافی مرۆڤ پشتئەستوور بە مافی سروشتی دابنێین، خاوەن تایبەتمەندیی ژێرەوە دەبێ:

١) ئاوەزمەندییە، واتە مرۆڤ بە هاوکاریی ئاوەز و ژیری خۆی دەتوانێ ئەم مافانە بناسێ و هەڵیانسەنگێنێ.

٢) زاتی و سروشتین، واتە دەگەڵ سروشت و سرشتی ئاوەزمەندانە و ئاکارییانەی مرۆڤ هاوتەریبە و بە هۆکاری ئاکاری_ئاوەزی بوون، بانتر لە ڕەوشی بەشەردایە و لە لایەن ئەو، هێژای وەلانان و نەهێشتن نییە.

٣) ئەم مافانە جیهانگرن.

٤) بەڵگەنەویست، نەگۆڕ و سەلمێنراون، واتە بە تێپەڕینی کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایێ.

٥) ڕێژە و پێوانەی هەر جۆرە یاسا و ڕێسایەکی بەشەرییە.

بەڵام ئارێشەی ئەم بۆچوونە لێرەدایە کە بە هاوکاریی ئەو ناتوانین بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بوونی زنجیرەیەک یاسا و ڕێسا بە ناوی مافی سروشتی سەرتر لە یاسای ڕۆنراو چۆن وێنا دەکرێ؟ ئەم مافانە لە کوێ و بە چ شێوازێکی بوون بەهرەمەندە و چۆن دەتوانین پێیان بگەین؟

١) ئایا لە ڕەوشی مرۆڤی هەڵدێنجین و ئاکامی مەنتقی ڕاڤەگەلێکە کە باس لە کاروباری پێشهاتە دەکەن؟

٢) ئایا لە زانستی خوا و خواستی ئاکاری ئەو بناغەی داکوتاوە؟

٣) ئایا خۆی بەشێکە لە ڕێسا و یاسای ئاکاری؟

شیکردنەوەی «بوون» و «دەبێ» لە ڕێسا و یاسا هەڵدەکرێندرێ؟ ئەگە دان بە بژاردەی یەکەمدا بێنین، جیاوازی هەیە لە نێوان، لێکدانەوە و شیکردنەوە لە بوونی تشتێک کە لە دەرەوەدا زانیاری دەگەیەنێ، دەگەڵ ئەو ڕاڤانەی بڕیار بۆ چاکە و خراپەی کردەوەیەک و پێویستی یان وازهێنانی کردارێک دەکا. ئەو ڕاڤانەی کە باس لە ڕەوشی جیهان و ئینسان دەکەن لە بژاردەی یەکەمن، واتە باس لە بوون و ژیواری (هستی) شتێک دەکەن و ئەو شیکردنەوانەی جۆری دووهەم باس لە بوون و ژیواری شتێک ناکەن، بەڵکوو بڕیار لەسەر ئەنجام دان یان مانای دەدەن. یاسا و ڕێساگەلی حقووقی لە جۆری دووهەمن، واتە لە «نابێ» و «دەبێ»یەکان کردەوەیەک یان خۆپارێزییەک دەکا کە ئەمە پێوەندییەکی لۆژیکیی نییە.

بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم بابەتە، ئەو ڕاستییەی کە توانایی بەرهەم هێنانی وەچە دەنێو سرووشتی مرۆڤدایە، ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کەوابوو بەرهەمی تۆرەمە بۆ مرۆڤ پێویستە.

بژاردەی دووهەم بۆ لایەنی بۆچوونی ئۆلی و ئاسمانییەکان و لە باشترین حاڵەتدا قبووڵکردنی ڕێکوپێکیی زاتی خوا لە جیهان دەگەڕێتەوە. بەڵام گرفتی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەمری خوایی و تەکووزی خودایی بە شێوازی فەڕتاو (وحی) و ئۆل شیاوی تێگەیشتنە. ئەوەی کە ئێمە دەیبینین فرەیی ئۆل و ئایینەکانن کە هەرکامیان مافی بەرامبەر و وەک یەک بۆ شوێنکەوتووانی بەرامبەری خۆیان نییە و دووهەم، ناکۆکی و ناتەبایی بەنیسبەت زۆر بە گێڕانەوەی فەرمی و مافی مرۆڤی بوونی هەیە. پرسی باوەڕە ئۆلییەکان لەم بەستێنەدا و ڕوانینی بۆ مافەکانی سروشتی دژوازییەکی زۆری لەتەک یەکتر هەیە.

**درێژەی هەیە....**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 772 19 April 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com


هەردی سەلیمی

# یادی یاران

**پارچە گۆشتێکە دڵی من ڕوو نییە**
**نالەنالی من درەنگە زوو نییە**

هێمن زۆر زوو ناڵاندی بەڵام خۆی پێی درەنگ بوو، لە ڕاستییشدا درەنگ بوو بۆ نەتەوەیەک کە داوای مافی دەوڵەتداریی دەکرد. گەلی کورد لە پرۆسەی بەنەتەوە بوون و لە ئاکامدا دەسەڵاتداریی کوردی بەجێ مابوو و چەند هەلی ڕەخساوی لەدەست دابوو؛ ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر بنەماکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری، دەروونی و کولتووری و هتدی کورد دانابوو. یەکێک لە دیارترین و بەرچاوترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم دواکەوتنە لە بواری کولتووری بە هەموو لق و پۆکانییەوە خۆی دەردەخست. زۆر یەک لە نەتەوەکان بە دیاریکراوی یەهوودییەکان لە ڕێگەی سینەما و هونەرەکانی دیکەی سەردەم بەشێکی زۆر لە ئازارەکانیان بە جیهان ناساندبوو و، سەمپاتیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی سەرانسەری جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو. نەتەوەی کورد لەم بوارەشدا بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و لۆکاڵیبوونی هزری کەسایەتییەکانی شتێکی تایبەتی بۆ وتن و نواندن نەبوو؛ تەنانەت لە بواری شێعریشدا کە ماوەیەکی زۆر بوو پێنووسی شاعیران هەست و نەستی کلیشەیی تاکی کوردیان هێنابووە سەر لاپەڕە، بەڵام بە وشەگەلی ڕۆمانتیک و هەستەکیی عەرەبی.

باشووری کوردستان بە هۆی ئەوەی لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی بریتانیاییەکان بوو هەر لەبەر ئەوەش جیهانبینیی ئێلیتەکانی ئەم بەشە لە کوردستان زووتر پێی هەڵگرت، وەک نموونە مامۆستا گۆران لە دوای ئەوەی بە ناچاری و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی سەربازییەکەی نێردرایە فەلەستین؛ ئەم گەڕان و بینینی خەڵکانی نوێیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەر بوو لەسەر جیهانبینی و ڕوانینی ئەم شاعیرە گەورەیەدا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتەکە جیاواز بوو، بەڵام لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆمەڵێک لە لاوانی بژاردەی ئەم کۆمەڵگە چکۆلەیە دەرفەتی خۆدەرخستنیان بۆ هەڵکەوت؛ پێشەوا قازی محەممەد لەم بوارەدا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا و بە ناردنی پۆلێک لەم کەسانە بۆ دەرەوەی وڵات کەسانی وەک مامۆستا حەسەنی قزڵجی –باوکی چیرۆکنووسیی کوردی– بەرهەم هات. لە ڕووی نێوخۆییەوە دیسان پێشەوا وەک کەسایەتییەکی دووربین بە ڕێگەدان و هاندانی لاوان و دواتر بۆ بزواندنی بەردەوامیی چالاکییەکانیان بە دیاریکراوی نازناوی شاعیری گەلی بە مامۆستایان هەژار و هێمن بەخشی. جارێ هەتا ئێرە دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم تەنیا گەورەیی پێشەوا لەم بارەوە دەردەکەوێ، کە هەتا چ ڕادەیەک گەورانە و باوکانە دەستی ناز بەسەر لاوانی ئەم گەلەدا بێنێ و سەرەڕای کرچ و کاڵ بوونی شێعرەکانی ئەو سەردەمەیان ئەم نازناوە گەورەیان پێببەخشێ. (ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد لە دروستکردنی کەسایەتیی بژاردە بە تایبەت لە بەستێنی ئەدەبیی گەلی کورددا، پێویستە لە بابەتێکی تایبەتدا شیکاریی بۆ بکرێ).

لە دوای ڕووخانی کۆمار و ئاوارە بوونی بەشێکی بەرچاو لەم کەسانە بۆ نموونە مامۆستا هێمن، وەرزێکی نوێ لە دنیای هونەر و ژیانی تایبەتییان دەستی پێکرد. هێمنی بەروپشت ئەتلەس بە هۆی دەردەکوردەوە ئاوارەیی، برسیەتی و دەردی دووریی زۆری چێشت، بەڵام هیچ کام لەم ئازار و ناسۆرانە شلۆیان نەکرد و بەڕاستی هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕاستەقینەی ڕێگەی "عیشق" و "ئازادی" بوو. ئەو ئاشقی گەلەکەی بوو، ئەو نازناوەی پێشەوا لێی نابوو بە دڵنیاییەوە لەگەڵ گەورەیی پێبەخشین قەرزباریشی کردبوو و بۆیەش هیچ کات لە ڕێگەی خۆشەویستییەکەی لای نەدا؛ لەو کاتەدا کە دەیهەوێ بڕوا و سەر پێوە نێ لەگەڵ زام و دەرد و ئێش و بێهیواییەکانی، سۆزی بۆ چڵکی یەخەی کرێکار، کەفی سەر شانی جووتێر، ناڵەی نیوە زیندووان، هەناسەی ساردی ئاواران، ڕووناکبیرانی ئەشکەنجەدراو، داوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ و ئانیشکی پینەکراوی زەحمەتکێشان، نووکەی بێوەژنان و زیڕەی منداڵان و هانکەی ماندووان، کتێب و دەفتەرەکانی کە دڕاون، دڵۆپی خوێنی لاوان و تکەی فرمێسکی کچانی نەتەوەکەی ڕایدەچڵەکێنێ و وەبیری دێنێتەوە کە شاعیری گەلەکەیەتی و بەخۆدا دێتەوە و ئاسۆی ڕوونمان لە دوورەدەستێکەوە نیشان دەدا.

جیاکردنەوەی هێمنی ئاشق و ئازادیخواز ئەستەمە، هێمن ئاشقی ئازادی بوو و ئازادیی بۆ ئاشق بوون و دەربڕینی ئیشقەکەی و گەیشتن بەو ئیشقە خۆش دەویست. شێعرەکانی بانگەوازی هەموو توێژەکان بوو و هاوکات هەموو ئەو توێژانەی دەکردە بەردەنگ و ئامۆژگاریی تایبەتی بۆیان هەبوو. پاڵە و کرێکار، شێخ و مەلا و ئاغا و میر، کیژ و کوڕی شوان و گاوان، خوێندکاران و لاوان و منداڵان و ... ئەو پێی وابوو کە میرزاکانی سەردەم ببنە ڕووناکبیر و چینی چەوساوەیان وریا کردەوە ئەو کات ماڵی میر و مەزن و خوونکار دەشێوێ. وەک خۆی هیچ کات لە ئاگادارکردنەوەی گەلەکەی دەستی هەڵنەگرت و بەردەوام هەوڵی پێشخستنیانی دا و کیژانی ئەم نیشتمانەی هان دا پەچە بدڕێنن و دەرکەی بێدەرکان بشکێنن و بچنە مەدرەسە، چونکە دەردی کوردەواریی لە نەخوێندندا دەبینی و پێی وا بوو تەنیا چارەکەشی خوێندنە و هەر خوێندنە.

نیشتمانەکەی ئاوێتەی یەکتر کرد.

داستاییڤسکی دەڵێ: "هەموو دڵەڕاوکێی ژیانم ئەوەیە نەوەک شیاوی ئازارەکانم نەبم." گەورەکان دەزانن ڕێگەی گەیشتن بەو گەورەییە بە ئازارستاندا تێدەپەڕێ، ئەگەر وا نەبێ یان کەسەکە شیاوی چێشتنی ئەو ئازارە نەبووە یان ئازارەکەی بەخۆڕایی بووە؛ نیچەش دەڵێ: "ئەو شتەی نەمکوژێ بەهێزترم دەکا." هێمنی ئاوارە و دوورە وەتەن هەر بە هۆی دەردە کوردەوە گا لە دەشتێکی گەرمەسێر و جاری واش بووە لە کوێستانەکان قۆنداغە تفەنگێکی کردووەتە سەرین و سارد و گەرمیی ڕۆژگار نەماوە نەیچێژێ. هێمن کە ئێستا لە کەناری سەربەرزییدا پاپۆڕی شکاوی لەنگەری خستوە، ئەم سەرکەوتنەی بەرهەمی ئەوەیە کە لەو دەریا تۆفانییەدا گێژی خواردوە و پێچ و خول دراوە بەڵام ساتێ هەدا دانی نەبووە و بە خۆی گوتوە دەبێ ببزوێ، دەبێ بکشێ، نابێ وچان لێبدا. ئەو بڕیاری دابوو کە بگاتە ئاسۆ و بۆ ئەم مەبەستەش باڵی گرتبۆوە هەرچەندە ڕێگەی پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێر و گەو بوو بەڵام هەرگیز پاڵی بە شەیتانەوە نەدا و بەرەو تاریکی نەخشا.

یادی یاران و وڵاتی خەو و خواردنی لێ حەرام کردبوو، ئەم دەردی دووری و وشیارییە هێنابوویە ناڵەیەک کە نەیێش نەیکردبوو،



هێمن تەنانەت لەو کاتەشدا کە گومانی لەوەدا بوو کە هەیە یان نییە پێی وابوو کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزە و کێلی گۆڕی شەهیدێکی ونناوە، ئەو کە گەیشتبووە لووتکەی هونەر و گۆڕەپانێک لە فیداکاری بوو بە چاوپۆشی لە هەموو گەورەییەکانی و بەو پەڕی خاکیبوونەوە خۆی تەنیا بە خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کورد دەزانی. لەو سەردەمەدا کە کوردی نووسین و ئاخاوتن بە کوردی حەرام بوو، ئەگەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەرد بوو لە سۆنگەی کورد بوونیەوە بەڵام قەت نەبەزی و بە بانگێکی بەرز هاواری دەکرد کوردم ئەمن. لە خۆشترین ساتەکانیشیدا نیشتمانی داگیرکراوی خۆی لە بیر نەکرد و خەمی لە ڕزگارییەکەی دەخوارد؛ هێمن گلەییەکی ئاسایی لە بێوەفایی یارەکەی ناکا و پێی سەیرە کە بەڵێن دەشکێنێ، ئەخر پێی وایە لە نێو کورددا پەیمان شکاندن نەبووە. بۆ هێمن نیشتمان ماشقەی سەرەکیی بوو و ئەوانی دی لاوەکی بوون.

سیزیفئاسا دەرد و ڕەنجی کوردبوونی لە کۆڵ نا و بەرەو بەرزترین لووتکەکان هەڵکشا و ئەم ڕێگەیەی بڕی هەتا عیشق و ئازادیی شیوەنی ئینسانی و گرووی بۆ یەکسانی و گەلێکی حاشالێکراو ئەوکی گرتبوو، بۆیە بەڵێنی دابوو کە دێت و دێت و ... ئەو کە کورد بوو پەیمانی نەشکاند، هات وەکوو سرووەی بەیانانی بەهار، هات و سەلماندی هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی؛ نەشگلا و هات و تەنانەت بە کەنفتییش ژیانی تەرخانی زمانی گەلەکەی و خاکی نیشتمانەکەی کرد. ئێمەی کە چەند نەوە دوای ئەو بووین، فێری کوردی بیرکردنەوە و کوردی نووسین و کوردانە ئاشقی ئازادی بوون کرد.

لە دوای خۆ تەرخان کردن و فیداکاریی هێمنەکان بۆمان دەرکەوتوە کە ئەم گەلەش دەتوانێ هونەری هەبێ و لە ئاستێکی بەرزیشدا خۆی بنوێنێ و لەم ڕێگەیەوە خۆی بە جیهان پێشکەش بکا، لەم بابەتەدا نابێ ڕۆڵی سەرەکی و گرینگی کۆماری کوردستان و پێشەوا لەبەر چاو نەگیرێ کە باوەڕبەخۆیی بە ئێمە (وەک نەتەوەی کورد) بەخشی. هێمن بۆ نەتەوەیەک گەورەیە بەڵام تەواو نییە، ماتەوزەی هەزاران هێمنی دیکەمان تێدایە ئەگەر لێبڕاوانە ئاشقی ئازادی بین.

---

بەر لە ماڵاوایی

# حیکایەتی بەژن‌نەچەماوان


عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

**دوای کۆچی دوایی میرزا حوسێن شەریفی، باوکی شەهید ڕامین شەریفی کە لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندێکی خۆشنووس و کەسایەتییەکی دیار و ناوداری ناوچەی سەقز بوو، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، پەیامێکی سەرەخۆشیی ڕوو بە بنەماڵەکەی بڵاو کردەوە.**

**«کوردستان» وەک وەفایەک بۆ شەهید ڕامین شەریفی و، هەروەها ئەمەگناسییەک دەرحەق میرزا حوسێن شەریفی، کەسایەتیی نیشتمانپەروەری ناوچەی سەقز ئەم پەیامەی لە «بەر لە ماڵاوایی»دا هێناوەتەوە:**



**غەمێکی نوێ**

بە داخێکی گرانەوە ئاگادار بووم کە پێش‌نیوەڕۆی ئەمڕۆ ١٣٩٩\١٠\٢٧ی هەتاوی (٢٠٢٠\٠٤\١٥ـــی زایینی) کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و جێی ڕێزی شاری سەقز میرزا حوسێنی شەریفی بە هۆی نەخۆشی و پیری کۆچی دوایی کردوە. بەڕاستی لەم هەلومەرجە دژوارەی کوردستان و ناوچە و سەرانسەری جیهاندا کە بە هۆی پەتای عالەمگیری کۆرۆناوە غەم بە غەمی دەڵێ ڕێم کە و خەسار بە خەسارێ دەڵێ جێم کە، ئەو هەواڵە دڵهەژێنە بووە «دەردی سەرباری هەموو دەردان» و لە ناخەوە ڕایتڵەکاندم.

غەمی لەدەست دانی میرزا حوسێن هەر لەبەر ئەوە قورس نییە کە بۆ من دۆستێک و سەروەرێک بوو، بەڵکوو کەسایەتیی بەرزی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و فەزل و خوێندەواری و هونەر، بە تایبەتی هونەری خەت‌خۆشییەکەی ئەوی کردبووە خۆشەویستی هەمووان و جێگای ڕێزی خەڵکی شارە شەریفپەروەرەکەی سەقز و هەموو ئەوانە کە لە نیزیکەوە دەیانناسی.

میرزا حوسێنی شەریفی گەلدۆست و وڵاتپارێزێکی گەورە و دڵسۆزێکی کەموێنەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی هەقخوازانەی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەپەرستی وای کردبوو کە یەکێک لە جگەرگۆشەکانی بەناوی ڕامین شەریفی بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی دادخوازانەی نەتەوەکەی ببەخشێ. دەڵێن «گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە». ڕامین نموونەی خەباتگێڕێکی بەوەج و جێگای شانازیی باوکی شۆڕشگێڕی بوو. خوێندەوار، فیداکار، ئازا و بەجەرگ و نموونەی پێشمەرگەیەکی بەبیروباوەڕ.

ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی ڕامین پێشمەرگەی بەدیمەنی حیزبی دێموکرات لە مەئمووریەتێکی حیزبیدا کەوتە داو و بەدیل گیرا. لێرەدا بوو کە باوەڕ و ئیمانی نەلەرزیوی باوک و کوڕ گەشەی کرد و خۆی نواند. ئازار و ئەشکەنجەی جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی سەری تەسلیم بە ڕامین دانوێنێ کە هیچ، وره و گەورەیی میرزا حوسێنیش لەوێدا گوڵی کرد. پێش ئیعدامی ڕامین دژی گەلییەکان بانگی میرزا حوسێن دەکەن و کاتێک لەوە نائومێد دەبن کە ئەو کوڕەکەی هان بدا بۆ پەژیوانی و داوای لێخۆشبوون، پێی دەڵێن: کوڕەکەت شەڕی دەگەڵ خوا کردوە (محارب با خدا)یە، سزاکەشی ئەوەیە یان ئیعدام بکرێ، یان دەست و لاقی ببڕێنەوە. ئەتۆ وەک باوکێک کامیان هەڵدەبژێری؟

بڕوانن لەوکاتەدا کە مەرگی جگەرگۆشە لە ئارادایە، وڵامی باوکێکی قارەمان دەبێ چی بێ؟ میرزا حوسێن دەڵێ ئیعدامی بکەن. جەلاد بە سەرسووڕمانەوە دەڵێ وا دیارە زۆر کەللەڕەقی، چۆن مەرگ بۆ کوڕی خۆت هەڵدەبژێری؟ بە فارسی وڵامیان دەداتەوە: «زیرا جزو استوار قامتان خواهد شد» چونکە دەبێتە یەکێک لە بەژن نەچەماوان. ئەوە بوو کە ڕۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٢ ڕامینی قارەمان «بە سەری بەرزەوە چووە سەر دار». کەچی ئەم کۆستە گەورەیە نە باوەڕی میرزا حوسێنی لەرزاند و نە پێوەندیی ئەوی دەگەڵ حیزبەکەی خۆی و کوڕە شەهیدەکەی پچڕاند. هەتا ئەم ساڵانەی دوایی کە نەخۆشی و پیری بڕستیان لێ بڕی ناوبەناو سەری دەداین و ورەی پێ دەداین. دواتریش لەڕێگای تەلەفوونەوە پێوەندیی خۆی هەر پاراست.

کورتی کەمەوە، دەگەڵ ئەوەی تەمەنی چووبووە سەر، کۆچی دوایی ئەو گەورە پیاوە بۆ حیزبی دێموکرات و دۆست و دڵسۆزانی خەسارێکی گەورەیە و یادی بۆ هەتاهەتایە لە دڵی هەموو ئەوانەدا زیندوویە کە هاودەم و هاونشینی بوون و دەگەڵ فەزل و هونەر و ئیمان و باوەڕی ئاشنا بوون.

بە بۆنەی ئەو کۆستە گەورەیەوە پڕ بەدڵ سەرەخۆشی و هاودەردیی پێشکەشی کوڕ و کچەکانی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵە سەربەرزەکەی و هەموو خەڵکی شارە خۆشەویستەکەی و تێکڕای خەڵکی کوردستان دەکەم. بۆ میرزاحوسێنی لەدەستچوو بەهەشتی بەرین و باوەشی بەزەیی خوا و بۆ کەسوکار و دۆستان و ئۆگرانی سێبووری و سڵامەتی و تەمەندرێژی بەئاوات دەخوازم. ڕۆحی شاد بێ.